


# ئاکاری هاوسەنگی

## (لە پەراوێزی سەردانی
## شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا)



ڕێبوار سیوەیلی*

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

**نەبوونی روونی و گەرانتی لە پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، نەبوونی گۆڕانی بەرچاو لە عەقڵییەتی سیاسیی حکومەتە ناوچەییەکاندا بەرامبەر بە کورد و کێشەکەی و جەختکردنەوەیان لەسەر بە پاشکۆیی مانەوەیان لە چوارچێوەی حکومەتە داخراو و داپڵۆسێنەرەکانی ناوچەدا، بەزۆر و ناچاری مانەوەی هەرێم لەگەڵ عێراق و نەبوونی نەوەیەکی سیاسی لە حکومەتی عێراقیدا کە هوشیاریی بەرزیان لە ئاست مافی گەلی کوردا بیانکاتە ئازادیخواز، نەك میراتگرانی رژێمی بەعسییەکان و دەیان فاکتەری تری وەك بودجە و نەوت، ئێمەیان خستۆتە بەردەم هەڵبژاردنی سیاسەتێك کە ئەرکی دروستکردنی باڵانس بێت.**

هەمیشە سەرکەوتن بنەما نییە بۆ هاوسەنگی، هەرچەندە هەموو هاوسەنگییەك سەرکەوتنێکی مەزنە. هەندێ سەرکەوتن هەن، ئەنجامەکەیان دواتر تێدەگەین. هەندێ خەونیش لە دواییدا دێنەدی و هەندێ ئاواتیش لە کاتی خۆیاندا.

ئێستە ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا لە بارودۆخێکی تایبەتداین. نەك هەر شەڕی داعش و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی دەکەین، بەڵکو شەڕێکی ئەخلاقییش دەکەین تا نەهێڵێن مۆراڵی کۆمەڵگەکەمان دابەزێت، شەڕێکی ئابوورییش دەکەین لەگەڵ ژیاندا تا لە ئامادەیی کێشە ئابوورییە زۆرەکاندا نەبێتە هاندەری خەڵك بۆ نارەزایی دەربڕین و دابەزێنی ئاستی جۆرایەتی ژیان کە سەرەتایە بۆ داڕمانی ئەخلاقی و کولتووری. ئەمە جگە لەوەی دەبێت شەڕی ناو سەنگەری پێشەوەی بواریی پەروەردەییش بکەین، بۆ ئەوەی کەش و هەوای جەنگ بەهای خوێندن و زانست و پەروەردە و فێربوونمان لەلا نەکاتە سفر. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کەوتووینەتە ناو شەڕێکیش لەگەڵ رەیسیزم و جۆرێکیتر لە نەزانی کە رێگە بۆ دوژمنایەتییەکی ناخەکیی خۆشدەکات، تا رۆحمان لە ناوەوە ژەنگ هەڵبێنێ. ئەم شەڕەیان نەك هەر وزەیەکی نەتەوەیی زۆر دەبات، بەڵکو زۆر لەو شەڕەش مەترسیدارترە کە لەسەر سنوورەکان لەدژی، خەبات دەکرێت.

بەمجۆرەش ئێمە تەنیا لە بەرەکانی جەنگدا و بە خوێنی پێشمەرگە و شەڕڤان بەرگریی لە بەهای کوردبوونی خۆمان ناکەین، بەڵکو هەر تاك و دامەزراوەیەك و هەر فەرمانگە و کارمەندێکیش بەو هەدادان و رێگرییەی دەیکەن تا گەندەڵیی و خراپکاری زەفەریان پێنەبات، لە ریزی ئەو تێکۆشەرانە دەژمێردرێن کە بۆ هەمان

**حکومەتی هەرێم هەر تەنیا لەبەردەم شەڕێکی سەربازیدا نییە، بەڵکو پێویستە شەڕێکی کولتووری و ئەخلاقییش بکات لە دژی ئەوانەی شکۆی شەڕی سەربازییمان دەشکێنن**

**ناکرێ بمانەوێ قارەمانی شەڕ لە دژی کۆنەپەرستی و ناموسشکێنی داعش بین و دۆڕاوی بەردەمی کۆنەپەرستانی ناوخۆ و داعشباوەڕان بین**

**دوژمنە فرە ڕەنگەکان لە کونێکەوە تەماشای ئەم وڵاتە دەکەن، ئاخۆ چۆن دەتوانن زەفەری پێبەرن**

**هاوسەنگیی ئەنجامی هوشیارییە بە فۆرمێکی خەباتکردن کە تیایدا برێ لە هەڵپەساردنی گرژییە هەنووکەییەکان پێویستن بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی داهاتوو**

ئامانجی پێشمەرگانە تێدەکۆشن. بەم مانایەش ئێمە ئێستا پێشمەرگەیەکی کۆنکرێتییمان هەیە و رۆحێکی پێشمەرگانە. گەریلا و شەڕڤان و پێشمەرگەی ناو سەنگەرەکانمان هەیە و ئەخلاق و ئاکارێکی شەڕڤانانە و پێشمەرگانە.

ئەوە راستە کە دۆخی ئێمە دۆخی بە پیرۆزکردنی شەڕ نییە، کەس چێژ لەم شەڕە نابینێ و کەسیش خۆزگە بە بەردەوامییەکەی ناخوازێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەموومان بەناچاری کەوتووینەتە ناوی و شەڕ بۆتە بەڵا و لافاوێکی ناگەهان و لە هەرچوار لاوە دەورەی داوین و کاری ئێمەش بۆتە پاراستنی سنوورە دەرەکی و ناوەکییەکانی وڵات. دوژمن و خۆلەبۆسەنەر و هەلپەرستەکانیش یەکدەست و یەك روو و یەکلایەنە نین. ئەوانیش هەرچەندە هەموویان رەنگیان خۆڵەمێشییە، بەڵام هەمەڕەنگ و هەمە چەشن خۆیان دەنوێنن، هەرچەندە هەندێکیان کۆن و داخ لە دڵن، بەڵام زۆریشیان هەر هەبوون و دەمێنن، هەرچەندە هەندێکیان لە توانەوە و گیانەڵادان، بەڵام کەمیش نین ئەوانەی هەر رۆژەو بە هەر بەهانەیەك لە دەرەوە و ناوەوە هەڵدەتۆقن.

لەناو هەموو ئەم کەشوهەوایەدا، راگرتنی باڵانس و هاوسەنگی هونەرێکی مەزنە. هەم لە رووی سیاسییەوە، هەم لە رەهەندی سەربازی و هەم لە ئاستی دیپلۆماسی و هەم لە گۆشەنیگای دەروونی و کولتووریی و کۆمەڵایەتییەوە. ئەمە ساتەوەختێکە پێویستی بەوەیە گشت هێزەکانی نەتەوە (یەك ئامانجی)ی بکەنە دروشم و (پشتگیری)ی بکەنە ئاکاری کوردبوون و کوردستانیبوون. راگرتنی هاوسەنگیی لەوەها دۆخێکدا بۆیە هونەرێکی گەورەیە، چونکە لە رێگەیەوە گەورەیی نەتەوەیی خۆمان دەسەلمێنین لە کاتێکدا زۆرێك لە نەتەوە گەورەکان تەنیا وەك تەماشاکەر ماونەتەوە و لە دووبارەکردنەوەی دروشمی: (کورد شەڕی تیرۆری جیهانیی دەکات)، هیچیتر ناڵێن و ناکەن، کەچی ئەوەی لە بەرەکانی جەنگەوە شەهیدی بۆ دێتەوە هەر کوردەکانن، ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و رۆحی و شوناسی لە مەترسیدایە، هەر ئێمەین. من رێزی زۆر لەو دەوڵەت و رای گشتییەی زۆرینەی میللەتانی ئەورووپی و جیهان دەگرم کە هاوکاریی مەعنەوی و تەنانەت کردەیی کورد دەکەن، بەڵام ئەوەی بە راستی و لە مەیدانەکەدا کۆستی دەکەوێت کوردەکانن و ئەمەش لە یادەوەریی ئەواندا دەسڕدرێتەوە، بەڵام بۆ خێزانە کوردەکان درێژەیە بە ئازارێك کە لانیکەم هەشتا ساڵە لەم بەشەی کوردستاندا دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بارودۆخێکی ئاوارتەیە، بەڵام هەلێکی بێنموونەشە بۆ دامەزراندنی ئەخلاقێکی بەرز کە بتوانێ تەعبیر لە رۆحی ئازادیخوازانەی کورد بکات. ئەخلاقێك بەدوور لە هەر جۆرە چێژبینینێك لە بوونە قوربانی، ئەخلاقێك بەدوور لە رەیسیزم و رقهەڵگرتن. ئەخلاقێك بەدوور لە گشتاندن و دۆست و دوژمن تێکەڵکردن، ئەخلاقی هاوسەنگی و لەدەستنەدانی زەنگینی و گەورەیی نەتەوەیی.

باڵانس، یان هاوسەنگیی دۆخێك نییە لە خۆڕا بێتە ئاراوە، دۆخێکیش نییە بە رێکەوت دروستببێت، هەروەکچۆن دۆخێکیش نییە بە دوعا و نوێژ و پاڕانەوە بەدیار کەوێت. هاوسەنگیی ئەنجامی هوشیارییە بە فۆرمێکی خەباتکردن کە تیایدا برێ لە هەڵپەساردنی گرژییە هەنووکەییەکان پێویستن بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی داهاتوو. سیاسەت و خەباتی هاوسەنگیی ئاستێکی بەرز لە هوشیاریی بەرامبەر بە داهاتوو ئاشکرا دەکات. پێویستە ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییانە لەئارادابن کە لە نێوان خۆیاندا و بە جەختکردنەوەیان لەسەر هاوئامانجی و هاومەبەستی، بەخستنەلاوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان و بە گەورەتر تەماشاکردنی خواستە نەتەوەییەکان لە خواستی گرووپ و حزب و ئایدیۆلۆژیا، هاوسەنگیی بەدەست بهێنن.

بەمجۆرەش هاوسەنگیی هەر تەنیا ئاستێکی ئاسوودەیی دەروونیی تاکە کەس نییە، بەڵکو ئاستێکی هوشیاریی عەقڵیشە کە بە هۆیەوە تاکە کەسەکان و گرووپەکان لە پەیوەندییان بە یەکترەوە دروستی دەکەن، چونکە دەزانن ئەوەی لە داهاتوودا دەیانەوێت پێی بگەن، گەورەتر و بەهادارترە لەوەی بیانەوێ لە ئێستادا بەدەستی بهێنن. لەبەر ئەوە سیاسەتی هاوسەنگی هەر تەنیا دۆخێکی تایبەتی دەروونی و تاکە کەسی نییە، هێندەی ئەوەی سیاسەتێکیشە بۆ بەڕێوەبردن و راگرتنی مەودا و پەیوەندییەکان لە ئاستێکدا کە (بەردەوامی)ی لەسەر حسابی (کۆتاییهێنان) بە هەموو شتێك، نەبێتە قوربانی.

لەوە ئەچێت لە ئێستادا و هەتا داهاتوویەکی دوورتریش سیاسەتی کوردی لە ئاستی کردەیی و مۆراڵیی و دیپلۆماسی و بەڕێوەبردندا لەسەر هەموو ئاستەکانی دەسەڵات و بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییە ئیقلیمی و نیودەوڵەتییەکان، پێویستی بەوە هەبێت ببێتە سیاسەتی راگرتنی هاوسەنگی و رەنگە ئەمە تاقە بژاردەیەکیش بێت لەم هەرێمەدا.

نەبوونی روونی و گەرانتی لە پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، نەبوونی گۆڕانی بەرچاو لە عەقڵییەتی سیاسیی حکومەتە ناوچەییەکاندا بەرامبەر بە کورد و کێشەکەی و جەختکردنەوەیان لەسەر بە پاشکۆیی مانەوەیان لە چوارچێوەی حکومەتە داخراو و داپڵۆسێنەرەکانی ناوچەدا، بەزۆر و ناچاری مانەوەی هەرێم لەگەڵ عێراق و نەبوونی نەوەیەکی سیاسی لە



حکومەتی عێراقیدا کە هوشـــیاریی بەرزیان لە ئاســـت مافی گەلی کوردا بیانکاتە ئازادیخواز، نەك میراتگرانی رژێمی بەعسییەکان و دەیان فاکتەری تری وەك بودجە و نەوت، ئێمەیان خستۆتە بەردەم هەڵبژاردنی سیاسەتێك کە ئەرکی دروستکردنی باڵانس بێت.

ئەم سیاســـەتە لەلایەکەوە، کاتێك ســـەرکەوتن بۆ ئەم قۆناغە بەدەست دەهێنێت کە هەموو لایەنە پێکهێنەرەکانی ناو کایەی سیاســـی هەرێمی کوردســـتان لـــە دەوری دامەزراوە شەرعییەکەی، کە حکومەتی هەرێمە کۆببنەوە و پشتگیریی ئەو هەنگاوانە بن کە پێکەوە دایاندەرێژن و هەمیشـــەش ئەوەیان لە بیر بێت کە نایانەوێت دۆڕاو بن و هەردەمیش پێویســـتە بزانن کە دوژمنە فرە رەنگەکان لە کونێکەوە تەماشای ئەم وڵاتە دەکەن، ئاخۆ چۆن دەتوانن زەفەری پێبەرن. لەلایەکیتریشەوە، پێویستە ئەم سیاسەتە هەموو وزەی خۆی لە توانای بەرگریی لە ئاست دوژمنە دەرەکییەکاندا چڕ نەکاتەوە، هەموو هاوکارییەکیش هەر بۆ بەرەکانی جەنگ نەبێت. ناوەوەی کۆمەڵگەش پێویستی بە وزەی بەرگری هەیە. جەنگ لە دژی گەندەڵییەکان، نایەکســـانی و نادادەوەری، جەنگ لە دژی بەفیڕۆدان و پەنادانی تاوانباران، جەنـــگ لەدژی بازرگانیکردنی بێ پرانســـیپ، جەنگ لەدژی دەسەڵاتی رەهای تاکە بەرپـــرس و بازرگانیکردن بە ســـامانە گشـــتییەکانەوە، جەنـــگ لـــە دژی پیســـیوونی ژینگـــە و جەنگ لە دژی خراپکردنـــی کوالیتـــە و جۆرایەتی ژیان و نەفس نزمکردنی هاووڵاتیـــان و دەیان جەنگیتر، هەموویان وزە و پلان و هێـــزی بەرەنگارییان دەوێت. بردنەوەی کۆتایی بە پیادەکردنی سیاســـەت و ئاکاری هاوسەنگی لە دژی هەموو ئەمانە بەدەست دێت. ناکرێ بەرەکانی شەڕی دژ بە داعش پڕچەك بکەین و بەرەی هەژاریی کۆمەڵایەتی چۆڵ بکەین. ناکرێ بمانەوێ قارەمانی شـــەڕ لە دژی کۆنەپەرســـتی و ناموسشـــکێنی داعش بین و دۆڕاوی بەردەمی کۆنەپەرســـتانی ناوخۆ و داعشـــباوەڕان بین. حکومەتی هەرێم هەر تەنیا لەبەردەم شەڕێکی سەربازیدا نییە، بەڵکو پێویستە شەڕێکی کولتووریی و ئەخلاقییش بکات لە دژی ئەوانەی شـــکۆی شـــەڕی سەربازییمان دەشکێنن.

لەبەر ئەوە سیاســـەتی هاوسەنگی لە هەمان کاتیشدا ئاســـتێکە لە ئاکاری سیاســـی بۆ گشـــت هێزەکان، بۆ گێڕانەوەی گشـــت شـــکۆکان. هەروەکچـــۆن خەڵکیش پیشانیداوە کە هەڵگری ئەم ئاکارە بەرزەیە لەم بارودۆخەدا کە نەك تەنیا شـــەڕی داعش لە ئارادایە، بەڵکو شەڕی هەژاری و نەبوونی مووچە و دابەزینی ئاستی جۆرایەتی ژیانیش هەڕەشەیەکی گەورەن لەسەر مێنتالێتەی خەڵك. بۆیە ئەگەر هێزە سیاسییەکان بەهەمان ئامانج بۆ پەڕینەوە لەم بارودۆخە پشتگیریی یەکتر و حکومەت نەکەن، نەك هەر تەنیا دۆستەکانی دەرەوە و نەتەوەکانیتر نائومێد دەکەن لە تێڕوانینـــی ئیجابییانەیاندا بۆ خەباتی کوردەکان هەر لە کۆبانێوە تا جەلەولا، بەڵکو خەڵکی هەرێمیش نائومێد و مایەپووچ دەکەن کە ئەوە چەندین مانگە کۆژانەکانی جەنگ بۆیان هاتۆتە ناو ماڵەکانیانەوە.

ئەخلاقی هاوســـەنگیی ئاکاری ئـــەو هێز و کەس و لایەنانەیە کە رێز لەم کۆژانەی خەڵك دەگرن.

---

*** مامۆستا لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەڵاحەدین**

**جەنگ لە دژی گەندەڵییەکان، نایەکسانی و نادادەوەری، جەنگ لە دژی بەفیڕۆدان و پەنادانی تاوانباران، جەنگ لەدژی بازرگانیکردنی بێ پرانسیپ، جەنگ لەدژی دەسەڵاتی رەهای تاکە بەرپرس و بازرگانیکردن بە سامانە گشتییەکانەوە، جەنگ لە دژی پیسیوونی ژینگە و جەنگ لە دژی خراپکردنی کوالیتە و جۆرایەتی ژیان و نەفس نزمکردنی هاووڵاتیان و دەیان جەنگیتر، هەموویان وزە و پلان و هێزی بەرەنگارییان دەوێت**

**ئێستە ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا لە بارودۆخێکی تایبەتداین. نەک هەر شەڕی داعش و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی دەکەین، بەڵکو شەڕێکی ئەخلاقییش دەکەین تا نەهێڵین مۆراڵی کۆمەڵگەکەمان دابەزێت**

**ناکرێ بەرەکانی شەڕی دژ بە داعش پڕچەک بکەین و بەرەی هەژاریی کۆمەڵایەتی چۆڵ بکەین**

د. رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراق بۆ گوڵان:

# بودجەی پێشمەرگە
# بە ژمارە دەنووسرێت و خەرجکردنی
# نەبەستراوەتەوە بە هیچ مەرجێکەوە



**نەوتی کەرکوک رێگەیەکی ستراتیژی تازەی بۆ دۆزراوەتەوە و ئەو رێگەیەش بۆرییە نەوتییەکانی کوردستانە**

■

**رێککەوتنی ئەمجارەی نێوان هەولێر و بەغدا بەرەنجامی هاوسەنگیی هێزەو حکومەتی عێراق ناتوانێت جێبەجێی نەکات**

■

**پەرەگرافێکمان لە ناو پرۆژەی بودجە زیادکردووە هەر لایەنێک پابەند نەبێت بە جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتنە لایەنەکەی دیکە مافی خۆیەتی جێبەجێی نەکات**



گوڵان- بەغدا

**ڕێککەوتنی ئەمجارەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق لەسەر پرسی بودجەی عێراق، لەگەڵ ئەوەی ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە نییە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی نێوان هەردوولا، بەڵام ڕێککەوتنێکی زۆر گرنگە لەسەر پرسێکی هەستیار و چارەسەرکردنی بودجەی پێشمەرگە و کێشەی نەوتی کوردستان لەناو پرۆژەی بودجەی عێراقدا، ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنە کۆمەڵێك پرسی گرنگ لە خۆی دەگرێت کە ژێرخانی سەروەریی بۆ کوردستان دادەمەزرێنێت، وەك دانپێدانان بە هێزی پێشمەرگە وەك بەشێك لە سوپای دەوڵەتێکی فیدراڵی، دانپێدانان بە کۆنترۆڵکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەلایەن پێشمەرگە و لەسەرووی هەمووشیانە کەرکووك، هەروەها ڕازیبوون بەوەی نەوتی کەرکووك بە ڕێگەی بۆرییە نەوتەکانی کوردستان بگوازرێتەوە بۆ بەندەری جیهان لە تورکیا، ئەمەش مانای ئەوەیە حکومەتی عێراق نەك هەر ئیعتراف بە سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵکو ئیعتراف بە شەرعییەتی بۆرییە نەوتییەکانی کوردستانیش دەکات، ئەم بۆرییانە ستراتیژیەتی گواستنەوەی نەوتی کەرکووك دەگۆڕێت و بەکوردستانەوە گرێی دەداتەوە، لەمەش زیاتر ئەم ڕێککەوتنە لە حاڵەتی جێبەجێنەکردنی لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە دەستی هەرێمی کوردستان واڵا دەکات بۆ ئەوەی ئەویش پابەند نەبێت بەو ڕێککەوتنە و ئەوکات هەرچی بکات شەرعیەتی نێودەوڵەتی دەبێت، هەروەك چۆن نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە دەستخۆشییان لە هەردوولا کرد، بۆ قسەکردن لەسەر ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنە، پەیامنێرمان لەبەغدا ئەم وتووێژەی لەگەڵ بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق ئەنجامداوە ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا بە وەرچەرخانێکی گەورە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق لەقەڵەم دەدرێت و هەست دەکرێت گۆڕانکارییەك لە ئەقڵییەتی سیاسیی حوکمڕانانی عێراق هاتۆتەئاراوە، وەك جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق چۆن سەیری ئەم ڕێککەوتنە دەکەن؟**

- من ناتوانم پێی بڵێم ئەمە گۆڕانکارییە لە ئەقڵییەتی سیاسیدا، بەڵکو ئەقڵییەتەکە گۆڕاوە بۆ بۆچوونی ئەوانەی حکومەتی تازەی عێراقیان پێکهێناوە و کەسەکان جیاوازن لەوانەی پێشتر، هەر بۆ نموونە کەسانی وەك حەیدەر عەبادی، ئیبراهیم جەعفەری و عادل عەبدولمەهدی بەشێوەیەکی دیکە بیر دەکەنەوە، بۆیە ئەمە حکومەتێکی هاوپەیمانییە و بیربۆچوونی هەمەجۆری تێدایە، هەروەها بەشێکی لە ڕوانگەیەکەوە سەیری پرسێك دەکات و بەشێکی دیکەشی لە ڕوانگەیەکی دیکەوە سەیری دەکات، بەڵام هەڵوێستی گشتی ڕێککەوتنە لە نێوان ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانەدا، بەتایبەتیش لەسەر پرسی بودجە و زوڵمی بودجە، کە پرسی نەوتیش لەناو مەسەلەی بودجەدایە، ڕێککەوتن لەسەر ئەم پرسانە مانای ئەوە نییە ڕاوبۆچوونی حکومەتەکە گۆڕابێت، بەڵام مانای ئەوەیە حکومەت بە سەرۆکایەتی وەزیران و هەموو وەزیرەکانەوە زۆرینەیان لە باری ئابووری و دارایی و ئاسایش و سیاسیی عێراق بە بەراورد بە زۆرینەی ناو کابینەکەی پێشتر باشتر تێگەیشتوون، هەروەها باشتر لە بارودۆخی کوردستان تێگەیشتوون، لە هەمان کاتدا نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، ئەمساڵ وەك ساڵانی پێشتر نییە، پرسی ئابووری لە کوردستاندا بەرەو پێشەوە چووە، پەیوەندییەکانی کوردستان لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی زیاتر بەرەو پێشەوە چووە، کوردستان لە ئاستێکی دیکەدایە، کوردستان قۆناخی سەختی بڕی و بۆ ماوەی نۆ مانگ بودجە و مووچەی کە مافی خۆیەتی، لێی بڕا، وێڕای ئەو شەڕە سەختەی داعش و ئەو هەموو پەنابەرەی کە هاتوونەتە کوردستان، لەگەڵ ئەوەش دەسەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر جوان ئیدارەی ئەو بارودۆخەی کردووە و بە هاوکاری خەڵکی کوردستان بارودۆخە سەختەکەی تێپەڕاندووە، بۆیە ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر حکومەتی عێراق گوشاری زیاتر بکات، لەوانەیە کوردستان لەو گوشارانە بێمنەت بێت و بتوانێت بەبێ بودجەی بەغداش وڵاتی خۆی بە باشی بەڕێوەبەرێت. بۆیە لەبەر ئەم هۆکارانە و هۆکاری دیکەش بوونە هۆی ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق بێتەئاراوە.

*** لە ڕێککەوتنی ئەمجارە هەستدەکرا ئاستی وتووێژەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق هاوسەنگی پێوە دیار بوو، بەغدا ئەمجارە بە زمانی لێکتێگەیشتن قسەی دەکرد، نەك زمانی هێز، ئایا هۆکاری دروستبوونی ئەم هاوسەنگییە چی بوو؟**

- حکومەتی فیدراڵی عێراق لە ئێستادا بێجگە لەوەی کێشەیەکی سیاسی گەورەی هەیە، لە هەمانکاتدا کێشەیەکی گەورەی دارایی و ئابووریشی هەیە، بۆیە هەوڵدەدات لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێکبکەوێت بۆ ئەوەی کێشەی سیاسیی کەم ببێتەوە، هەروەها لەگەڵ هەرێم ڕێکبکەوێت بۆ ئەوەی باری ئابووری خۆی ڕاست بکاتەوە، لەمەش خراپتر لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بەرامبەر یەکتری وەستان، بەڵام دوژمنێکی هاوبەشیش کە داعشە ڕووبەڕووی هەردووکیان بۆتەوە، لەمەش زیاتر هەتا ئێستا حکومەتی فیدراڵی نەیتوانیوە ئەو بڕە نەوتە بەرهەم بهێنێت کە لە پلانی ئابووریی خۆیدا دیاریکردووە و بریتییە لە بەرهەمهێنانی سێ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، تەنیا ٢,٤ ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، هاوکات بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانیشی نەناردووە، بەڵام نەیتوانیوە ئابووری خۆی ڕێکبخات، بۆیە لە ئێستا هەم پێویستی بە زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت هەیە، هەمیش پێویستی بە زیادکردنی سەرچاوەکانی داهاتی هەیە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا حکومەتی عێراق لەم بارودۆخە تایبەتەی تێی کەوتووە، چۆن دەتوانێت سەرچاوەی داهاتی خۆی زیادبکات؟ بێگومان تەنها ڕێگە ڕێککەوتنە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنە داهاتی نەوت بۆ هەموو عێراقە، بەوەش شتێکی لە هەرێمی کوردستان دەست دەکەوێت، هەروەها هەناردەکردنی نەوتی کەرکووکە لەبەر ئەوەی ئێستا ئەو نەوتە ناتواندرێت بفرۆشرێت و هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ هەناردەکردنی، دیارە بەپێی ئەم ڕێککەوتنە ڕۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل بە ڕێگەی بۆڕییە نەوتییەکانی کوردستان هەنارده دەکرێت، ئەمەش تەنها ڕێگەی خێرایە بۆ ئەوەی باری ئابووریی عێراق ڕێکبخرێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەمە نەکات، دەبێت قەرزی نێودەوڵەتی بکات، بۆ ئەمەش لەم بارودۆخەی عێراقدا هیچ لایەك ئامادە نییە بەو قەبارە گەورەیەی عێراق پێویستی پێیەتی قەرز بەم وڵاتە بدەن، لەبەر ئەوەی لەباری واقیعدا بەهۆی شێوازی حوکمکردنی حکومەتەکانی پێش ئەم حکومەتە، هەتا ئێستا حکومەتی عێراق جێگەی متمانە نییە، بۆیە ئەم بارودۆخە هاندەر بوو، نەك هەر بۆ ئەوانەی قەناعەتیان بەوەیە لەگەڵ کوردستان ڕێکبکەون، بەڵکو هاندەر بوو بۆ ئەوانەشی بڕوایان بە ڕێککەوتن نەبوو لەگەڵ کوردستان، کە ئەمجارە ڕێکبکەون و ئەم ڕێککەوتنە بێتەئاراوە.

*** خاڵێکی سەیر لە وتووێژەکانی ئەمجارەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، ئامادەبوونی حوسێن شەهرستانی کە پێشتر دۆسێی نەوتی عێراقی لا بوو، هۆکاری ئامادەبوونی حوسێن شەهرستانی چی بوو؟ هەروەها شەهرستانی وا ناسراوە کە سەرچاوەی کێشەکانە لە دۆسێی نەوتی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق، ئەی چۆن توانرا بە ئامادەبوونی ئەو بگەنە ڕێککەوتن؟**

- ئامادەبوونی حوسێن شەهرستانی لەبەر ئەوە بوو کە ئەو ماوەیەکی زۆر دۆسێی نەوتی عێراقی لەبەر دەست بووە و لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردووشدا ئاگاداری دۆسێی نەوتی کوردستان بووە، خۆیشی پیاوێکی بەئەزموون و زیرەکە، ئەوەی وادەکات بۆچوونی حوسێن شەهرستانی لەگەڵ بۆچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەك نەگرێتەوە، ئەوەیە ئەو بۆچوونێکی سەنتراڵی هەیە و دەیەوێت هەموو دەسەڵاتەکانی سیاسەتی نەوتیی سەنتراڵی بێت، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا خۆی سیاسەتی نەوتی خۆی دابڕێژێت و خۆی ژێرخانێك بۆ پیشەسازی نەوتی دروست بکات و خۆی نەوتی خۆی بفرۆشێت، بەڵام داهاتەکەی بۆ هەموو عێراق بێت، بۆیە ئەم سەنتراڵییەی حوسێن شەهرستانی دەستوور پشتگیری لێناکات، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە شەهرستانی واقیعییانە باری ئێستای عێراق دەخوێنێتەوە، هەروەها ئاگاداری بارودۆخی کوردستانە، بۆیە بانگهێشتیان کرد بۆ ناو کۆبوونەوەکە و لە کۆبوونەوەکەشدا ڕۆڵێکی نەرێنی نەگێڕا، بەپێچەوانەوە ڕۆڵێکی ئەرێنی گێڕا و ئەمەش ڕاستییە و دەبێت بگوترێت، بەڵام ئەو لایەنە بۆچی شەهرستانی هێنا؟ بێگومان لەبەر ئەوە بوو ئەو ڕێککەوتنەی پێی دەگەین شەهرستانیش پشتگیری بکات. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم ڕێککەوتنە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی هەموو لایەك بێت و دواتر هیچ لایەك خۆی نەکاتە دژی ڕێککەوتنەکە. ئەمەش شتێکی باش بوو.

*** خاڵێکی گرنگی دیکەی ئەو ڕێککەوتنە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووکە بە ڕێگەی ئەو بۆڕییە**

**زمانی بودجە دەبێت زمانی بودجە بێت و باسی ژمارە و داهات و چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو داهاتە بکات، لەسەر پرسی نەوت لە ساڵی پار ئەوان داوای ژمارەیەکیان دەکرد کە کوردستان توانای بەرهەمهێنانی ئەو بڕەی نەبووە، بۆیە ئەوە وەک بیانوویەک بوو بۆ ئەوەی بودجەی کوردستان ببڕن**

**کێشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کێشەی حکومەتە کۆنەکانی عێراقە و بۆ ئەم حکومەتە تازەیە ماونەتەوە، هەندێکیشیان کێشەی قووڵن و ناکرێت بە سەردانی شاندێک بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ئەو کێشانە هەموویان باسبکرێن و چارەسەر بکرێن**

**نەوتییانەی هەرێمی کوردستان، ئایا تاچەند کەرکووک بۆتە بەشێك لە وتووێژەکانی ئەو رێککەوتنە و تاچەند ئەم هەنگاوە بۆ ئایندەی کەرکووك گرنگە؟**

- ئەو نەوتەی لە کەرکووك بەرهەم دەهێنرا و هەناردەی دەرەوە دەکرێت، لەسەداسەدی لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، بەپێی دەستووری عێراقیش ئەو ناوچانە بە هەماهەنگیی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان ئیدارە دەکرێن، بەڵام هەتا ئێستا ئەم هەماهەنگییە نەبووە و حکومەتی فیدراڵی خۆی باڵادەست بووە لە ئیدارەی ئەو ناوچانە، هەروەها ماوەی ساڵێکیشە نەیتوانیوە بەشێوەیەکی رێکوپێك ئەو نەوتەی کەرکووك بەرهەم بهێنێت و هەناردەی دەرەوەی بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەبووە، یەکەم ماوەیەکی زۆر بوو تیرۆریستانی داعش ئەو بۆرییە نەوتییانەیان دەتەقاندەوە کە نەوتی کەرکووکی هەناردە دەکرد، دوای ئەوەی داعش موسڵیشی داگیرکرد، ئەوا بۆرییەکە بە تەواوەتی کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی تیرۆریستانی داعش، ئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی هەناردەکردنی نەوت رابوەستێت. هەتا داعشیش لە موسڵ بێت، ئەوا ناتوانرێت نەوتی کەرکووك بەو بۆرییەی پێشتردا هەناردە بکرێت، هەر بۆیە ئەو نەوتەی ئێستا لە کەرکووك بەرهەم دەهێندرێت، بڕێکی کەمە و لەوانەیە تەنها بەشی پێداویستی ناوخۆیی بکات، بۆیە ئەگەر ئەو نەوتە بەرهەم نەهێندرێت و هەناردە نەکرێت، ئەوا لەوانەیە زیانی بۆ بیرە نەوتەکانیش هەبێت و بیرەکە بەرهەمهێنانی وەك پێشتر نابێت، بۆیە پێویستە لەلایەك ئەو نەوتە دەربهێندرێت و هەناردە بکرێت، لەلایەکی دیکەش پێویستە رێگەی هەناردە کردنەکەی سەلامەت بێت، لە ئێستاشدا لە بۆرییە نەوتییەکانی کوردستان سەلامەتتر نییە بۆ ئەوەی نەوتی کەرکووك بگەیەندرێتە بەندەری جیهان لە تورکیا، ئەم رێگەیەش هەم بۆ کوردستان و هەم بۆ عێراقیش سوودی هەیە. بۆیە کە لە رێککەوتنەکەدا هاتووە: «حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگەدەدات رۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووك هەناردە بکات» ئەمەش وەك خاڵی یەکەم دانپێدانانێکی رەسمییە بە شەرعییەتی بۆرییە نەوتییەکانی کوردستان و خاڵێکی زۆر گرنگە، خاڵی دووەم ئەوەیە ئەو نەوتەی لە کەرکووك بەرهەم دەهێندرێت، رێگەیەکی ستراتیژی تازەی بۆ دۆزراوەتەوە، خاڵی سێیەم ئەوەیە ئەو رێگە ستراتیژییە خاکی کوردستانە، ئەمەش مانای ئەوەیە کەرکووك بە کوردستان دەبەستێتەوە، هەرچەندە ئەم پرسە تا ئێستا بە فەرمی بڕیاری لەسەر نەدراوە بەوەی کەرکووك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کێشەی کەرکووك ئاسانتر چارەسەر ببێت. بایەخی کەرکووك بۆ عێراق نەوتە، ئەو نەوتەش ئێستا بە رێگەی کوردستان هەناردە دەکرێت، ئەمەش دەستکەوتێکی ماددی گرنگە بۆ عێراق.

*** ئەم رێککەوتنەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی تەنها لە سەر پرسی بودجە و مووچە بووە، بەڵام کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا زۆرن، ئایا باسی ئەو کێشانەتان کردووە، یان کۆبوونەوەکان بەردەوام دەبن؟**

- کێشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کێشەی حکومەتە کۆنەکانی عێراقە و بۆ ئەم حکومەتە تازەیە ماونەتەوە، هەندێکیشیان کێشەی قووڵن و ناکرێت بە سەردانی شاندێك بۆ ماوەی دوو رۆژ ئەو کێشانە هەموویان باسبکرێن و چارەسەر بکرێن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بۆ ئەو کێشانەی گەیشتوونەتە رێککەوتن، ماوەیەکی زۆرە ئامادەکاری بۆ کراوە و سەردانی هەرێمی کوردستانیش کراوە، واتە چارەسەرکردنی کێشەکان ئامادەکاری دەوێت، بۆیە ناتوانرێت لەماوەیەکی کورت، یان لە دانیشتنێکدا ئەو هەموو کێشانە چارەسەر بکرێن. هەر بۆیە لەم رێککەوتنە جەختکردنەوەی سەرەکی لە سەر بودجە و پرسی مامەڵەکردنی نەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی پێشمەرگە بووە لە ناو بودجەکەدا، هەروەها جەختکردنەوە بووە لەسەر ئەو زمانەی بودجەکەی پێدەنووسرێتەوە. خۆتان دەزانن ئەو زمانەی پار و پێراریش بودجەی پێنووسرابوو، بودجەی کردبووە یاسای سزادان و چەندین بڕگەی تێدابوو بۆ سزادانی کوردستان دانرابوون، بۆیە لەسەر ئەوە رێککەوتووین کە زمانی بودجە دەبێت زمانی بودجە بێت و باسی ژمارە و داهات و چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو داهاتە بکات، لەسەر پرسی نەوت لە ساڵی پار ئەوان داوای ژمارەیەکیان دەکرد کە کوردستان توانای بەرهەمهێنانی ئەو بڕەی نەبووە، بۆیە ئەوە وەك بیانوویەك بوو بۆ ئەوەی بودجەی کوردستان ببڕن، لە بودجەی ئەمساڵدا گەیشتووینەتە ئەو رێککەوتنەی کە هەرێمی کوردستان ٢٥٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بدات و و رۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووك بە رێگەی بۆرییە نەوتیەکانی کوردستان هەناردە بکات. لەبەرامبەردا بەغدا دەبێت رێژەی ١٧٪ی بودجەی عێراق رەوانەی کوردستان بکات. پرسێکی دیکەی کوردستان مەسەلەی پێشمەرگەیە، هەموو لایەك ئاگادارن ئەم کێشەیە لەو

**لە رێککەوتنەکەدا هاتووە: «حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگەدەدات رۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووك هەناردە بکات» ئەمەش وەك خاڵی یەکەم دانپێدانانێکی رەسمییە بە شەرعییەتی بۆرییە نەوتییەکانی کوردستان و خاڵێکی زۆر گرنگە**

**لە ئێستادا لە بۆرییە نەوتییەکانی کوردستان سەلامەتتر نییە بۆ ئەوەی نەوتی کەرکووك بگەیەندرێتە بەندەری جیهان لە تورکیا، ئەم رێگەیەش هەم بۆ کوردستان و هەم بۆ عێراقیش سوودی هەیە**

کاتەوە دروست بووە کە بودجەی وەزارەتی بەرگریی عێراق خراوەتە سەر بودجەی سەروەری و لەو کاتەوە ئێمە هەوڵدەدەین بەشێك لە بودجەی وەزارەتی بەرگری بۆ پێشمەرگە تەرخان بکرێت، لەبەر ئەوەی کاتێك بودجەی سەروەریی بەرزدەبێتەوە، ئەوا ڕێژەی ١٧٪ی کوردستان کەمدەبێتەوە، بۆیە دەبێت کێشەی پێشمەرگە لە بودجەی سەروەریی کە بودجەی وەزارەتی بەرگریش دەگرێتەوە، بەشێکی بۆ پێشمەرگە تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو کەمبوونەوەیە ڕاست بکاتەوە و هەروەها پێداویستییەکانی پێشمەرگەش دابین بکات، پێش ڕێککەوتنی ئەمجارە و لە ساڵانی ڕابردوو چەندین جار دانوستاندنمان لەسەر ئەم پرسە کردووە، بەڵام قەت ڕازی نەبوون بەشێك بۆ پێشمەرگە تەرخان بکرێت، بەڵام ئەمجارە ئێمە لە یەکەم ڕۆژەوە کە پڕۆژەیاسای بودجە لە ئەنجوومەنی وەزیران خوێندرایەوە و وتووێژمان لەگەڵ کردن، داکۆکیمان لەسەر ئەوە کرد، کە دەبێت ئەو زمانە ڕوون و ئاشکرا بێت و ئەو ژمارەی تیا بنووسرێت کە بۆ پێشمەرگە تەرخان دەکرێت، ئەم تەرخانکردنەش بە هیچ مەرجێکەوە نەبەسترێتەوە و دەبێت بدرێت، لە بەرەنجامی گفتوگۆیەکانی ئەم دواییە بەتایبەتی کە شاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هات، داکۆکییەکی زۆر باش لەسەر بودجە و مافی پێشمەرگە کرا، واقیعی ئێستاش یاریدەدەر بوو، لەبەر ئەوەی پێشمەرگە بەرەیەکی شەڕی بە درێژایی ١٠٥٠ کیلۆمەتر لەگەڵ تیرۆریستانی داعش هەیە، بۆیە ئامادەبوون بەشێك لە بودجەی وەزارەتی بەرگری بۆ پێشمەرگە تەرخان بکرێت، ئەو بەشە بەپێی ژمارەی دانیشتووانە، ئەمەش مەبلەغێکی باش دەکات، ئەگەر بەشی هەموو پێداویستییەکانی پێشمەرگەش نەکات، ئەوا بەشێکی باشی پێداویستییەکانی پێشمەرگە دابین دەکات، ئەمە لە هەمانکاتدا ئیعترافکردنە بە پێشمەرگە وەك بەشێك لە سیستمی بەرگریی عێراق و ئەرکی سەرشانی حکومەتی فیدراڵە کە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگە بەشدار بێت.

*** لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە بەڕێزت یەکێك لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی ناو پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بوویت، لە پرسی ڕێککەوتنەکانیش ڕۆڵێکی دیارتان هەبووە، ئایا دوای ڕێککەوتنی ئەمجارە ئایندەی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا چۆن دەبینن؟**

- ئەو ڕێککەوتنەی ئەمجارە کردوومانە، ڕێککەوتنە لەسەر چارەسەرکردنی بەشێك لە کێشەکان، هەموو کێشەکان چارەسەر نەکراون، بۆیە ئەمە بەردەوامی دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین هەموو کێشەکان چارەسەر بکەین، ئەوجا ئەگەر بێینەوە سەر ڕێککەوتنەکان، ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٣ ـەوە هەتا ئێستا ڕێککەوتنی زۆر باش و فراوانتر و قووڵترمان لەم ڕێککەوتنەی ئەمجارە کردووە، تەنانەت ڕێککەوتنەکان لەو ئاستە بوون کە میللەتی خۆمان پێی ڕازی بێت، وەك ڕێککەوتنی هەولێر کە حکومەتی پێشووی لەسەر پێکهات، بەڵام لە حکومەتەکەی نوری مالیکدا، شەخسی سەرۆك وەزیران و ئەو ستافەی لەگەڵی کاریان دەکرد و ئەوانەشی پشتگیریيان دەکرد، سیاسەتێکی ئەوتۆیان گرتەبەر کە پێچەوانەی هەموو ئەو خاڵانە بوون کە لە ڕێککەوتنەکەدا لەسەری ڕێککەوتبووین، ئەمەش وایکرد پێش هەمووشت وڵاتەکەیان ڕووبەڕووی بارودۆخێکی زۆر خراپ ببێتەوە، لەمەش زیاتر پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان تێکدا، بەڵام ئێستا ئەم حکومەتە تازەیە و ئەمەش یەکەم ڕێککەوتنە لەگەڵ ئەم حکومەتە و هەردوو حکومەتەکەش بە ڕێککەوتنەکە خۆشحاڵن و باسی دەکەن، دەمێنێتەوە سەر جێبەجێکردنەکەی، دیارە زۆر کەس لەوانەیە بپرسێت بۆ جێبەجێکردنەکەی گەرەنتی چییە؟ من لە وەڵامی پرسیاری ئەو خەڵکانە دەڵێم: پێش هەموو شت دەبێت بزانین لە سیاسەتدا گەرەنتی بۆ هیچ ڕێککەوتنێك نییە، ئەوەی دەبێتە گەرەنتی، هاوسەنگیی هێزە، واتە ئەگەر پێگەت بەهێز بێت، ئەوا لایەنی بەرامبەر ئەوەی ئیمزات لەگەڵ کردووە، پێی پابەند دەبێت و جێبەجێ دەکات، ئەگەر پێگەشت لاواز بێت، ئەوا لایەنی بەرامبەر هەوڵدەدات بەلای خۆیدا بیشکێنێتەوە، بەڵام لەم ڕێککەوتننامەیەی کە لەسەر بودجە کردوومانە، لەگەڵ ئەوەی هەموو کێشەکانی چارەسەر نەکردووە، بەڵام بەشە گرنگەکەی کێشەکانی چارەسەر کردووە، کە ئەویش کێشەی پێشمەرگە و نەوتە، ئەوجا بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە پەرەگرافێکمان لە پڕۆژەیاسای بودجە زیادکردووە و نووسیوومانە: «ئەگەر هەر لایەنێك پابەند نەبێت بە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە لایەنی بەرامبەریشی مافی خۆیەتی پێوەی پابەند نەبێت»، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر بەغدا پابەند نەبێت، ئەوا کوردستانیش نە نەوتی کەرکوکی بە بۆڕییەکانی خۆی بۆ دەگوازێتەوە و نە ٢٥٠ هەزار بەرمیلەکەی خۆشی دەداتێ و خۆی نەوتی خۆی دەفرۆشێت و کاری بە بەغدا نابێت.


**حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا خۆی سیاسەتی نەوتی خۆی دابڕێژێت و خۆی ژێرخانێک بۆ پیشەسازی نەوتی دروست بکات و خۆی نەوتی خۆی بفرۆشێت**

**کوردستان قۆناخی سەختی بڕی و بۆ ماوەی نۆ مانگ بودجە و مووچەی کە مافی خۆیەتی، لێی بڕا، وێڕای ئەو شەڕە سەختەی داعش و ئەو هەموو پەنابەرەی کە هاتوونەتە کوردستان، لەگەڵ ئەوەش دەسەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر جوان ئیدارەی ئەو بارودۆخەی کردووە و بە هاوکاری خەڵکی کوردستان بارودۆخە سەختەکەی تێپەڕاندووە**









# سەنگەری پێشمەرگە کۆشکی سەرۆک و مێزی دبلۆماتی کوردستان





**کاتێک دەڵێین: پێشمەرگە بۆتە تاجی سەروەریی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، ئەم نازناوە هەستێکی نەتەوەیی نییە بۆ پێشمەرگە دەریدەبڕین، بەڵکو ئەمە زمانی ژنراڵەکانی پینتاگۆن و هاوپەیمانی ناتۆ و هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژە تیرۆرە، کە دان بەو راستیەدا دەنێن**

تیرۆریستانی داعش کاتێك هێرشیان کردە سەر کوردستان، سەرۆك مسعود بارزانی سەنگەری پێشمەرگەی کردە کۆشکی سەرۆکایەتی و هەر لە بەرەکانی شەڕیشەوە پێشوازی لە زۆربەی شاندەکانی وڵاتانی جیهان دەکرد، لەو ماوەیەدا زۆر جار لە (سەرۆك بارزانی )یان پرسی: بۆ ناگەڕێیتەوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و لە ناو دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە میوانەکانی کوردستان بکەیت؟ لە وەڵامدا گوتبووی: من گەڕاومەتەوە سەر کارە ئەسڵییەکەی خۆم.

ئەو وەڵامەی سەرۆك بارزانی مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بەلایەوە پێشمەرگایەتی لە سەرۆکایەتی زۆر گرنگترە و رایوایە شکۆی کوردستان و سەروەریی کوردستان لە سەنگەری پێشمەرگەدایە، بۆیە ئەوەی دەیەوێت رێز لە کوردستان بگرێت، دەبێت ئامادەش بێت سەنگەری پێشمەرگە وەك مێزی دبلۆماتی سەیر بکات و کێشەکان لەناو سەنگەری پێشمەرگەدا چارەسەر بکرێن.

## ● هەموو کات پێشمەرگە هێڵی سووری بارزانی بووە

دوای رووخانی رژێمی بەعس و لە کاتی دانانی یاسای کاتیی بۆ قۆناخی راگواستن لە عێراقدا، پرسی پێشمەرگە بەو جۆرە باسکرا کە وەك میلیشیا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و چارەسەری ئەوەی بۆ بدۆزرێتەوە کە وەك پاسەوانی سنوور بخرێنە سەر وەزارەتی ناوخۆ، لەسەر ئەم پرسە بەڕێز مسعود بارزانی وەك پێشمەرگە هاتە دەنگ و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هیچ هێزێك ناتوانێت ناوی پێشمەرگە بگۆڕێت و لەسەر ئەم مەسەلەیەش هەرچی دەبێت، با ببێت، ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی لە کاتێکدا بوو کە بەڕێزیان لە رووی دەستووری و یاساییەوە سەرۆکی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستان نەبوو، بەڵکو سەرۆکی ئەمری واقیع بوو، ئەم پیداگیرییەی سەرۆك بارزانی لە سەر ناوی پێشمەرگە وایکرد، لە داڕشتنی دەستووری عێراقدا، هێزی پێشمەرگە وەك گاردی کوردستان، یان سوپای کوردستان بچەسپێندرێت و بەشێك بێت لە سیستەمی بەرگریی ئەو عێراقەی کە ئەو کات بەو جۆرە دەستووری بۆ داڕێژرا کە وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی بنیاد بنرێتەوە، بەڵام نەك هەر ئەم بڕگەیەی تایبەت بە پێشمەرگە لە دەستووری عێراقدا جێبەجێ نەکرا، بەڵکو بەشی زۆری ئەو بڕگە دەستوورییانەی کە مافەکانی کوردستان لە عێراقدا دیاری دەکات، لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە پێشێلکران و عێراقی سەردەمی حوکمڕانی نوری مالیکی خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو کە بە هێزی سەربازی کوردستان داگیر بکاتەوە، بەڵام ئیرادە و خۆڕاگری پێشمەرگە و شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم هێزە لەلایەن سەرۆکێکی پێشمەرگەوە، وایکرد خەسڵەتی پێشمەرگانە لەناو هێزی پێشمەرگەدا وەك خۆی بمێنێتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت.

**ئەوە سەروەریی پێشمەرگەیە کە وەزیری بەرگری بەریتانیا و دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپی لە ژێر ئاڵای کوردستاندا لەگەڵ سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی حکومەت و راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش و وەزیری پێشمەرگە دادەنیشن و ستراتیژیەتی هیوا بڕین و تێکشکانی تیرۆریستانی داعش راستدەکەنەوە**

دوای رزگاربوونی عێراق لە دیکتاتۆریەت، یەکەم کاری حکومەتی تازەی عێراقی بە درێژایی ١١ ساڵی رابردوو سزادانی هێزی پێشمەرگە و نەدانی بودجەی پێشمەرگە بووە، لەمەش زیاتر ئەوەی کە جێگەی نیگەرانییە، ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ئەرکی دووبارە بنیادنانەوەی سوپای عێراقی خستبووە ئەستۆی خۆی، لەبەر کۆمەڵێك بەرژەوەندی خۆی لەم لایەنەوە غەدری لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد و لە چوارچێوەی بنیادنانەوەی سوپای عێراقدا هاوکارییەکی ئەوتۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لە رووی چەك و مەشق و راهێنان و لۆجستییەوە نەکرد، سەبارەت بەم لایەنە لە کۆتایی مانگی نۆڤەمبەری رابردوو ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك، بە ژمارە بڵاوی کردۆتەوە کە ئەمریکا لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١١ بڕی ٢٥ ملیار دۆلاری لە بنیادنانەوەی سوپای عێراق خەرجکردووە، بەڵام لەماوەی هەشت ساڵدا تەنها بە بڕی ٩٢ ملیۆن دۆلار هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمریکا لە مانگێکدا کەمتر لە یەك ملیۆن دۆلار هاوکاری پێشمەرگەی کردووە، لەبەرامبەردا هەر مانگێك ٣٥٠-٤٠٠ ملیۆن دۆلار پارەی لە سوپای عێراقدا خەرجکردووە!

وەك سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی خەمڵاندوویانە، بەپێی ئەو رێککەوتنەی چەند رۆژی رابردووی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، ئەو بڕە پارەیەی لە ناو بودجەی ٢٠١٥ بۆ پێشمەرگە تەرخان دەکرێت، پێشمەرگە مانگانە تەنیا ١٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان دەکرێت، ئەم ١٠٠ ملیۆنەش بریتییە لە ٠.١٧٪ی بودجەی وەزارەتی بەرگری عێراق، ئەم ژمارەیە پێمان دەڵێت: بودجەی وەزارەتی بەرگری ساڵانە ٧-٨ ملیار دۆلار بووە، ئەمە بێجگە لەوەی لە ماوەی ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ و لە خولی دووەمی سەرۆك وەزیرانی نوری مالیکدا بەپێی ئەو کورتهێنان و قەیرانە داراییەی عێراق تێیکەتووە، لەوانەیە تەنها لەو چوار ساڵە زیاتر ٥٠-٦٠ ملیار

دۆلار بۆ سوپا خەرج کرابێت. بۆیە ئەگەر ئەم ژمارانە کۆبکەینەوە، دەبینین بە هاوکارییەکانی ئەمریکاوە بڕی ١٤٠-١٦٠ ملیار دۆلار بۆ سوپای عێراق خەرجکراوە، لە بەرامبەردا یەك دۆلار لەلایەن عێراقەوە بۆ پێشمەرگە سەرف نەکراوە، هەر بۆیە ئەو پارەیە لە ماوەی ١١ ساڵدا لە سوپای عێراقدا خەرجکراوە، دەکاتە بڕی ١٤-١٦ ساڵی ئەو بەشە بودجەی کە بەغدا دەینارد بۆ کوردستان. ئەم ژمارانە پێمان دەڵێت: لە ماوەی ١١ ساڵی رابردوو چ غەدرێکی گەورە لە کوردستان کراوە، بەڵام پشکی شێری ئەو غەدرە بەر پێشمەرگە کەتووە و پێشمەرگە قوربانی یەکەمی ئەو غەدرە گەورەیە بووە، ئێستاش کە کوردستان دووچاری شەڕێکی نێودەوڵەتی بووە کە بە درێژایی زیاتر لە ١٥٠٠ کیلۆمەتر (لە کۆبانێ تا جەلەولا) لە دژی دڕندەترین تیرۆریستی جیهانی کە داعشە دەجەنگێت، ئەوە سەروەرییەکی بۆ کوردستان دروست کردووە کە جیهان بە شانازییەوە باسی دەکات، هەر ئەمەش بە کردەیی ئەو پێناسەیە کە سەرۆکی کوردستان داکۆکی لێدەکرد و عێراق و ئەمریکا لێی حاڵی نەدەبوون.

### ● پێشمەرگە تاجی سەروەریی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە

کاتێك دەڵێین پێشمەرگە بۆتە تاجی سەروەریی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، ئەم نازناوە هەستێکی نەتەوەیی نییە بۆ پێشمەرگە دەریدەبڕین، بەڵکو ئەمە زمانی ژنراڵەکانی پینتاگۆن و هاوپەیمانی ناتۆ و هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژە تیرۆرە، کە دان بەو راستیەدا دەنێن، جیهان لەبەر خاتری پێشمەرگە بە رێزەوە مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکات، ئاڵای کوردستان بە لوولەی تفەنگی پێشمەرگەوە دەشەکێتەوە، بۆیە سەرۆکی فەڕەنسا و سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا لەسەر فەرشی سووری فڕۆکەخانەی پایتەختی کوردستان سڵاوی بۆ دەکەن و لە بەردەم سروودی نیشتمانی ئەی رەقیبدا رادەوەستن، لەمەش گرنگتر ئەوە سەروەریی پێشمەرگەیە کە وەزیری بەرگری بەریتانیا و دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپی لە ژێر ئاڵای کوردستاندا لەگەڵ سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی حکومەت و راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش و وەزیری پێشمەرگە دادەنیشن و ستراتیژیەتی هیوا بڕین و تێکشکانی تیرۆریستانی داعش راستدەکەنەوە. ئەم واقیعە وەك پرۆفیسۆر هانز مۆرگنتاو لە کتێبی (سیاسەت لە نێو گەلاندا) زۆر بە وردی ئاماژەی پێکردووە، واتەی (پێگە و شکۆی) کوردستان لەم شەڕە جیهانییە پیشاندەدات و ئەوە پێگە و شکۆی کوردستانە وایکردووە لە کوردستانەوە ستراتیژیەتێك راستبکرێتەوە کە سەرۆکی ئەمریکا بە هاوکاری و راوێژی سەرۆك ئەرکانی ٢١ دەوڵەت کە زۆربەیان دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆن دایانڕشتووە، بەڵام نەیانتوانی ئاراستەی شەڕەکە بگۆڕن، ئەوەی ئاراستەی ئەم شەڕەی گۆڕی هێزی پێشمەرگە بوو و لە کوردستانەوە گۆڕیی، گەورەترین بەڵگەش لەسەر وەرچەرخانی ئەم شەڕە، چوونی ئەو ژمارە پێشمەرگەیە بوو کە بۆ هاوکاری براکانیان چوونە کۆبانێ و بە چوونی ئەوانیش ئاراستەی شەڕەکە وەرچەرخا. ئەم وەرچەرخانە کە لە ژێر فەرماندەیی و سەرکردایەتی سەرۆکی کوردستان بەدەستهاتووە، کوردستانی کردۆتە شوێنی راستکردنەوەی ستراتیژەکە بۆ وەرچەرخانی ئەم شەڕە نێودەوڵەتییە.

لە دوایین توێژینەوەی ریچارد هاسی سەرۆکی ئامۆژگای ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا، کە جیهانی بە (جیهانێکی لەبەریەك هەڵوەشاوە و بێ سیستم) وەسفکردووە، دەرکەوتووە کە لەم جیهانە بێ سیستمەشدا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ئەو ناوچەیە کە سیستمی نوێی جیهان تێیدا کۆتایی هاتووە، یان راشکاوانەتر بە سیستمی دوای شەڕی سارد مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت. ریچارد هاس پێشبینی ئەوەی کردووە، ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو شەڕی ٣٠ساڵەی سەدەی حەڤدەیەمی ئەوروپا هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەمەش واتە ٣٠ ساڵ تاریکی، ئەو تاریکییەی کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێت، رەنگدانەوە، یان ئاکامی بێ توانایی یاریزانە سەرەکییەکانە لە سیاسەتی جیهانیدا، دیارە پێش هەمووان پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی و دەوڵەتانی ناتۆ دەگرێتەوە. ئێستاش ئەم دەوڵەتانە نە دەتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیە بکەن، نە دەشتوانن سەقامگیری بۆ بگێڕنەوە.

لەنێو ئەم سەردەمە تاریکەدا تەنها هیوا بۆ یاریزانە سەرەکییەکانی ناو سیاسەتی ئەمڕۆی جیهان، کوردستانە کە ناویان لێناوە: «ئەسپارتە بچووکەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست». ناوەندەکانی توێژینەوە لەسەر ئاستی جیهان ئەم قسانەی ژنراڵەکانی جیهانیان کردووە بە پرسیار: (ئایا کوردستان دەبێتە ئەسپارتەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟) وەڵامی ئەم پرسیارە بڕیارەکەی ١٠ی نۆڤەمبەری سەرۆك ئۆبامایە کە داوای لە کۆنگرێس کردووە بڕی ١,٦ ملیار دۆلار بۆ مەشقپێکردنی ٣ فیرقەی پێشمەرگە

گەیشتن بە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا مەسەلەی گۆڕینی مالیکی نییە بە عەبادی، بەڵکو مەسەلەکە خوێندنەوەی عەبادی و ستافەکەیەتی بەشێوەیەکی ئەقڵانی بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان و ئەو بارودۆخەی ئیرادەی پێشمەرگە دروستی کردووە

هەر نەتەوەیەک لەسەر مۆدێلی پێشمەرگە هێزێکی کاریگەری نەبێت، دەوڵەت و سەروەرییەکەی لە ژێر مەترسیدا دەبێت، با ئەو دەوڵەتەش ئەمریکای تاکە زلهێزی جیهان بێت



و ٦ فیرقەی سوپای عێراق تەرخان بکرێت. وەڵامی ئەم پرسیارە بڕیارەکەی کۆنگرێسە کە داوا لە ئیدارەی ئۆباما دەکات هەموو جۆرە چەکێکی تەقلیدی بدرێتە پێشمەرگە، لەمەش زیاتر وەڵامی ئەم پرسیارە رەخنەکەی بیرمەندی گەورەی فەرەنسی (ریجیس دوبریە)یە کە لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا رەخنەی لە سەرۆکی فەرەنسا (فرانسۆ هۆلاند) گرت، بەوەی کە فڕۆکەی سەربازی بە کوردستان نەداوە. ئەو پێی گوتین: «فەرەنسا لە بری ئەوەی بە فڕۆکە لە ئاسمانەوە هاوکاریی کوردستان بکات، هەقە فڕۆکەی سەربازی بداتە هێزی پێشمەرگە و هێزی ئاسمانی بۆ پێشمەرگە دروست بکات».

ئەم رەخنەیەی ریجیس دوبریە تەنها قسەی بیرمەندێك، یان فەیلەسوفێکی هاوچەرخ نییە، بەڵکو ئەمە قسەی پارتیزانێکە کە ٤٧ ساڵ بەر لە ئێستا لەگەڵ گیڤارا شەڕی پارتیزانی وەك پێشمەرگە کردووە و دەزانێت توانا و ئیرادەی پێشمەرگە چییە و ئەگەر بە چەکی سەردەم پڕچەك بکرێت، چ گۆڕانکارییەك دروست دەکات. کەواتە کۆی ئەو شانازییەی ئەمڕۆ جیهان بە تفەنگی شانی پێشمەرگەوە دەیکات، هاوکێشەیەکی تازەی دروستکردووە، ئەو هاوکێشەیەش ئەوەیە، هەموو نەتەوەکانی جیهان دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام پێشمەرگەیان نییە، بۆیە ئێستا سەرقاڵی دروستکردنی پێشمەرگەن بۆ ئەوەی شەڕی دژی تیرۆریستان بباتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەر نەتەوەیەك لەسەر مۆدێلی پێشمەرگە هێزێکی کاریگەری نەبێت، دەوڵەت و سەروەرییەکەی لەژێر مەترسیدا دەبێت، با ئەو دەوڵەتەش ئەمریکای تاکە زلهێزی جیهان بێت، یان ئەو بەریتانیا مەزنە بێت کە ئێستا رۆژی لێ ئاوا نابێت، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت: ئێستا جیهان بەو جۆرە پێناسەی دەوڵەت دەکات، بەوەی دەوڵەت واتە پێشمەرگە و پێشمەرگە واتە دەوڵەت، ئەوەی پێشمەرگەی هەبێت، تاجی سەروەریی لەسەر نەتەوەکەیەتی و ئەوەشی پێشمەرگەی نەبێت، تاجی سەروەرییەکەی لەژێر هەڕەشە و مەترسیی تیرۆریستان دەبێت.

**بیرمەندی گەورەی فەرەنسی (ریجیس دوبریە)یە کە لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا رەخنەی لە سەرۆکی فەرەنسا (فرانسۆ هۆلاند) گرت، بەوەی کە فڕۆکەی سەربازی بە کوردستان نەداوە. ئەو پێی گوتین: «فەرەنسا لە بری ئەوەی بە فڕۆکە لە ئاسمانەوە هاوکاریی کوردستان بکات، هەقە فڕۆکەی سەربازی بداتە هێزی پێشمەرگە و هێزی ئاسمانی بۆ پێشمەرگە دروست بکات**



## سەنگەری پێشمەرگە وەك مێزێكی دبلۆماتی

بۆ ئـــەم ژمارەیەی گـــوڵان پرســـیارمان لە بەڕێز د.نوری شـــاوەیس جێگری ســـەرۆك وەزیرانی عێراق كرد، كە ئایا گەرەنتـــی چییە بۆ ئەوەی رێككەوتنی ئەمجـــارەی نێوان هەولێر و بەغـــدا جێبەجێ بكرێت و كوردســـتان دووچاری قەیران نەبێتەوە؟ ئەم پرسیارەمان تەنها لەو روانگەیەوە لێ نەكرد كە جێگری ســـەرۆك وەزیرانی عێراقە، بەڵكـــو زیاتر لەبەر ئەوە بوو، د.رۆژ نوری شـــاوەیس لە ساڵی ٢٠٠٣ـەوە هەتا ئێستا یەكێك بـــووە لە كاراكتەرە ســـەرەكییەكانی نێو ســـەرجەم ئەو رێككەوتنانەی لەنێوان هەولێـــر و بەغدا ئیمزا كراون، لەمەش زیاتر لە دوای رێككەوتنی هەولێر لە ســـاڵی ٢٠١٠ هەتا ســـاڵی ٢٠١٤ وەك نوێنەری ســـەرۆكی كوردســـتان چاودێری جێبەجێكردنی رێككەوتنەكەی كردووە، وەك بینیشـــمان رێككەوتنەكە چەند فراوان و هەمەلایەن بوو، كەچی جێبەجێ نەكرا!! ســـەبارەت بەم بابەتە هەســـتیارە د.رۆژ نوری شـــاوەیس بە گوڵانی راگەیاند: «لە سیاســـەتدا گەرەنتی نییە و من بەش بەحاڵـــی خۆم بڕوام بە گەرەنتی نییە لە سیاســـەتدا، بەڵكو ئەوەی دەبێتـــە گەرەنتی بۆ جێبەجێكردنی هەر رێككەوتنێك هاوسەنگیی هێزە، ئێستاش ئەم هاوسەنگی هێزە لە نێوان هەولێر و بەغدا دروســـت بووە». لەمەش زیاتر جێگری ســـەرۆك وەزیرانی عێراق پێی گوتین: «لـــە ناو پڕۆژە یاســـای بودجـــەی ٢٠١٥ی عێراق نووســـیومانە: (هەر لایەنێك ئەم رێككەوتنە جێبەجێ نەكات، لایەنەكەی دیكە پابەند نابێت بە جێبەجێكردنی ئەم رێككەوتنە)...» راشـــكاوانەتر واتە ئەگەر بەغدا ئەم رێككەوتنەی جێبەجێ نەكرد، ئەوا كوردســـتانیش نەوتی خۆی دەفرۆشـــێت و پەیوەنـــدی لەگەڵ بەغدا نامێنێت، لەمـــەش گرنگتر لەم رێككەوتنەدا بودجەی پێشمەرگە خراوەتە ناو پڕۆژە بودجەی عێراق و لەسەر بودجەی وەزارەتـــی بەرگری عێراق خەرج دەكرێت، بۆ ئەمەش د.رۆژ پێی گوتین: «بڕگەیەكمان لەناو پڕۆژە بودجەی عێراق زیادكردووە، كە پشـــكی پێشمەرگە بە هیـــچ مەرجێكەوە گرێنادرێتەوە و لە هەر بارودۆخێكدا

**ئەوەی دەیەوێت رێز لە كوردستان بگرێت، دەبێت ئامادەش بێت سەنگەری پێشمەرگە وەک مێزی دبلۆماتی سەیر بكات و كێشەكان لەناو سەنگەری پێشمەرگەدا چارەسەر بكرێن**

**دوای رزگاربوونی عێراق لە دیکتاتۆریەت، یەکەم کاری حکومەتی تازەی عێراقی بە درێژایی ١١ ساڵی رابردوو سزادانی هێزی پێشمەرگە و نەدانی بودجەی پێشمەرگە بووە**

**عێراقی سەردەمی حوکمڕانی نوری مالیکی خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو کە بە هێزی سەربازی کوردستان داگیر بکاتەوە، بەڵام ئیرادە و خۆڕاگری پێشمەرگە و شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم هێزە لەلایەن سەرۆکێکی پێشمەرگەوە، وایکرد خەسڵەتی پێشمەرگانە لەناو هێزی پێشمەرگەدا وەک خۆی بمێنێتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت**

دەبێت ئەو بەشە بۆ پێشمەرگە تەرخان بکرێت»، دیارە ناکرێ ئەم حاڵەتە وەك گۆڕانکاری لە ئەقڵییەتی سیاسیی حوکمڕانانی عێراق بەرامبەر کوردستان بخوێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی زەمینەی ئەو وەرچەرخان و گۆڕانکارییە دروست نەبووە و بەئاسانیش دروست نابێت، بەڵام ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە دەرکەوتنی ئیرادەی پێشمەرگەیە کە واقیعێکی تازەی درووستکردووە و ئەوانەی ئێستا لە بەغدا حوکمڕانی دەکەن، ئاقڵانەتر لە مالیکی و ستافەکەی مالیکی واقیعی ئێستای عێراق و کوردستان دەخوێننەوە و دەزانن ئەوەی ئێستا کورد لەگەڵ بەغدا دەیکات، لەبەر خاتری دەوڵەتانی هاوپەیمان و هەروەها دەرفەتدانە بە عێراق بۆ ئەوەی خۆی راست بکاتەوە و بزانێت چۆن لەنێو دەوڵەتێکی فیدڕاڵی حوکمڕانی دەکرێت، ئەگەر لەم هاوکێشە تازەیەدا سەیری هەڵوێستی کەسێکی وەك د.حوسێن شەهرستانی وەزیری پێشووی نەوتی عێراق بکەین، کە لە ئیمزاکردنی ئەم رێککەوتنە ئامادە بووە، دەبینین بێجگە لەسەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق، جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی کوردستانیش ئەو شاهیدییەیان داوە: د.حوسێن شەهرستانی بۆ گەیشتن بە رێککەوتنەکە رۆڵێکی ئەرێنی گێڕاوە، کە دیارە سەرەتا لە میدیاکان وا بڵاوکرایەوە کە د.حوسێن شەهرستانی بۆ ئەوە ئامادە بووە مەرج بە سەر کوردستاندا فەرز بکات، بەڵام واقیعەکە شتێکی دی بوو. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا دەتوانین بڵێین: د.حوسێن شەهرستانی کە ماوەی هەشت ساڵە رێگرە لەوەی بەغدا و هەولێر لەسەر دارشتنی یاسای نەوت و گاز بگەنە رێککەوتن و هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بووە کە کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی لە سیاسەتی نەوتی کوردستاندا نەبێت، ئێستا بە دوو مانگ هەموو بیرکردنەوەی بەرامبەر کوردستان گۆڕا و رازی بوو نەوتی کەرکووك بە بۆڕییە نەوتییەکانی کوردستان هەناردە بکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە و ناتوانین بڕوا بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەرێمی کوردستان لە دامەزراندنی ئەم کابینەیەی د.عەبادی هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو وەزارەتی نەوت نەدرێتە د.حوسێن شەهرستانی، لەبەر ئەوەی ناتواندرێت لەگەڵی بگەنە رێککەوتن، ئەم قەناعەتە لای نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و بەریتانیاش چەسپابوو، بۆیە وەزارەتەکەیان دایە د.عادل عەبدولمەهەدی، هەر لەسەر ئەم پرسە و لەکاتی هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی ئەم کابینەیە، بەڕێز خالید سالح (حەز ناکات بە دکتۆر ناوی بەرم) سەرۆکی زانکۆی کوردستان وتارێکی بەم ناونیشانە بۆ گوڵان نووسی: (ئاگات لە شەهرستانی بێت)، ناوەڕۆکی وتارەکەی مەترسیی دووبارە پێدانەوەی وەزارەتی نەوتی عێراق بوو بە د.حوسێن شەهرستانی، هەموو لایەکیش دەزانن بەڕێز خالید سالح جیا لەوەی یەکێك بووە لە ئەندامی ستافی راوێژکارانی نێودەوڵەتی بۆ دارشتنی دەستووری عێراق، هەروەها راوێژکاری دارشتنی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانیش بووە.

ئەم باکگراوەندەم بۆیە درێژە پێدا، بۆ ئەوەیە خوێنەر ئەو راستییەی بۆ ئاشکرا بێت، کە گەیشتن بە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا مەسەلەی گۆڕینی مالیکی نییە بە عەبادی، بەڵکو مەسەلەکە خوێندنەوەی عەبادی و ستافەکەیەتی بەشێوەیەکی ئەقڵانی بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان و ئەو بارودۆخەی ئیرادەی پێشمەرگە دروستی کردووە، راستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەنگاوەکانی لە چوارچێوەی دەستووری هەڵگرتووە و دەستوور پشتگیری سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام وەك بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم بەرپرسی ژووری پەیوەندییە دبلۆماتییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە دیمانەیەکدا بە گوڵانی راگەیاند، کێشەکانی نێوان هەولێر وبەغدا بە دەستوور چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بە هێز چارەسەر دەکرێت، بێگومان دیارە ئەو پێگە و شکۆیەی ئەمڕۆ کوردستان هەیەتی لە ئیرادە و هێزی پێشمەرگەیە.

ئەگەر هەندێك لە هەڵسەنگاندنە ناوخۆییەکان بچینە دەرەوە و پرسیار بکەین: ئایا لە ناوەندەکانی فیکر و توێژینەوە چۆن سەیری ئەم رێککەوتنە دەکرێت؟ لێرەدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەین:

● مایکل نایتس بەڕێوەبەری پڕۆگرامەکانی عێراق لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك، لە وتارێکی بە ناونیشانی: (ئەم رێککەوتنە بکەنە دۆزینەوەی سەرچاوی داهاتی نوێ)، ئاماژەی بەوە کردووە، هەردوولا (عێراق و کوردستان) لەم رێککەوتنە براوە بوون، بۆیە پێویستە ئەمریکا پشتگیری بکات، بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت. هەر لەم وتارەدا ئاماژە بەوەش کراوە کە ئەم رێککەوتنە بەرهەمی ساڵێك نیوەندگیری ئەمریکا و سێ مانگ کۆبوونەوەی نێوان هەولێر و بەغدایە، بەپێی ئەم رێککەوتنە وەك ئەو توێژەرە ئاماژەی پێکردووە، بەغدا رازی بووە بودجەی ساڵی ٢٠١٤ی کوردستان لەسەر بنەمای ١٥٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا چارەسەر بکرێت، واتە حیسابی



**ئاڵای کوردستان بە لوولەی تفەنگی پێشمەرگەوە دەشەکێتەوە، بۆیە سەرۆکی فەرەنسا و سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا لە سەر فەرشی سووری فڕۆکەخانەی پایتەختی کوردستان سڵاوی بۆ دەکەن و لە بەردەم سروودی نیشتمانی ئەی رەقیبدا رادەوەستن**

١٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی کوردستان بکرێت، پاشان ئەوەی دەکەوێتە سەر بەغدا بیداتە کوردستان، لە مانگی نۆڤەمبەر و دیسەمبەر بەپێی ئەم رێککەوتنە بەغدا بە دووجار بڕی ملیارێك دۆلاری بۆ کوردستان رەوانە کرد، ئەوەی مانگەکانی دیکەش دەبێت چارەسەر بکرێت، بەغدا لەم رێککەوتنە سەرکەوتوو بوو، چونکە کوردستان رازی بووە رۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووك و ٢٥٠ هەزاری خۆیشی هەناردە بکات بۆ بازاڕەکانی جیهان، ئەمەش تەنها رێگەیە لە ئێستادا و لەو کاتەی نرخی نەوت دابەزیوە. بۆ کوردستانیش پێشمەرگە مانگی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری لە بودجەی سەرووری وەزارەتی بەرگری عێراق بۆ خەرج دەکرێت، ئەمەش ئیعترافکردنە بە پێشمەرگە وەك بەشێك لە سیستمی بەرگری عێراق.

● کینس پۆلاك سەرۆکی سەنتەری سابان لە ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز لەسەر ئەم رێککەوتنە وتارێکی نووسیووە بە ناونیشانی: «پێنج هۆکار بوونە هۆی رێککەوتنی بەغدا و هەولێر» کە بریتین لەوەی (لە ئێستادا راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان ئاسان نییە، کوردستان نایەوێت ئەو سەقامگیرییەی هەیەتی تێکبچێت و ئەمە لای حکومەتی کوردستان زۆر زۆر گرنگە، دابەزینی نرخی نەوت، پاراستنی کەرکووك لەلایەن پێشمەرگە پێگەی کوردی زۆر بە هێز کرد، خوێندنەوەی ئاقڵانەی حەیدەر عەبادی)، پرۆفیسۆر پۆلاك کە لەسەر ئاستی ئیدارەی ئەمریکی لەسەر پرسی عێراق قسەکانی حیسابی لەسەر دەکرێت، خاڵی گەوهەری کردووە بە پاراستنی کەرکووك لەلایەن پێشمەرگەوە، ئەو دەڵێت: ئەم رێککەوتنە ئیعترافکردن و رازیبوونی عێراقە بەوەی پێشمەرگە کەرکووك بپارێزێت و نەوتەکەی بفرۆشێت، بەدیوێکی دیکەدا ئەم رێککەوتنە ئیعترافێکی زمنییە لەلایەن بەغداوە بە کوردستانییەتی کەرکووك و بە رەزامەندی بەغدا دەبێتەوە بە بەشێك لە کوردستان .

ئەگەر سەرنج لە رای ئەم دوو پرۆفیسۆرە بدەین کە هەر یەکەیان ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە لەسەر پرسی کورد و عێراق توێژینەوەی وەرد و بابەتییانە دەکەن و بۆ ئیدارەی ئەمریکی فیکر بەرهەم دەهێنن، هەست دەکەین هۆکاری سەرەکی دەگێڕنەوە بۆ ئیرادەی پێشمەرگە کە چۆن هاوسەنگیی هێزی گۆڕیوە و پێگەی کوردستانی بەهێز کردووە.

بالْویز ئیتمارا رابۆنوڤیچ لە ئامۆژگای برۆکینگز بۆ گوڵان:

# عێراق وەک دەوڵەتێکی کارا بە یەکگرتوویی نامێنێتەوە لەبەر ئەوەی بڕوای بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان نییە



پرۆفیسۆرە ئیتمارا رابۆنوڤیچ لە ماوەی سالآنی ١٩٩٢-١٩٩٦ بالْوێزی ئیسرائیل بووە لە ئەمریکا و ئێستاش تۆێژەری بالآیە لە ئامۆژگای برۆکینگز و گلۆبال و پرۆفیسۆرە لە زانکۆی نیویۆرك و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سیاسەتەکانی رۆژهەلآتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لەسەر سیاسەتی سووریا و پەیوەندی نێوان عەرەب و ئیسرائیل و سیاسەتی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای رۆژهەلآتی ناوەڕاست و شەڕی تیرۆریستانی داعش لە سووریا و عێراق و ناوچەکە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە وەلآمی پرسیارەکانی گولآنی دایەوە.



*** ســـتراتیژیەتی ئەمریکا بریتـــی بوو لە لاوازکردن و تێکشـــکاندنی داعش، چۆن ئەم ســـتراتیژیەتە بۆ لە ناوبردنی داعش هەڵدەسەنگێنیت؟**

- پێموایە ستراتیژیەتی ئەمریکا بەرامبەر تیرۆریستانی داعش تەنها لە بەشـــێکیدا ســـەرکەوتوو بووە، ئەویش هێرشی ســـەرەتا بوو. لە بیرتانە کاتێك چەند مانگێك پێش ئێستا داعش هێرشی کردە سەر موسڵ و پێشڕەوی کرد بەرەو بەغدا، وا پێدەچوو بەشـــێکی زۆری عێراق و بەدڵنیاییەوە وڵاتانی دیکەش وەك ئەردەن داگیر بکات، ئەو کاتە زیادەڕەوی تێدا کرا، هەروەها ئیدارەی ئەمریکا کارا بوو لە راگرتنی هێرشـــەکانی داعش لە ئاسمانەوە و بەوەش تا راددەیەك دەتوانن داعش لاواز بکەن، بەڵام بەس نییە بۆ تێکشکاندنی، لەبەر ئەوەش بوو کە وتم لە بەشێکیدا سەرکەوتووە.

*** تـــاچ رادەیەك گرنگـــە بۆ ئەمریـــکا کە هێزی پێشمەرگە چەکدار بکات؟**

- بـــە دڵنیاییەوە، لەبەر ئـــەوەی ئەمریکا ئامادە نییە هێزی زەمینی خۆی بڵاو بکاتەوە و سوپای عێراقیش زۆر کارا نییـــە، بۆیـــە کورد و پێشـــمەرگە گرنگن و یارمەتیدانیان لە تێڕوانینی ئەمریکاوە مانایەکی زۆری هەیە.

*** شارەزایان موناقەشەی دروستبوونی داعشیان دەکرد لە عێراقدا وەك ئەوەی دەرئەنجامی هەڵەکانی حکومەتی مالیکی بێت، لەبەر ئەوەی عەرەبە سوننەکانی پەراوێز خســـت، سیاســـەتی ئەمریکا لە ئاست سێ بەشەکەی عێراقـــدا روون نییـــە و کاریگەریـــی ئەمریـــکا بۆ**

**کەلتوورێکی جیاواز لە ناو کەلتووری رۆژئاوا خەریکە پەرەدەسێنێت، ئەمەش زەمینەیەکی بەپیتە بۆ گەشەکردن و برەو سەندنی تیرۆریزم**

**چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەك پێویست کارا نییە، هەروەها نەیتوانیوە سوننەکان بەشداری پێ بکات لە پرۆسە سیاسییەکەدا، پرسیارەکەی ئێمە لێرەدا ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك پێویستە ئەمریکا دەستپێشتوویی خۆی زیاد بکات بۆ ئەوەی ئەوەندەی دیکە عێراق بەدەست تیرۆریستانەوە هەرەس نەهێنێت؟**

- پاراستنی دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی کارا ئەرکێکی زۆر قورسە، بە دڵنیاییەوە وڵاتێك پێکهاتبێت لە سێ گرووپی ئیتنی جیاواز، کورد و زۆرینەی عەرەبی شیعە و کەمینەی عەرەبی سوننە، دەبێت فرەیی ئیتنی تێدا بێت و گرووپی جیاواز بەشداری بکەن لە دەسەڵاتدا، ئەوەش دەبێت وەك سویسرا یاخود بەلجیکا لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵی دەسەڵاتەکان دابەش بکرێن، ئەمەش بە شێوەیەکی ئاسایی و لە پرۆسەیەکی دوور و درێژدا گەشە دەکات و وڵاتەکەش درك بەوە دەکات کە دەبێت پێکەوە کاربکەن، ئەگەرنا بارودۆخەکە خراپ دەبێت. بەداخەوە لەو کاتەوەی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠دا دروست کرا، ئەوا لەسەر بنەمای باڵادەستی کەمینەی سوننە پێکهێنرا، سیاسەتی سەدەی پێشووی عوسمانییە تورکەکانیش لەلایەن بەریتانییەکانەوە درێژەی پێدرا و دوای کۆتایی هاتنی رژێمەکەی سەددام حوسێن دەسەڵات لە سوننەکانەوە بەرەو شیعەکان گوازرایەوە، بەداخەوە شیعەکان بەڕاستی دەسەڵاتیان دابەش نەکرد، پێموایە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کاراتر دەبێت، لەبەر ئەوەی تێدەگەن کە دەبێت رێز لە ئیدارە خۆبەڕێوەبەرێکەتان بگرن، لەبەر ئەوەی ناتوانن تەحەددای بکەن، بەڵام ئەوەی تەحەددیەکی سەرەکییە ئەوەیە کە پێکەوە بەرەو پێش بچن. ئێرانیش دەوڵەتێکی بەهێزە و تمووحی هەیە لە ناوچەکەدا و نفوزێکی زۆری هەیە لە ناو شیعەی عێراق، هەروەها سعودیەش دەوڵەتێکی سوننەیە و دەستێوەردان لە عێراق دەکات و لە رکابەرییەکی ئیقلیمیدایە.

*** ئەمریکا جیاوازی کردووە لە نێوان تێکشکاندنی داعش و رووخاندنی دەسەڵاتەکەی ئەسەددا، ئەمە لە کاتێکدا مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیری ناوچەکە، ئایا تا چ رادەیەك ئەم جیاکردنەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی هاوپەیمانی دژ بە داعش لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش دوودڵ دەبن؟**

- بە داخەوە موعارەزەی میانڕەوی سووریا زۆر بەهێز نییە و تاکە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ژێمەکە ئیسلامییەکانن، ئەویش هەموویان نا، راستە بەرەی ئەلنوسرە و گرووپی ئیسلامی دیکە هەن، بەڵام کاراترین گرووپی سووریا بریتیە لە داعش، من وای نابینم کە ئەگەری ئەوە هەبێت ئەسەد بتوانێت درێژە بە کۆنترۆڵکردنی سەرجەم سووریا بدات، بەڵام ئەمە مایەی نیگەرانییە بۆ تورکیا و بۆ ئەمریکا و بۆ ئەردەن.

*** دەبینین دوای دروستبوونی داعش جیهادییە سەلەفییەکان لە رووی ژمارەوە زیاتر دەبن و بە چەشنێك زیاد دەبن کە بوونەتە بەرهەمی ناوخۆیی، لە رۆژئاواشدا بەهۆی سوودوەرگرتنیان لە بوونی کۆمەڵگەی ئازاد، ئەوا ئایدیای سەلەفی جیهادی برەو دەستێنێت، ئایا ئەگەر سەلەفییەتی جیهادی بەم شێوەیە گەشە بکات، ئەوا چ مەترسییەك لەسەر جیهان دروست دەکات؟**

- ئاشکرایە ئەوە مەترسییە بۆ هەموو جیهان و بەتایبەتیش بۆ ئەوروپا، چونکە بە هەزاران موسڵمانی ئەوروپا روودەکەنە سووریا و سنووری تورکیا دەبڕن و دەچنە ناو داعشەوە، ئەگەری ئەوەش هەیە بگەڕێنەوە و کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن، لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا و بەریتانیا و.. هتد، دەزگاکانی ئاسایشیش هەوڵ دەدەن چاودێرییان بکەن. بەڵام هۆشیارییەکیش هەیە لە جیهاندا و هەست بەوە دەکەن کە ئەمە مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی.

*** لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا نزیکەی ٩٩٪ی هێرشە تیرۆریستییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و وڵاتە ئیسلامییەکان چڕ بوونەتەوە، دەبینین داعش و جەبهەی ئەلنوسرە و ئەلقاعیدە و هەموو ئەو گرووپانە تەرکیز لەسەر ئەم بەشە و لەسەر وڵاتانی ئیسلامی دەکەنەوە، ئایا تا چ رادەیەك ئەم هەوڵی ئیسلامی سیاسییە بۆ دروستکردنی خەلافەتی ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بیرۆکەیەکی جددییە؟**

پێموا نییە ئەمە بیرۆکەیەکی جددی بێت، ئەگەرچی داعش خۆی ناو ناوە دەوڵەتی ئیسلامی، کە لە بنەڕەتدا دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بوو، دواتر گۆڕا بۆ دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام ئەمە شتێکی واقیعییانە نییە. نائاسوودەییەکی زۆر هەیە لە نێو جیهانی ئیسلامیدا لە ئاست مۆدێرنە و جیهانی دیموکراتی، لەمەش خراپتر ژمارەیەکی زۆری موسڵمانان لە ئەوروپادا هەن کە بە تەواوەتی ئاوێتە نەبوون لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا نیشتەجێ بوون، ئەمەش واتە کەلتوورێکی جیاواز لە ناو کەلتووری رۆژئاوا خەریکە پەرەدەسێنێت، ئەمەش زەمینەیەکی بە پیتە بۆ گەشەکردن و برەو سەندنی تیرۆریزم.

**نائاسوودەییەکی زۆر هەیە لە نێو جیهانی ئیسلامیدا لە ئاست مۆدێرنە و جیهانی دیموکراتی**

**هەزاران موسڵمانی ئەوروپا رووەدەکەنە سووریا و سنووری تورکیا دەبڕن و دەچنە ناو داعشەوە، ئەگەری ئەوەش هەیە بگەڕێنەوە و کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن**

**ئێران دەوڵەتێکی بەهێزە و تمووحی هەیە لە ناوچەکەدا و نفوزێکی زۆری هەیە لە ناو شیعەی عێراق، سعودیەش دەوڵەتێکی سوننەیە و دەستێوەردان لە عێراق دەکات و لە رکابەرییەکی ئیقلیمیدایە**

## پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز بۆ گوڵان:

# دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەبینین، بەڵام گرنگە کورد بتوانێت بە فۆرمێکی لیبڕاڵی بیری نەتەوەیی بخاتەڕوو



**پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پرسی سووریا و کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ قسەکردن لەسەر پێگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**کوردەکان زۆر سەرکەوتوو بوون، چونکە خۆیان وەک موسڵمانێکی میانڕەو پیشان داوە، هەروەها وەک بەرگریکار لە مافی چەندین گرووپی کەمینە و یەکسانییەکی زیاتر دەدەن بە ئافرەتان بە بەراورد بە گرووپەکانی دیکە، لەبەر ئەم هۆکارانە جیهانی ڕۆژئاوا دەیانەوێت هاوکاری کوردەکان بکەن**

**ئەمریکا چیتر باوەڕی بەوە نەماوە بتوانێت دەوڵەتە تێکشکاوەکانی جیهانی عەرەبی چاک بکاتەوە و هەوڵی چاکسازی لە سووریادا نادات**

*** خەریکە هاوکێشەی ناوچەکە گۆڕانکاری گەورە بە خۆیەوە دەبینێت، بەتایبەتی لە ئێستادا شەڕی داعش بۆتە هۆکاری مانەوەی ئەسەد و ڕژێمەکەی، تۆ کە تایبەتمەندیت لەسەر ئەم پرسە، چۆن ئەم گۆڕانکارییانە دەخوێنیتەوە؟**

- دوایین جار قسە لە بارەی سووریاوە کرابێت، لە کۆنفرانسەکەی جنێف بوو، کە باس لە ڕزگاربوون لە دەستی ئەسەد دەکرا. لە ڕۆژگاری ئێستادا چیتر بەهاری عەرەبی نەبۆتە جێی تەرکیزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاتێك باس دێتەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو باس لە بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم دەکرێت، بەتایبەتی گەشەکردنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کە پێدەچێت لە ئێستادا گرووپی نوێی هەبێت لە یەمەن و لە سینا کە دەچنە نێو پڕۆژە نوێ و بەتواناترەکەی ئەلقاعیدەوە، ئەمەش هەواڵێکی ناخۆشە بۆ زۆرێك لە لیبراڵەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەر سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان دیارە خەریکە شێوازی هاوپەیمانییەکانیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێن.

*** واتە ئەولەوییەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گۆڕاوە و بۆتە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم ؟**

- ئەوەی روونە ئێستا ئەولەوییەت بۆتە بەگژداچوونەوەی تیرۆر، ئەمەش هەواڵێکی باشە بۆ کورد، چونکە ئەمریکا بۆ ئیحتیواکردنی داعش بە دوای شەریکدا دەگەڕێت و بە دڵنیاییەوە کوردیش لە پێگەیەکی باشدایە. بێگومان کێشەیەك بەرۆکی کورد دەگرێت لە کۆبانێ و عەفرین. کوردەکانی باکووری عێراق و کوردەکانی باکووری ڕۆژئاوای سووریاش زۆر روونە کە ئەوان لە پێگەیەکی باشدان بۆ یارمەتیدان، بەڵام کوردەکانی عەفرین لە دۆخێکی باشدا نین و دەبێت نیگەران بن. من دەڵێم ئەمە ساتەوەختێکی زۆر مەترسیدارە بۆ کوردەکانی عەفرین، تورکیا لە پێگەیەکی زۆر ئاڵۆزدایە، ئەمریکا وەزعی باش نییە لەبەر ئەوەی بە ئەمری واقیع ڕژێمەکەی ئەسەد شەریکێکی ستراتیژییە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام هەم تورکیا و هەم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە توندی نکۆڵی لەوە دەکەن، لەبەر ئەوەی نایانەوێت بەوانەوە گرێ بدرێنەوە.

*** واتە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن عەفرین ببێتە کۆبانێیەکی نوێ؟**

- لەبەر ئەوەی زۆر کەس لە ئێستادا وا سەیری عەفرین دەکەن کە ناوچەیەکی کوردییە و دوورە لە سەنتەری کوردستانەوە و ئەگەر تیرۆریستانی داعش بڕیاریان دا، هێرش بکەنە سەر عەفرین، ئەوا کێ هاوکاریان دەکات؟ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هات بە هانای کوردەکانەوە لە کۆبانێ، بەڵام تورکیا زۆر دوودڵ بووە لەوەی ئەم کارە بکات. بەڵام پەیەدە خۆڕاگر بوو.

*** بەم دواییە ڕێککەوتنێك لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق هاتەئاراوە لەبارەی دابەشکردنی داهاتی نەوتەوە، ئایا تا چ ڕاددەیەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکەوتووبووە بۆ دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی دژ بە تیرۆریزم و ئایا چاوەڕوانی بەرنامەیەکی هاوبەشی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی عیبادی دەکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش؟ هەروەها تا چ ڕاددەیەك هاوپەیمانێتییەکە فشار لەسەر حکومەتەکەی عیبادی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ کورد دروست دەکات؟**

- تاوەکو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هەڕەشە بێت بۆ سەر کوردستان و بەغدا، ئەوا کورد و عەرەب ڕێگەیەك بۆ ڕێککەوتن دەدۆزنەوە. بەڵام لەو کاتەدا کە بەغدا داعش ببەزێنێت، یاخود داعش لاواز بێت، ئەوا چەندین کێشەی دیکە دروست دەبن، لەبەر ئەوەی ناوچەگەلێك هەن کە کورد و عەرەب پێکەوە تێیدا دەژین، هەروەها سنوورێکی روون نییە لە نێوانیاندا، بە هەمان شێوە کوردەکان چەندین ناوچە کۆنتڕۆڵ دەکەن کە عەرەبەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن خاکی ئەوانە. هەر بۆیە زۆر کەس مشتومڕی ئەوەیان دەکرد، نابێت ئەمریکا چەك بداتە کورد، یاخود دەبێت بە شێوەیەکی سنووردار بێت، بە دڵنیاییەوە ئەمەش ئەو پرسیارە دەهێنێتەئاراوە کە کێ خاوەنی زەوییە لە عێراق. ئەم پرسیارەش دەبێتەهۆی ئەوەی لە ئایندەدا کورد و عەرەب بۆ ماوەی چەندین دەیە بۆچوونی جیاوازیان هەبێت.

*** ئایا ئاڵوگۆڕێك لە هاوپەیمانێتی سوننەکانەوە بۆ هاوپەیمانێتی شیعەکان لەلایەن ئەمریکا و ڕۆژئاواوە ڕوودەدات؟**

- بۆ وڵاتە سوننەکان ئەمە راستە، چونکە وڵاتە سوننەکان زۆر دابەش بوون، بۆ نموونە دابەش بوون لە نێوان تورکیا و سعودیەدا هەیە، تورکیا پشتیوانی ئیخوان موسلمین دەکات، عەرەبستانی سعودی ئیخوان موسلمین بە دوژمنێکی سەرسەخت دەزانێت. بەم دواییەش لە سووریا پێکهێنانی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشگێڕیمان بینی، ١٧ گرووپی میلیشیا لە تورکیا کۆبونەوە بۆ ئەوەی فەرماندەیەکی هاوبەش دروستبکەن کە زۆربەیان ئیسلامین. عەرەبستانی سعودی و ناوچەکانی دەوروبەری درعا بەشدارییان لەمەدا نەکرد، کەواتە تەنانەت ئەم دابەشبوونەش دەبینین لە نێوان ئەو سوننانەی پشتیوانی ئیخوان موسلمین دەکەن و ئەو سوننانەی دژی ئیخوان موسلمینن لە نێوان باکوور و باشووردا، کە سعودیە لە باشوورە و پەرە بە گرووپگەلێکی جیاواز دەدات کە جیاوازە لە نفووزی تورکیا لە باکوور. واتە جیهانی سوننە بوونی هەیە و دژی شیعە و دژی عێراق و بەغدا و دژی سووریا و دیمەشقن، بەڵام هاوڕا نین، بۆیە من پێموا نییە ئاڵ و گۆڕێك دروست بێت بەو مانایەی کە پشت بکەنە سوننەکان و رووبکەنە شیعەکان. بەڵام کاتێك ئەمریکا دووردەکەوێتەوە لەم ناوچەیە، ڕۆڵێکی کەمتری دەبێت لەم شەڕی دەسەڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە هەوڵدەدات هاوسەنگیی ئێران بەرامبەر سعودیە رابگرێت. بەڵام کاتی ئەوە هاتووە ڕۆڵی تەقلیدی خۆی بگۆڕێت وەك دوژمنی ئێران و دۆستی سعودیە و ڕۆڵێکی هاوسەنگتری هەبێت کە لە هەندێ پرسدا کار لەگەڵ ئێراندا بکات و لە

هەندێ پرسی دیکەدا کار لەگەڵ سعودیەدا بکات.

*** پیتوایە قەتەریش هەمان هەڵوێستی تورکیای هەیە؟**

- بەدڵنیاییەوە هەمان هەڵوێستی تورکیای هەیە، ئەم دابەشبوونەش وڵاتانی کەنداو پەرت دەکات.

*** لە نامەکەی ئۆبامادا بۆ خامنەئی باسی لەوە کردبوو کە ستراتیژیەتی هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکە بۆ شەڕکردن لە دژی داعش رووخاندنی رژێمەکەی بەشار ئەسەد لەخۆ ناگرێت، ئایا ئەمە بە مانای هاوپەیمانێتی ئەمریکا نایەت لەگەڵ شیعەکاندا کە لە هەمان کاتدا هاوپەیمانی سعودیەش بێت؟**

- پێموایە لێرەدایە کە خەڵکی دوور دەڕۆن، زۆر کەس لە سووریا، بەتایبەتی ئەوانەی لە نێو موعارەزەدان، کاتێك دەبینین ئەمریکا ناچێتە ریزی ئەوانەوە. ئەوا وای لێکدەدەنەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوپەیمانێتیەکی نهێنی لەگەڵ ئەسەددا هەبێت، ئەمەش دوورە لە راستییەوە. ئاشکرایە ئەمریکا دوژمنێکی هاوبەشی هەیە کە داعشە، بەڵام هەڵوێستی مێژوویی ئەمریکا لە ئاست ئەسەددا زۆر نادۆستانە بووە، هەموو هێزە سوننەکانی ناوچەکە دەیانەوێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەسەد و رژێمەکەی لە دیمەشق تێکبشکێنێت، ئەمریکاش نایەوێت ئەم کارە بکات، چونکە بە رێگەیەکی سەخت فێری ئەوە بووە کە ئەگەر ئەو دیکتاتۆرانە بڕووخێنیت، ئەوا پشێوی دروست دەبێت و رژێمێکی باشتر نایەتەئاراوە، بە دڵنیاییەوە ئێمە ئەمەمان لە عێراق و لیبیا و یەمەندا بۆ ئاشکرا بوو.

*** ئێمە دەزانین کە لە باکووری ئەفریقیا و هەروەها لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابەشبوونێك هەیە لە سەر بنەمای تایەفەگەری، واتە لە نێوان شیعە و سوننەدا، کە ئەمە تورکیاش دەگرێتەوە، لەم نێوەندەدا کوردەکان تاکە هێزی سوننەن کە بە بێ دوودڵی شەڕی داعش دەکەن و رۆڵێکی بنەڕەتییان بینیوە لەو شەڕەدا، لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا تا چ رادەیەك گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاریان بێت؟**

- ئەوە راستە، ئەمە پێشمەرگە و کوردەکانی عێراق دەخاتە پێگەیەکی زۆر بەهێزەوە، نەك تەنها هاوکاری دەبێت لە گفتوگۆکانی لەگەڵ بەغدا، بەڵکو هاوکاری دەبێت لە گفتوگۆکانی لەگەڵ تورکیا و ئەمریکاش. بە دڵنیاییەوە دەبێت پێشمەرگە وریا بێت، چونکە تورکیا هەوڵدەدات کوردەکان دابەش بکات لە رووی شەڕکردن لە دژی پەیەدە. ئەمەش دەرفەتێکی گەورەتر بۆ پێشمەرگە دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی رۆڵێکی دبلۆماسی ببینێت لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان لە نێوان پەیەدە و کوردەکان بەگشتی و تورکیادا، هەروەها هەوڵی برەودان بە بەرژەوەندییەکانی کورد لە تورکیادا بدات. وەك میانگیرێك لە نێوان ئەنقەرە و پەیەدە. بەڵام ئەمە دەرگای چەندین مەترسیش بە رووی پێشمەرگەدا دەکاتەوە، چونکە ئەگەر پێشمەرگە تەنها مەحەلییانە بیر بکەنەوە و تەنها خەمی برەودان بە بەرژەوەندیەکانی هەرێمی کوردستانیان بێت، ئەوا لەلایەن تورکیاوە بۆ ئازاردانی پەیەدە بەکار دەهێندرێن، ئەمەش ناوبانگی باشی پێشمەرگە لە تێڕوانینی چەندین کورددا دەشێوێنێت. ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کوردەکان ببنە قوربانی دابەشبوون و شەڕی نێوخۆیان، کە هەمیشە لاوازی کردوون لە بەرامبەر دراوسێ بەهێزەکانیاندا، بەڵام لە روویەکەوە ئەمە دەرفەتێکی گەورەیە بۆ کورد، چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستی بە کوردە و پێویستی بە شەریك هەیە، دەکرێت شەریك لە نێو عەرەبە سوننەکان بدۆزێتەوە، بەڵام ئەمانە هەمیشە شەریکێکی دوودڵن، بەڵام بە دڵنیاییەوە کێشەی کورد لە روانگەی ئەمریکاوە بریتییە لەوەی کوردەکان نایانەوێت خاکی عەرەب داگیربکەن و حوکمڕانی ئەو خاکانە بکەن کە لە رووی مێژووییەوە بۆ عەرەب دەگەڕێنەوە، بەڵام ئەگەر ناوچەی تێکەڵ بن لە کورد و عەرەب، ئەوا بەڵێ دەیانەوێت حوکمڕانی بکەن، بەڵام ئەگەر هیچ کوردێکی لێ نەبێت، ئەوا زەحمەت دەبێت هێزی کوردی بەکار بهێنن، لەبەر ئەوەی نایانەوێت بچنە شەڕەوە لەگەڵ دراوسێکانیاندا، کوردەکان پێویستیان بە پەیوەندی باشە لەگەڵ دراوسێکانیان و لەگەڵ عەرەبە سوننەکاندا. کوردەکان نایانەوێت ببنە ئامرازێك بەدەستی ئەمریکاوە لە ناوچەکەدا. دەبێت وریاش بن.

*** ئایا چۆن دەکرێت شەڕی داعش بکرێت لە کاتێکدا بەشداربووانی هاوپەیمانێتی دژی دەوڵەتی ئیسلامی برەو بە رێکخراوێکی سەر بە ئەلقاعیدە دەدەن؟**

- ئێمە چارەسەرێکی سیاسیمان نییە، ئەمریکا چارەسەرێکی سیاسی نییە بۆ تێکشکاندنی داعش، ئەمریکا دوای خەرجکردنی داهاتێکی زۆر لە عێراقدا دەستبەرداری ئەوە بووە و ئامادە نییە کە خۆی بە چارەسەرکردنەوە خەریك بکات. ئەوەی ئامادەیە ئەنجامی بدات شەڕی دژ بە تیرۆرە.

*** واتە مەبەستتان ئەوەیە ناکرێت بە هێزی سەربازی داعش تێکبشکێندرێت، یاخود ئەمریکا ئەم توانایەی نییە و نایەوێت هەڵەکانی لە عێراق دووبارە بکاتەوە؟**

- پێموایە هەردووکیان دروستن، ئەمریکا ناتوانێت ئەم کارە لە رووی سەربازییەوە ئەنجام بدات، بەڵکو پێویستی بە چارەسەری سیاسی هەیە، کە تێیدا عەرەبە سوننەکان رژێمێکی باشتریان بۆ دەستەبەر بێت. خاڵی دووەم ئەوەیە ئەمریکا چیتر باوەڕی بەوە نەماوە بتوانێت دەوڵەتە تێکشکاوەکانی جیهانی عەرەبی چاك بکاتەوە و هەوڵی چاکسازی لە سووریادا نادات، بەو پێیە سەرۆك ئۆباما بە تموحێکی بچووکتر رازی دەبێت کە بریتییە لە زیان گەیاندن بە نوسرە و بە داعش بۆ ئەوەی نەتوانن کرداری تیرۆریستی لە رۆژئاوادا ئەنجام بدەن. ئەمەش ئەو پایە هاوبەشەیە کە هەوڵە نێودەوڵەتییەکەی راگرتووە، هەر ئەمەش مایەی نارەحەتییەکی زۆرە بۆ زۆرێك لە عەرەبە سوننەکان و عەرەبەکان بەگشتی، لەبەر ئەوەی پێیانوایە رۆژئاوا دەستبەرداریان دەبێت و بایەخ بە بەرژەوەندیەکانی ئەوان نادات و تەنها بایەخ بە بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا دەدات و

**ئەگەر پێشمەرگە تەنها مەحەلییانە بیر بکەنەوە و تەنها خەمی برەودان بە بەرژەوەندیەکانی هەرێمی کوردستانیان بێت، ئەوا لەلایەن تورکیاوە بۆ ئازاردانی پەیەدە بەکار دەهێندرێن**

**هەموو هێزە سوننەکانی ناوچەکە دەیانەوێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەسەد و رژێمەکەی لە دیمەشق تێکبشکێنێت، ئەمریکاش نایەوێت ئەم کارە بکات، چونکە بە رێگەیەکی سەخت فێری ئەوە بووە کە ئەگەر ئەو دیکتاتۆرانە بڕووخێنێت، ئەوا پشێوی دروست دەبێت و رژێمێکی باشتر نایەتەئاراوە**

# پرسی نەتەوەیی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی



د. ڕەشاد میران

تایبەت بە گوڵانی نوسیوە

بوار دەدەن بە داعش و گرووپەکانی دیکە بۆ ئەوەی ترس و لەرز لە سووریا بڵاو بکەنەوە، ئەگەرچی هەوڵدەدەن ڕێگە بە داعش و نوسرە نەدرێت ترس و لەرز لە نێو ڕۆژئاواییەکاندا بڵاو بکەنەوە. ئەمەش واقیعی مەترسیداری دەوڵەت نەتەوە ئاشکرا دەکات کە خەڵکی خۆپەرستن و بایەخ بە خۆیان دەدەن و گرنگی بە دراوسێکانیان نادەن.

*** ئایا پێشبینی ڕوودانی گۆڕانکاری لە سنوورەکاندا دەکەن، بەتایبەتی کە ئەو هەموو ناکۆکییانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روو دەدەن؟**

- پێموایە سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردی دەبینین و ئەوەش گۆڕانکاری گەورەیە لە سنوورەکاندا، من پێشبینی گۆڕانی سنوور لە نێوان عێراق و سووریا ناکەم، بەلای کەمەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی نا، بە دڵنیاییەوە ئێستا سنوورێکی ڕاستەقینە نەماوە لە نێوان سووریا و عێراقدا، بەڵام پێشبینی ناکەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گۆڕان لە سنوورەکاندا قبووڵ بکات. بەڵام ئایا جارێکی دیکە سووریا لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە حوکمڕانی دەکرێت؟ یان ئەگەر پرسیارم لێ بکەیت، ئایا جارێکی دیکە سووریا لەلایەن یەك حکومەتەوە حوکمڕانی دەکرێت؟ ئەوا ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە، پێموایە بۆ چەندین ساڵی دیکە سووریا لە ناوخۆیدا دابەش دەبێت، بەلای کەمەوە بۆ دە ساڵی داهاتوو لە سووریادا میلیشیا و تەرتیباتی ئەمنی مەحەلی لە ئارادا دەبێت.

*** دوا پەیامت چییە؟**

- کورد زۆر سەرکەوتوو بوون، چونکە خۆیان وەك موسڵمانێکی میانڕەو پیشان داوە، هەروەها وەك بەرگریکار لە مافی چەندین گرووپی کەمینە و یەکسانییەکی زیاتر دەدەن بە ئافرەتان بە بەراورد بە گرووپەکانی دیکە، لەبەر ئەم هۆکارانە جیهانی ڕۆژئاوا دەیانەوێت هاوکاری کورد بکەن، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ کورد لە تێڕوانینی ڕۆژئاوادا، چونکە بۆ چەندین دەیە یەکێتی ئەورووپا فشاری لەسەر تورکیا کرد بۆ دانانان بە مافەکانی کورد و ڕاگرتنی خراپترین شێوەکانی جیاکاری. کەواتە سەرهەڵدانی مافەکانی کورد لە تورکیا و کوردستانی عێراق گرنگە و بەردەوام ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەدەستهێنانی مافەکان بۆ کورد هەم لە عێراق و هەم لە سووریا، هەروەها هەڵمەتی بەدەستهێنانی ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییە کە کورد بەرپای کردووە، گرنگ و سەرکەوتوو بووە. بە دڵنیاییەوە کوردەکان زۆرترین تاڵاویان چەشتوە بەدەست ناسیۆنالیستی عەرەبی و تورکی و بەدەست ڕەگەزپەرستی ناسیۆنالیستی بەرتەسکەوە ناڵاندوویانە، لەبەر ئەوەی تورکەکان ویستوویانە بیانکەن بە کورد و عەرەبەکانیش ویستوویانە بیانکەن بە عەرەب و خرانە ژێر زەبری دەسەڵاتی سەربازییەوە، شەرمەزارییەکی گەورە دەبێت، ئەگەر کوردیش ئەمە بەرامبەر خەڵکی دیکە بکات، کەواتە کورد ئەرکێکیان لەسەر شانە بۆ ئەوەی فۆرمێکی لیبراڵانە ناسیۆنالیزم بخەنەڕوو.

**تاوەکو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هەڕەشە بێت بۆ سەر کوردستان و بەغدا، ئەوا کورد و عەرەب ڕێگەیەک بۆ ڕێککەوتن دەدۆزنەوە. بەڵام لەو کاتەدا کە بەغدا داعش بەزێنێت، یاخود داعش لاواز بێت، ئەوا چەندین کێشەی دیکە دروست دەبن**

**ئێستا ئەولەوییەت بۆتە بەگژداچوونەوەی تیرۆر، ئەمەش هەواڵێکی باشە بۆ کورد، چونکە ئەمریکا بۆ ئیحتیواکردنی داعش بە دوای شەریکدا دەگەڕێت و بە دڵنیاییەوە کوردیش لە پێگەیەکی باشدایە**

کۆمەڵبوونە مرۆییەکان پێش هەموو شتێك لەسەر بنەمای ئاسایشی کۆمەڵی دادەمەزرێن؛ بە مەبەستی ڕەخساندنی بواری پێکەوەژیانیان، هاوکاریی کۆمەڵایەتی و نواندنی چالاکیی پێویست بۆ ژیانێکی سەقامگیر، ئاسایشی نێوخۆ و بەرگریکردن لە مەترسیی دەرەکی وەکو پێشمەرج بۆ کۆمەڵبوون خۆیی سەپاند. زامنبوونی ئاسایش بنچینە بوو بۆ وردە وردە گەشەکردن و پەرەسەندنی کۆمەڵبوونی مرۆیی و گەیشتن بە ئاستی کۆمەڵگا.

ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کەواتە، زەمینەی سەرەکی و یەکەمینە بۆ پتەوبوونی یەکەی کۆمەڵایەتی.. لە ڕەوشێکی ناسەقامگیر، پڕ ئاژاوە و ناکۆکیدا هاوکاریی نێوان ئەندامانی ئەو کۆمەڵبوونە سەرهەڵنادات، بۆیەش پەیوەندییەکان کز و توخم و ئەندامەکانیشی پەرشوبڵاو دەبن.

ئاسایشی کۆمەڵایەتی پێداویستییەکی زیندەگی و هەمیشەییە، چونکە ژیانی ئاسایی خەڵك لە سایەیدا بەڕێوەدەچێ. ئەگەر سەرنج بدەین، لەگەڵ ئاڵۆزبوونی بارودۆخ و تێکچوونی پەیوەندییەکان و زۆرانبازیی توندی لایەنەکاندا (بەتایبەتیش لەکاتی شۆڕش و ڕاپەڕین و شەڕی ناوخۆ و مەترسیی دەرەکیدا...هەموو ئەوانەشمان ئەزموون کردوون) بانگەشە و هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوە نەك هەر لەلایەن دەسەڵاتەوە، بگرە دەبێتە داخوازیی خەڵکەکەش- چونکە لەو حاڵەتانەدا، نەك هەر پڕۆسەی گەشەکردن و پێشکەوتن دەوەستێ، بەڵکو هەر شیرازەی ژیانی ئاسایی تێکدەچێ و بۆیەش ئاسایش و سەقامگیری دەبن بە خەمی هەموو کەسێك.

ئاسایش و سەقامگیری توند بەیەکەوە بەندن، ئامانجی یەکەمینی هەر دەسەڵاتێکیشن. ئاسایش و سەقامگیریش تەنیا بە کۆنترۆڵکردنی لایەنەکانی ئەمنی و سیاسی فەراهەم نابن، بگرە هەموو لایەن و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی دەگرنەوە: ئابووری (بازاڕ و پیشە، بژێویی خەڵك...)، کۆمەڵایەتی (خێزان و نەوەکان، پەروەردە، تەندروستی...)، کولتووری (دابونەریت، ئایین، هونەر.. )- هەموو ئەو بوارانە، لەگەڵ ئەمنی و سیاسیش، بەیەکەوە گرێدراون و پێکەوە کۆی ژیان و واقیعی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا پێکدێنن؛ کورتهێنانی دەسەڵات لە هەر یەکێك لەم بوارانە، سەقامگیریی دەخاتە مەترسییەوە و لایەنی ئەمنیش کز دەبێ.

دەسەڵاتی هوشیار دەبێ ئاگاداری سەرلەبەری ڕەوشە کۆمەڵایەتییەکە بێ؛ یان ڕوونتر ئاگاداری ژیانی ئاسایی خەڵك بێت. هەر کەموکورتییەك لەو ژیانە ئاسایی و زۆر سادەیەدا، کاریگەریی دەبێ بەسەر باری ئەمنی و سەقامگیرییەوە.

کۆمەڵگای ئێمە، لە کوردستانی باشووردا، لە ڕەوشێکی سیاسی-جەنگیی تایبەت دایە، بنەمای سەرکیی ئەو ڕەوشەش بێگومان پرسی نەتەوەییە. لە هەلومەرجێکی وادا دەسەڵات، ڕەنگە، نەپەرژێتە سەر دابینکردنی هەموو وردەکارییەکانی ژیانی خەڵك، ئەوانیش ڕەچاوی ئەو بارە دەکەن؛ بەڵام بە هەندێك هێوربوونەوەی بارودۆخ دەسەڵات هیچ پاساوێکی نابێ بۆ «جارێکیتر» پشتگوێخستنی پێداویستییە سەرەکییەکانی جەماوەر کە گەورە و زۆریش نین. لە ڕاستی دوورناکەوینەوە ئەگەر بڵێین داواکارییەکانی خەڵك، لە ئێستادا، بریتین تەنیا لە دابینکردنی بژێو بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بەپێی پلانێکی زانستی و ئاشکرا و نەهێشتنی دیاردەکانی گەندەڵی — ئەمەش واتە بنیادنانەوەی متمانە لەنێوان خەڵك و دەسەڵات کە بەداخەوە متمانەکە بەرەو نەمان دەچێ؛ کەواتە ئەو «سەقامگیری و ئاسایشەی» ئێستاکە لە کوردستان بەرقەرارە تەنیا کاتی و ڕووکەشانەیە.

لەدەسدانی متمانەی جەماوەر دەسەڵاتی بەهێزترین حوکمڕان لەق دەکات؛ دوای ئاشکرابوون و بڵاو بوونەوەی بەرفراوانی دیاردەکانی گەندەڵیش، نابێ دەسەڵاتداران ئەوەندە ساویلکە بن فیز بە متمانەی خەڵکەوە بکەن.. تاقە هۆ بۆ بێدەنگییان پرسی نەتەوەییە.

گەورەیی و نەبەردی و دڵفراوانیی خەڵکی کوردستان بەو ڕادەیەیە کە پرسی نەتەوەیی هەمیشە بە پیرۆز دەزانن و لەپێناویدا گیانیان دەبەخشن، چاودەپۆشن لە قاتوقڕی و کەموکوڕییەکان — تەنانەت لە گەندەڵیش؛ بەڵام هەر ئەو پیرۆزییەی پرسی نەتەوەییشە دەرئەنجام گەندەڵی بنەبڕ دەکات، چونکە کۆمەڵبوونی مرۆیی بە گەندەڵییەوە هەرگیز ناگات بە ئاستی «نەتەوە»- کەچی پڕۆسەی نەتەوەیی کورد لەگەڕ دایە و ناوەستێ، هوشیاریی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان تادێ بەهێزتر دەبێ و هوشیاریش واتە درککردنی خەڵك بە هەموو پێداویستی و دیاردە و پڕۆسەکان.. بۆیە با لە سایەی پیرۆزیی نەتەوەدا گەندەڵی نەهێڵین، چونکە گەندەڵی (دزی و درۆکردن و چاوچنۆکی) نەك هەر سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی دەخاتە مەترسییەوە، بگرە پڕۆسەی کامڵبوونی نەتەوەییش لەباردەبات.

**ئاسایش و سەقامگیری توند بەیەکەوە بەندن، ئامانجی یەکەمینی هەر دەسەڵاتێکیشن. ئاسایش و سەقامگیریش تەنیا بە کۆنترۆڵکردنی لایەنەکانی ئەمنی و سیاسی فەراهەم نابن، بگرە هەموو لایەن و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی دەگرنەوە**

**دەسەڵاتی هوشیار دەبێ ئاگاداری سەرلەبەری ڕەوشە کۆمەڵایەتییەکە بێ؛ یان ڕوونتر ئاگاداری ژیانی ئاسایی خەڵك بێت. هەر کەموکورتییەک لەو ژیانە ئاسایی و زۆر سادەیەدا، کاریگەریی دەبێ بەسەر باری ئەمنی و سەقامگیرییەوە**




پرۆفیسۆر سابت عەبدوڵڵا

تایبەتمەند لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# شانازی بە خەڵکی کوردستانەوە دەکەم توانیویەتی دورگەیەک لە سەقامگیری بپارێزێت

**پرۆفیسۆر سابت عەبدوڵڵا ئوستادی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی یۆرك لە کەنەدا و بە ڕەگەز عێراقییە و خەڵکی بەغدایە و یەکێکە لەو ئەکادیمستە عێراقییانەی کە بە شێوەیەکی واقیعییانە سەیری بارودۆخی عێراق و پرسی کورد لە عێراقدا دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق و ناوچەکە و ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئیسلامی بەخۆیەوە دەیبینێت، ئەم وتووێژەمان ئەنجامداو بەمجۆرە راوبۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** سەرەتا با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین وەك عەرەبێکی عێراقی چۆن سەیری پرسی کورد دەکەیت، بەتایبەتی لە ئێستا کە هەموو عێراق بە کوردستانیشەوە ڕووبەڕووی ئەو دوژمنە هاوبەشە بوونەوە کە تیرۆریستانی داعشن؟**

- سەرەتا خۆشحاڵم قسە لەگەڵ گۆڤاری گوڵان دەکەم، دواتر وەك عەرەبێکی عێراق کە لە بەغدا گەورە بووم و هەمیشە ئەو بۆچوونەم هەبووە کە بۆ ئەوەی عێراق ببێتە وڵاتێکی پڕ لە ئاشتی و سەقامگیری، دەبێت دان بە تەواوی مافە نەتەوەییەکانی کورددا بنرێت، بە مافی بڕیاردانی چارەنووسیشەوە. ڕاستە وەك عەرەبێك هەمیشە حەز دەکەم عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و کوردستان بەشێك بێت لێی، بەڵام باوەڕیشم بەوە هەیە کە پێویستە کوردەکان بێ هیچ جۆرە ناچارکردنێك خۆیان بڕیار لەسەر ئەو پرسە بدەن. سەبارەت بە پرسیارەکەتان، دوو شت هەیە لەبارەی داعشەوە کە دەبێت دانی پێدا بنێین، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەمە مەترسیدارترین ڕێکخراوی تیرۆریستییە لە ناوچەکەدا هاتبێتە ئاراوە کە چەندین بزووتنەوەی فاشیست و نالێبوردەیی بەخۆوە بینیوە، دەتوانین بە ڕژێمەکەی سەددام حوسێن دەست پێ بکەین، خاڵی دووەم ئەوەیە کە تاکە ڕێگە بۆ تێکشکاندنی ئەم بزووتنەوەیە -بە ڕەچاوکردنی لاوازیی حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا- بریتییە لە هەوڵی دەرەکی و نێودەوڵەتی. من خۆشحاڵم کە هەوڵی چڕی هەندێ دەوڵەت دەبینم بۆ پشتیوانیکردنی پێشمەرگە و حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا و سوپای عێراق بۆ شەڕکردن لە دژی داعش. ئەم تیرۆریستانە دەبێت تێکبشکێندرێن، هیچ ڕێگەیەکی دیکەشمان لەبەردەمدا نییە.

*** لەبەرامبەر مەترسی تیرۆریزمدا هەموو دەوڵەتێك بەرنامەی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیی هەموار کردۆتەوە، کەواتە خاڵی هاوبەشی نێوان نەتەوەکان بریتییە لە ستراتیژیەتی تیرۆریزم، بەتایبەتی دوای دروستبوونی داعش، پرسیارەکە ئەوەیە لەسەر بنەمای بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم، بەتایبەتی دوای کۆبوونەوەی ئەو هەموو دەوڵەتە بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، چۆن بە جیهانی بوونی ئاسایشی نەتەوەیی دەبینیت؟**

- تاکە ڕێگە بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامێکی ئیجابی لەمەدا ئەوەیە تەنها وەك کێشەیەکی ئەمنی لێی نەڕوانین، بەڵکو لە بوارێکی بەرفراوانتردا، داعش بێئەندازە مەترسیدارە و دەبێت تێکبشکێندرێت، زۆر گرنگە ئەوەمان لە یاد بێت کە هۆکاری دروستبوونی داعش زۆر دوورترە لەوەی تەنها هۆکاری ئەمنی بێت. بەڵکو بۆ شکستی حکومەتەکەی پێشوو، -حکومەتەکەی مالیکی- دەگەڕێتەوە، لەوەی نەیتوانی هەستێك درووست دەکات کە هەمووان بەشدار بن و هەموو گەمەکار و پێکهاتە جیاوازەکان لە پرۆسەکەدا بەرژەوەندییان هەبێت. بەڵام وەك عەرەبەکانی سوننە ئاماژەی پێدەکەن، زیاتر لە ناوچەیەك هەستیان دەکرد پەراوێز خراون. کەواتە مەسەلەکە هەر تەنها مەسەلەی ئەمنی نییە، بەڵکو بریتییە لە مەسەلەی لێبوردەیی و بەشداریی هەمووان و بە دیموکراتیزەکردن. هۆکارێکی دیکەی درووستبوونی داعش داگیرکاریی ئەمریکا و وێرانکردنی وڵاتەکە و بۆردمانکردنی مەترسیداری وڵاتەکە بوو، هەروەها ئەمریکا پلانێکی ڕوونی واقیعی نەبووە بۆ چۆنیەتی ئیدارەدانی دۆخی دوای سەددام لە عێراقدا، کاتێك سەددام ڕووخا زۆر کەس خۆشحاڵ بوون، بەڵام هەر زوو ئاشکرا بوو کە ڕێگەیەکی ڕوون و بەدیلێك نییە بۆ شوێنگرتنەوەی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن، ئەمەش بۆشایی دروست کرد. مەسەلەیەکی دیکەی بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم بریتییە لە هەستی بەرپرسیارێتی و بە حەزەر بوونی دەوڵەتە بەهێزەکان بە تایبەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، لە ڕووی ئەو توانای تێکشکاندن و وێرانکارییەی کە هەیەتی،چونکە هەموو کێشەیەك بە ئامرازی سەربازی چارەسەر ناکرێت.

*** لە ئێستادا هاوکێشەکان دەگۆڕێن، هەر بۆ نموونە تاوەکو شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، ئەمریکا و ڕۆژئاوا هاوپەیمانی عەرەبە سوننەکان بوون، بەڵام دوای**

**بۆ ئەوەی عێراق ببێتە وڵاتێکی پڕ لە ئاشتی و سەقامگیری، دەبێت دان بە تەواوی مافە نەتەوەییەکانی کورددا بنرێت، بە مافی بڕیاردانی چارەنووسیشەوە**

**سیاسەتێکمان دەوێت کە ڕێز لە بۆچوونەکان بگرێت، لەبری ئەوەی بۆچونگەلێکی دیاریکراو سەرکوت بکات**

**بەدەستهێنانی دەسەڵات لەلایەن ئیخوان موسلمینەوە لە میسر و بردنەوەی حزبی ئیسلامی لە لیبیا و دروستبوونی داعش، دەبینین عەرەبە سوننەکان تەبا نین لەگەڵ ئەمریکا لە رووی ستراتیژیەتی بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزمەوە، را و بۆچونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟ ئایا ئەمریکا دەستبەرداری هاوپەیمانێتی لەگەڵ سوننەدا دەبێت بۆ ئەوەی ببێتە هاوپەیمانی شیعەکان؟**

- هیوادارام ئەوەی ئێوە دەیڵێن وا نەبێت. یەکێك لە کێشەکانی گەڵاڵەکردنی سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بریتییە لە سادەکردنەوەی مەسەلەکە و لێکدانەوەی داینامیکیەتی سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای تایەفەگەری، عێراق نموونەیەکی باشە لەم رووەوە، کاتێك ئەمریکا هاتە ئەم وڵاتەوە، پێیوابوو عێراق لە چەند پێکهاتەیەکی جیاواز پێکهاتووە، شیعە لە باشوور و سوننە لە ناوەڕاست و کوردەکان لە باکوور و گریمانەی ئەوەیان کرد کە لە سەردەمی سەددام حوسێن ئەوە حوکمرانی سوننە بوو بەسەر هەموو لایەنێکی دیکەدا، بەڵام هەروەك دەزانین ئەمە زۆر ئاڵۆزتر بوو لەوە، خودی شیعەکان لەسەر چەندین بنەما دابەش بوون، حزبەکەی مالیکی، (حزبی دەعوە) لەگەڵ بزووتنەوەی سەدر دووچاری پێکدادان بوون، کەواتە ئەو گریمانەیەی کە شیعەکان یەکڕەنگن، ئەوەش راست نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە کوردەکان سەرکەوتوو بوون لە درووستکردنی قەوارەیەکی ئاشتییانە، بەڵام تەنانەت لەوێش بارگرژی جددی هەیە، کە ئێوە تەواو هۆشیارن پێی، کەواتە ئەو گریمانە سادەیەش کە کوردەکان هەموو سەر بە یەك گرووپن و یەك بۆچوونی سیاسییان هەیە، وەسفکردنێکی ورد نییە و مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە، تەنانەت چەندین کورد هەبوون لە دژی خەڵکی خۆیان هاوکاری سەددامیان دەکرد. کەواتە کورتکردنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سیاسەتی تایەفەگەری بە هەڵەداچوونە. سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ناوچەکەدا لەسەر بنەمای دوو خەمی سەرەکی بنیات نراوە، - بە دڵنیاییەوە چەندین بایەخدانی دیکە هەن- بەڵام دوو بایەخدانی سەرەکی هەیە، یەکەم هەناردەی بەردەوامی نەوت و نرخی جێگیری نەوت، دووەمیان بریتییە لە ئاسایشی ئیسرائیل. لەم رووەوە پێموایە بۆ حکومەتی نوێی عەرەبی گرنگە بەتایبەتی ئەوانەی کە لە دوای بەهاری عەرەبییەوە هاتوونەتە ئاراوە، بەهاری عەرەبی دۆخێکی درووستکردووە کە کەس دەقاودەق دڵنیا نییە لە ئایندەدا چی روودەدات، واتە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی گەورەیە، کە هێشتا لە رووی دەرئەنجامەکانەوە نادڵنیایی هەیە، زۆر کەس دەڵێن: بەهاری عەرەبی کۆتایی هاتووە، من بۆچوونم وانییە، ئەو هێزەی بەهاری عەرەبی بەڕێخست، رەنگە چەند دەیەیەکی بوێت پێش ئەوەی بە تەواوەتی دەرئەنجامەکانی بزانین. ئەوەی من ئومێدی بۆ دەخوازم، ئەوەیە کە پێویستە لە جیهانی عەرەبیدا و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی فۆڕمی حکومەتێك دروست بێت کە بە شیعە، یان سوننە وەسف نەکرێت، بەڵکو پتر دیموکراتی بێت و کەس پەراوێز نەخات، ئەو کاتە دەتوانین بە شێوەیەکی ماقووڵتر مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتێکی بەهێزی وەك ئەمریکا بکەین، کە نە مامەڵەی دوژمنایەتی بێت و نە ملکەچی تەواو بێت، بەڵکو لەسەر بنەمای بەخشین و وەرگرتن بێت.

**بەهاری عەرەبی دۆخێکی دروستکردووە کە کەس دەقاودەق دڵنیا نییە لە ئایندەدا چی روودەدات، واتە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی گەورەیە، کە هێشتا لە رووی دەرئەنجامەکانەوە نادڵنیایی هەیە**

**پێویستە لە جیهانی عەرەبیدا و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی فۆڕمی حکومەتێک دروست بێت کە بە شیعە، یان سوننە وەسف نەکرێت، بەڵکو پتر دیموکراتی بێت و کەس پەراوێز نەخات، ئەو کاتە دەتوانین بە شێوەیەکی ماقووڵتر مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتێکی بەهێزی وەک ئەمریکا بکەین، کە نە مامەڵەی دوژمنایەتی بێت و نە ملکەچی تەواو بێت، بەڵکو لەسەر بنەمای بەخشین و وەرگرتن بێت**

*** پێشمەرگە رۆڵی گرنگیان بینیوە لە راگرتنی پێشڕەویی تیرۆریستان و شەڕکردن لە دژی داعش، ئایا تا چ رادەیەك گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەمە لە بەرچاو بگرێت و پشتیوانی پێشمەرگەش بکات؟**

- رۆڵی پێشمەرگە لە شەڕکردن لە دژی داعش بەڕاستی پاڵەوانانایە، وەك عێراقییەك و کەسێکی ناسیونالیستی خوازیاری ئەوە نیم ئەمریکا لە رووی سەربازییەوە دەستێوەردان لە عێراقدا بکات، بەڵام داعش جیاوازە، من پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی —بە سەرکردایەتی ئەمریکا- دەکەم بۆ هێرشە ئاسمانییەکانیان لە دژی داعش، لەبەر ئەوەی داعش حاڵەتێکی جیاوازە و بێئەندازە شەڕانییە و زۆر مەترسیدارە، داعشەکان چەندین تاوانیان ئەنجام داوە لە دژی ئێزیدی و مەسیحییەکان کە دەکرێت بە جینۆساید دابنرێت، تەنانەت لەگەڵ ئەو سوننانەشدا کە هاوڕانین لەگەڵ لێکدانەوەی توندڕەوانەی ئەوان بۆ ئیسلام و دەیانەوێت وڵاتەکە بەرەو رۆژگاری سەدەکانی ناوەڕاست ببەن کە تێیدا کۆیلایەتی پیادەکراوە، ناکرێت رێگە بەمە بدرێت. لەم رووەوە گەرچی شتێکی خۆش نییە داوای هاوکاری لە ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین، بەڵام لە راستیدا ئێمە پێویستمان بەو یارمەتییە هەیە. من پشتیوانی لە هێرشە ئاسمانییەکان دەکەم و زۆر خۆشحاڵم و شانازی دەکەم کە حکومەتی کوردستان لە باکوورەوە هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی لە شەڕی دژی داعش گرتۆتەبەر، هەروەها خۆشحاڵم کە حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا گەیشتە رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی کوردستان، نەك تەنها لەبارەی داهاتی نەوتەوە، بەڵکو لە رووی هاوکاری سەربازیشەوە لە شەڕی دژ بە داعشدا، ئەمە نیشانەیەکی باشە بۆ پەیوەندییەکی پڕ لە هاوکاری کە تەنها لە پرسی داعشدا کورت نەبێتەوە و لاپەڕەیەکی نوێ بکرێتەوە لە پەیوەندی نێوان

بەغدا و هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و لێکتێگەیشتن، نەك ئەوەی لە رابردوودا بینیمان کە پەیوەندیی ملکەچپێکردن بێت.

*** دەبینین بەری ئەلنوسرە کە لقێکی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەیە لەلایەن تورکیا و سعودیە وەك تیرۆریست مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت، بەڵکو وەك لایەنێکی موعارەزە دەیانبینن، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا چۆن دەکرێت شەڕی داعش بکرێت لە کاتێکدا بەشداربووانی هاوپەیمانێتی دژی دەوڵەتی ئیسلامی برەو بە ڕێکخراوێکی سەر بە ئەلقاعیدە دەدەن؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا، پێگەی تورکیا جێی داخە، ئەوان لە پەیوەندی بە شەڕی ناوخۆیی سووریا هەڵوێستێکی سەرسەختانە دەگرنەبەر، کە بنەمایەکی هەڵەی هەیە. پێموایە ئەوەی حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەولێر کردوویانە لە پەیوەندی بە مامەڵەکردنیان لە ئاست شەڕی ناوخۆیی سووریادا باشترە. دەبێت بە شێوەیەکی گشتی بۆچوونمان ئەوە بێت کە ئەمە پرسێکە پەیوەندی بە سوورییەکانەوە هەیە و، خوازیارین و ئومێد دەکەین کە دۆخێك دروست بێت دەنگی سوورییەکان ببیسترێت و حکومەتێکی دیموکراتی دروست بێت. بەڵام پێموایە تێوەگلانی ڕاستەوخۆ یان لایەنگیری کردنی لایەنێك خزمەت بە بارودۆخەکە ناکات. زۆر هەڵەیە کە تورکیا باوەڕی وابێت بەرەی ئەلنوسرە هاوپەیمانە لە شەڕی دژی ئەسەد لە ناوچەکە. بڕوانە دوای ڕووخانی سەددام حوسێن و هەروەها دوای ڕووخانی چەند ڕژێمێکی عەرەبی بەهۆی ڕاپەڕینی جەماوەرییەوە، کە پێ دەنێتە ڕۆژگارێکی زۆر مەترسیدار و بۆشایی دەسەڵات و پشێوی زۆر هەیە. سیستمە کۆنەکە ڕامالدرا، بەڵام هێشتا سیستمە نوێیەکە نەیتوانیوە خۆی دابمەزرێنێت، واتە پێ دەنێینە قۆناغێکی کاتییەوە کە گوزارشتکردنێکی توندڕەوانەی مەترسیدارە کە بۆتە دروشم، ئایا چی وایکردووە داعش، یان بەرەی ئەلنوسرە سەرنجڕاکێش بن؟ لە بنەڕەتدا ئەوان داوای یاسا و نیزام دەکەن، ئەوان دەڵێن: ئێمە نیزام دەچەسپێنین، هەرچەندە دڵڕەقانە و سەرکوتکارانە بێت، بەڵام نیزامە. بەداخەوە خەڵکانێك هەن زۆر پەرۆشانە پێویستیان بە نیزام هەیە، کە تەنانەت ئامادەن پاڵپشتی گرووپە مەترسیدارەکانی وەك داعش و بەرەی ئەلنوسرە بکەن. مەسەلەکەش لە ڕێگەی سەربازییەوە چارەسەر نابێت، دەبێت کۆتایی بە پشێوی بهێندرێت لە ڕێی هەوڵی پڕ لە هاوکارییەوە و فۆرمێکی لێبوردەتری سیاسەت و سیاسەتێکمان دەوێت کە ڕێز لە بۆچوونەکان بگرێت، لەبری ئەوەی بۆچونگەلێکی دیاریکراو سەرکوت بکات. کەواتە من هاوڕام لەگەڵتاندا کە ناکرێت بەرەی ئەلنوسرە بە هاوپەیمان دابندرێت، ئەمە فاشیزمێکی نوێیە کە ئیسلام وەك ئایدیۆلۆژیای خۆی بەکار دەهێنێت. ئێمە ڕزگارمان بوو لە دەستی سەددام حوسێن کە فاشیستێکی مەترسیدار بوو کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی کردبووە چەکی دەستی خۆی، ئێستا فاشیزم بەرگێکی نوێی پۆشیوە، لە بنەڕەتدا ئەمە هەمان بزووتنەوەیە کە لە ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە گۆڕاوە بۆ توندڕەوی ئیسلامی و لە بنەڕەتدا هەمان چارەسەر دەخەنەڕوو کە بریتییە لە ترساندن لە پێناو چەسپاندنی نیزامدا، ئەمەش قابیلی ئەوە نییە بواری پێ بدرێت و نابێت بواری پێ بدرێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

سەرەتا من داوای لێبوردنتان لێدەکەم، چونکە خوازیار بووم ئەم چاوپێکەوتنەم بە کوردی لەگەڵ ئێوە بکردایە، من حەزم بە فێربوونی کوردی کردووە و کاتێك لە عێراق بووم یەکێك لە خۆشترین ساتەوەختەکان کە عێراقییەکان پێی خۆشحاڵ بوون، بریتی بوو لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان و حەفتا و یەك بوو کاتێك ڕێککەوتن کرا لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی کە حوکمی زاتی لە کوردستان دامەزراند، بڕیاریش بوو زمانی کوردی لە سەرتاسەری عێراقدا بخوێندرێت، ئێمەش وەك منداڵی قوتابخانەکان خوازیاری ئەوە بووین زمانی کوردی فێر بین و هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە وڵاتەکەدا دانی پێدابنرێت. ئەوە دەرفەتێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی وڵاتەکە بەرەو چارەسەرێکی ئاشتییانە بڕوات، بۆ ئەوەی بەرەو ئایندەیەك بڕۆن هەردوولا بەشداربن، بەداخەوە کەسێکی فاشیستی وەك سەددام حوسێن ئەمەی لەباربرد. کەواتە داوای لێبوردن دەکەم کە ئەمە چاوپێکەوتنەم بە کوردی نەکرد لەگەڵتاندا، بە هیوای ئەوەی لە ئایندەدا بتوانم. دووەم بەڕاستی دەمەوێت سڵاو بنێرم بۆ خەڵکی کوردستان بۆ ئەو دەستکەوتانەی بەدەستیان هێناوە، ئەمە تەقریبەن موعجیزەیە کە بەو هەموو هێزە دوژمنە دەورە درابێت، با خۆمان فریو نەدەین، هەر تەنها ڕژێمی سەددام نەبوو کە کوردی سەرکوت کرد، بەڵکو هەموو وڵاتێکی دەوروبەریان دوژمنی کورد بوون. کەواتە دەربازبوون لەم دۆخە بێئەندازە مەترسیدارە کە ئەو هەموو توندوتیژی و پشێوی و توندڕەوییەی لەخۆ گرتووە، هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی بچووکە توانیویەتی دورگەیەك لە سەقامگیری بپارێزێت، ئەمە بابەتێکی سادە نییە و لە ڕاستیدا پاڵەوانی مەزنی ئەم مەسەلەیە خەڵکی هەرێمی کوردستانن، ئەمە شتێکە من شانازی پێوە دەکەم.

**حزبەکەی مالیکی، (حزبی دەعوە) لەگەڵ بزووتنەوەی سەدر دووچاری پێکدادان بوون، کەواتە ئەو گریمانەیەی کە شیعەکان یەکڕەنگن، ئەوەش ڕاست نییە**

**داعشەکان چەندین تاوانیان ئەنجام داوە لە دژی ئێزیدی و مەسیحییەکان کە دەکرێت بە جینۆساید دابنرێت، تەنانەت لەگەڵ ئەو سوننانەشدا کە هاوڕانین لەگەڵ لێکدانەوەی توندڕەوانەی ئەوان بۆ ئیسلام و دەیانەوێت وڵاتەکە بەرەو ڕۆژگاری سەدەکانی ناوەڕاست ببەن کە تێیدا کۆیلایەتی پیادەکراوە، ناکرێت ڕێگە بەمە بدرێت**

# چارەنووسی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا نارۆشنە



دۆغو ئەرگیل*
بۆ گوڵانی نووسیوە

لە ماوەی دووساڵی رابردوودا ئەو حکومەتەی ئێستا لە دەسەڵاتدایە سەرقاڵی گفتوگۆیە لە بارەی ئایندەی تورکیاوە لەگەڵ رێکخراوێکی چەکدار کە هێشتا بەردەوامە لەسەر ئەوەی بە «تیرۆریست» ناوی ببات. کە بە شێوەیەکی گشتی پێی دەوترێت: «پرۆسەی ئاشتی یاخود چارەسەر».

کاردانەوەی کەسێکی دەرەکی کە زانیاری نەبێت ئەوە دەبێت کە «ئەگەر ریشەی کێشەکە نەبوونی مافە دیموکراتییەکان و بەربەستەکانی بەردەم بەشداریکردن بێت، ئیدی بۆچی لەبارەی سروشتی رژێمەکەوە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنێکی چەکداردا دەکەن؟ تەنانەت ئەم پرسیارە ساویلکەیەش پەردە لەسەر تێڕوانینی رەسمی لادەدات کە هێشتا لە بری برەودان بە ستانداردە دیموکراتییەکان، کێشەکە لە گۆشەنیگای ئەمنییەوە دەبینێت.

هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئەو لایەنەی هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت، لەبارەی رێککەوتنی ئاشتییەوە بریتییە لە سەرۆکی «رێکخراوە تیرۆریستییەکە» و ئەوەی گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، زیاتر نییە لە گەیشتن بە ئاگربەست، نەك گۆڕانی بنیادیی گەورە کە ببێتەهۆی ئەوەی دیموکراسی لە تورکیا پتر فرەیی و گفتوگۆکاری بێت (deliberative democracy).

باشە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم مەودا بەرتەسکە، ئایا چی بەدەست هێنراوە؟

شەممەی رابردوو شاندێکی هەدەپەی کوردی، یاخود پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی سەردانی سەرکردەی پەکەکە (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)ی کرد، بۆ ئەوەی لەبارەی پێشبینییەکانی حکومەت بۆ راگەیاندنی یەکجارەکی چەکفرێدان رای وەربگرێت. لایەنە رۆژنامەوانییەکانی نزیك لە حکومەت بە پەنهانی باسی ئەم موفاجەئەیەیان کردووە، بێ ئەوەی خەلفیەتێکی راست و دروستی هەبێت.

شاندەکەی هەدەپە کە لە زیندانەکەی دورگەی ئیمرالی گەڕانەوە و دوای پەیوەندیەکەیان لەگەڵ ئۆجەلان، زانیاری باشی چاوەڕوانکراویان پێی نەبوو، بەڵکو پلانێکی پێشکەوتوویان بۆ گفتوگۆی رەسمی هەڵگرتبوو. گومانی تێدا نییە ئەم دەرئەنجامە حکومەتی نارەحەت کرد کە خوازیاری کەشێکی ئارام بوو، پێش نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی هاوین.

بە پێچەوانەی حکومەتەوە کە خوازیاری بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی خێرای لە چەکداماڵینی (پەکەکە)یە، بەڵام سەرکردەی رێکخراوەکە دەیەوێت لە رێگەی زنجیرەیەك گفتوگۆی باشەوە هەنگاو لە دوای هەنگاو هەڵبگیرێت و رێکخراوەکەیان بە شێوەیەکی یاسایی رێپێدراو بێت. ئەو باوەڕی وایە کە بێ بوونی چوارچێوەیەکی یاسایی راست و دروست ئەوا گفتوگۆکان «لەگەڵ رێکخراوێکی

تیرۆریستی» هیچ پابەندبوونێکی لە خۆناگرێت و بە ئاسانی لە لایەن دادگاوە هەڵدەوەشێنێتەوە.

دووەم، ئۆجەلان چاوەڕێ دەکات حکومەت کارێك بکات پێش ئەوەی ئاگربەستی هەمیشەیی بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. چونکە تاوەکو ئێستا بەڵێنە ڕەسمییەکان زارەکی بوون و سەنگێکی یاساییان نەبووە بۆ دامەزراوەکانی حکومەت بۆ ئەوەی پێیەوە پابەند بن.

چاوەڕوانییەکی دیکەی لایەنی کوردی بریتییە لە بوونی «چاوی لایەنی سێیەم» بۆ ئەوەی چاودێری گفتوگۆکان بکات، کە لە ئێستادا لە نێوان ئۆجەلان و بەرپرسەکانی هەواڵگریدا ئەنجام دەدرێن و پێی دەوترێت: «پەیوەندی». ئەم لایەنەی سێیەم پێکدێت لە شارەزایان و ڕۆشنبیران کە دەبنە شایەت بۆ بەدواداچوونی بەڵێنەکان و چاودێریکردنی جێبەجێکردنیان. تا ئێستا حکومەت نە بە ئیجابی و نە بە سلبی گوزارشتی لە تێڕوانینی خۆی نەکردووە لە پەیوەندی بە لایەنی سێیەمەوە لە پرۆسەکەدا کە بە توندی خستوویەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

لە بەرامبەردا حکومەت دەیەوێت لەبەرامبەر هەر هەنگاوێکی زیادە کە هەڵدەگیرێت، شتێك بەدەست بێنێتەوە: « گەڕاندنەوەی ئاسایشی گشتی»، ئەمەش بە مانای سستبوونی تەواوی پەکەکە دێت لەو پارێزگایانەی زۆرینەیان کوردن کە –ڕەوشی ئاسایش- بەهۆی هەندێ ڕووداوی توندوتیژی دیاریکراوەوە پێشێل دەکرێت بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە هێشتا ڕێکخراوەکە کارایە و کۆنترۆڵی بەدەستەوەیە. لێدوانی شاندەکە کە پەیامی ئۆجەلانیان هەڵگرتبوو، سێ خاڵی لە خۆگرتبوو کە داوا دەکات لە بەرامبەردا حکومەتیش کارێك ئەنجام بدات، لەوانە:

١. دارشتنی چوارچێوەیەك بۆ گفتوگۆکان:

ئۆجەلان دەیەوێت ئاستی ئەو پەیوەندییانەی کە تا ئێستا لەگەڵ بیرۆکراتەکاندا ئەنجامی داون، بەرز بکاتەوە بۆ گفتوگۆی ڕەسمی کە سیاسییەکانیش لەخۆ بگرێت. لەگەڵ ئەمەدا ئێمە دەزانین کە ئۆجەلان «گەڵاڵەنامەی گفتوگۆی ئاشتی و دیموکراتییانەی»ی دارشتووە و داویەتی بە بەرپرسە حکومییەکان و ئەوانیش پشتیوانییان لێکردووە. کەواتە لە ئێستادا نەخشەیەك لەبەردەستە کە بەهۆیەوە پەکەکە دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕەسمی گفتوگۆ لەگەڵ شاندەکانی دەوڵەتدا بکات.

لەوەش زیاتر، ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە پشتیوانی دەکرێت و ڕەوانەی قەندیل دەکرێت (بارەگای سەرەکی باڵی سەربازیی پەکەکە) بۆ زانیاری و دەرگە واڵا دەکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی گفتوگۆی لەبارەوە بکەن و بەشداری بکەن.

٢. ئۆجەلان نەك تەنها هەر بناغەیەکی یاسایی دەوێت بۆ گفتوگۆکردن بەڵکو دەیەوێت بەردەوامیی جێبەجێکردنەکان ببینێت، ئەمەش بە مانای چاکسازی بەرچاو دێت. ئەمەش لە ڕووی یاسا دارشتنەوە بەشداریی پەرلەمانی دەوێت.

بە تێڕوانین لە دەرئەنجامە تراژیدییەکانی هەوڵەکانی پێشوو بۆ هێنانەدی ئاشتی وەك: «گەڕانەوەی ئەندامانی پەکەکە لە ئەوروپا بۆ نیشتمان» یاخود چوونە نێو جەنگاوەرانی پەکەکە بۆ نێو عێراق لە ڕێی خابورەوە لە ساڵی ٢٠١٠ بەبێ ڕێکاری یاسایی گونجاو، ئۆجەلان پێداگیرە لەسەر ڕەزامەندیی پەرلەمان بۆ پەیوەندی زیاتر و جێبەجێکردن. هەروەها ئەو بە شێوەیەکی تایبەتی نیگەرانە لە کشاندنەوەی میلیشیاکانی پەکەکە لە خاکی تورکیا بە بێ گۆڕانکاری گونجاوکە بەڵێنی ئەنجامدانیان درا، بەڵام هەرگیز جێبەجێ نەکران.

کەواتە هەواڵ و زانیارییەکان لەبارەی ئاشتی درێژخایەن و وەستاندنی دوژمنکارییەکان بەستراون بە پێدانی پێگەیەکی یاسایی بە گفتوگۆکان و ئەنجامدانی گۆڕانکاری گونجاو لە دوای هەر هەنگاوێکی پرۆسەکە.

تەنها ئەو کاتە گەورەترین پرۆسەی ئاشتی- بەڵێنپێدراو- کە چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاری دەکات لە ماوەی ٤ بۆ ٥ مانگدا دێتەدی.

چی دەبێت ئەگەر چاوەڕوانییەکانی ئۆجەلان جێبەجێ نەکرێن؟ ئەو خاڵی سێیەمی خۆی خستۆتەڕوو: «پشێوی ئیقلیمی قووڵ دەبێتەوە و ئەگەری کودەتاش سەرهەڵدەدات»، ئەم لێدوانە هەر تەنها هۆشدارییەك نییە، بەڵکو هەڕەشەشە، کە دەزانێت حکومەت ناچار دەبێت بانگی «شاسوارەکان» بکات، کاتێك دوژمنایەتییەکی بەربلاو دەست پێدەکات.

ئەوەش ڕوون بوو کە پرۆسەی ئاشتی باڵندەی نێو قەفەس و تەنها قۆرخکراوی دەستی حکومەت نییە. کوردەکان سەنگ و قورساییان بەدەست هێناوە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خاوەن ڕۆڵی بەرچاون. لەوەش زیاتر، ئێمە لە سەروبەندی نزیکبوونەوەین لە هەڵبژاردنە گشتییەکان لە تورکیا. حکومەت پێویستی بە کەشێکی ئارام و سەلامەت هەیە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی دیکەی هەڵبژاردن. بە ڕەچاوکردنی ئەم هەل و مەرجانە ئەوا ڕوونە کە گفتوگۆکان لەگەڵ پەکەکەدا بەو شێوەیە ئاسان نییە کە چاوەڕوان دەکرێت.

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

**پرۆسەی ئاشتی باڵندەی نێو قەفەس و تەنها قۆرخکراوی دەستی حکومەت نییە. کوردەکان سەنگ و قورساییان بەدەست هێناوە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خاوەن ڕۆڵی بەرچاون**

**ئۆجەلان چاوەڕێ دەکات حکومەت کارێک بکات پێش ئەوەی ئاگربەستی هەمیشەیی بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. چونکە تاوەکو ئێستا بەڵێنە ڕەسمییەکان زارەکی بوون و سەنگێکی یاساییان نەبووە بۆ دامەزراوەکانی حکومەت بۆ ئەوەی پێیەوە پابەند بن**

**بە پێچەوانەی حکومەتەوە کە خوازیاری بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی خێرای لە چەکداماڵینی (پەکەکە)یە، بەڵام سەرکردەی ڕێکخراوەکە دەیەوێت لە ڕێگەی زنجیرەیەک گفتوگۆی باشەوە هەنگاو لە دوای هەنگاو هەڵبگیرێت و ڕێکخراوەکەیان بە شێوەیەکی یاسایی ڕێپێدراو بێت**

# داعش لە گۆشەنیگای سایكۆپۆلیتیكەوە

# ناونانی خەوارج



ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەینووسێت

ئیستە دەمانەوێ بزانین بۆ ئەم گرووپە لە مێژووی ئیسلامدا ناوی خەوارجیان بەسەردا بڕایەوە، ئەم ناوە لە کوێوە هاتووە و کێ بەم شێوەیە ناوی لێناون؟ یەكێك لەو هۆكارانەی كە ئەو ناوەیان پێوەر گرتووە، ئەوەیە خەوارج بەو كەسانە وتراوە لە سەرەتادا لە بەرەی عەلی بوون، پاشان هاتوونەتە دەرێ، یان ئەوە بووە كە دژی عەلی هەستاون كە بە عەرەبی پێیان وتراوە (خرجوا علی علي) و بوونەتە ركابەری سەرسەختی ئەو. هەروەها ئەو ناوەش لەوێوە بۆیان ماوەتەوە كە ئەوان لە نێوەندی كافرەكان دێنە دەرەوە و بەرەو خودا و پەیامبەرەكەی كۆچ دەكەن، واتە هەرچی پەیوەندییەكی كۆمەڵایەتی كە لەگەڵ بێباوەڕەكان -لە دیدی ئەوانەوە- هەیانبووبێت، پچڕاندوویانە. هەندێجار ئەو ناوەیان لەوەشەوە وەگرتووە كە دەرچوون بۆ جیهاد و لەبەرامبەر ئەوانەدا گوتراوە كە بە دانیشتوو ناسراون، واتە (مجاهدون و قاعدون) بە هۆی سەرهەڵدانی خەوارجەوە، جیابۆتەوە.

(٥)

ئەوەی لە بەشەکانی پێشوو دەرکمان پێکرد، وەڵامێکی ئەو پرسیارە بوو: بۆ کۆمەڵێ کەس پێکەوەن و بۆ ئامانجێ لەشکرێکیان پێکەوە ناوە و یەك عەقیدەی ئایینی و یەك رەگەزی نەتەوەیی کۆیکردوونەتەوە، کەچی لە بەرامبەر رووداوێکدا، دوو کاردانەوەی جیاواز دەردەخەن؟! زانیمان نەستی ئەو دوو گرووپە (خەوارج و شیعە) کاریگەری مەزنی بەسەر ئەو دوو دەرکەوتنە جیاوازەدا بووە، کە بەندە وەك گۆشەنیگایەکی سایکۆپۆلیتکی دەیخوێنێتەوە. واتە ئەو گۆشەنیگایەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە چۆن سایکۆلۆژیا و سیاسەت، لە دەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتیدا پێکەوە بەند دەبن، چۆن مرۆڤ جیهانبینی خۆی دەکاتە واقع و هەقیقەت و بەسەر ئەوانیتردا دەیسەپێنێت.

ئیستە دێینەوە بۆلای ئەوەی کە جیهانبینی خەوارج چۆن، واقعێکی لەناو خۆیدا خوڵقاند و چۆنیش ئیمان و ئەخلاقی کەسانیتری پێدەپێوا، بەڵام تا چەندیش ئەمانە هەقیان لابوو؟ ئەوەش گرینگە بخرێتەڕوو. جیهانی ناوەوەی خەوارج، سێگۆشەیەکی لە دیدی ئەواندا خوڵقاند و خۆیانیان لەسەر رام دەکرد و غەیری خۆشیان پێدەپێوا، ئەوانیش وەك لە پێشەوە ئاماژەمان دایە، «تەکفیر، هیجرەت و حاکیمییەت» بوون. مەبەستمە بێژم کە دۆخی ناخی مرۆڤ کە لە نەستیا ئەزموونی تایبەتی هەڵگرتووە، ئەم ئەزموونە باوەڕێکی تایبەتیشی بۆ دادەمەزرێنێ و بەهای خۆی لەسەر ئەو ئەزموون و باوەڕە هەڵدەهێنجێنێ.

ئەوەتا بینیمان کە خەوارج هەر لەسەرەتاوە بە حاکیمییەت دەستیپێکرد، واتە پەیوەندی مرۆڤ و خودا، پەیوەندییەکی ملکەچانەی مرۆڤە بۆ خودا، بەڵام بەو شێوازە تایبەتەی کە خۆیان دەیبینن، نەك وەك ئەوەی کە موسڵمانانیتر لێی تێدگەن. بۆیە خەوارج بڕوای وا بوو کە عەلی و موعاوییە و شوێنکەوتووەکانیان، لە حاکمییەتی خودا لایانداوە، چونکی ئەوان باوەڕیان وابوو کە حاکمییەت تەنها بۆ خودایە و بۆهیچ کەسی دی نییە. حاکمییەتی خوداش تەنها لە قورئان و شوێنکەوتنی پەیامبەر محەمەد، بەرجەستە دەبێت، لادان لەو حوکمە، لای ئەوان دەبێتە کوفر و هەر کۆمەڵگە و نەتەوە و دەوڵەتێك ئەوە جێبەجێ نەکات، ئەوانە کافرن و دەبێ حوکمی شەرعی بەسەریاندا جێبەجێ بکرێت. ئەگەر لە هەر شوێنێك حوکمی خودای تێدا نەبێت، ئیتر دەبێت ئەو مرۆڤە (خەوارج یان داعش) بەرەو شوێنێکیتر کۆچ بکات کە دەتوانێ لەو شوێنەدا حوکمی خودا بچەسپێنێت، ئەم باوەڕە بە ئاشکرا بە دیدی داعش و گشت گرووپە توندڕەوەکانی ئیسلام دەردەکەوێت. ئیدی خەوارج لەسەر ئەم جیهانبینی و دیتنەی خۆیانەوە عەقیدەی خۆیان لەسەر چەند بنەمایەك دامەزراند کە بەلای ئەوانەوە، راستترین و دروستترین عەقیدەی ئایینی ئیسلامە. پێش ئەوەی عەقیدەی خەوارج بخەمەڕوو، سەرەتا بە باشی دەزانم ئەوە روونکەمەوە بۆ ئەم گرووپە ناوی خەوارجی بەسەردا بڕاوەتەوە؟

خەوارج هەر لەسەرەتاوە بە حاکیمییەت دەستیپێکرد، واتە پەیوەندی مرۆڤ و خودا، پەیوەندییەکی ملکەچانەی مرۆڤە بۆ خودا، بەڵام بەو شێوازە تایبەتەی کە خۆیان دەیبینن، نەک وەک ئەوەی کە موسڵمانانیتر لێی تێدگەن

**ناونانی خەوارج**

تائیستە ئێمە توانیمان لە ناوەڕۆکی خەوارج تێبگەیەن، ئیستە دەمانەوێ بزانین بۆ ئەم گرووپە لە مێژووی ئیسلامدا ناوی خەوارجیان بەسەردا بڕایەوە، ئەم ناوە لە کوێوە هاتووە و کێ بەم شێوەیە ناوی لێناون؟ یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئەو ناوەیان پێوەرگرتووە، ئەوەیە خەوارج بەو کەسانە وتراوە لە سەرەتادا لە بەرەی عەلی بوون، پاشان هاتوونەتە دەرێ، یان ئەوە بووە کە دژی عەلی هەستاون کە بە عەرەبی پێیان وتراوە (خرجوا علی علي) و بوونەتە رکابەری سەرسەختی ئەو. هەروەها ئەو ناوەش لەوێوە بۆیان ماوەتەوە کە ئەوان لە نێوەندی کافرەکان دێنە دەرەوە و بەرەو خودا و پەیامبەرەکەی کۆچ دەکەن، واتە هەرچی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی کە لەگەڵ بێباوەڕەکان -لە دیدی ئەوانەوە- هەیانبووبێت، پچڕاندوویانە. هەنێجار ئەو ناوەیان لەوەشەوە وەگرتووە کە دەرچوون بۆ جیهاد و لەبەرامبەر ئەوانەدا گوتراوە کە بە دانیشتوو ناسراون، واتە (مجاهدون و قاعدون) بە هۆی سەرهەڵدانی خەوارجەوە، جیابۆتەوە. ئەم گرووپە هەر تەنها ناوی خەوارجیان وەرنەگرتووە، بەڵکو ناوی تری وەك (حروریە، شراە، مارقە و محکمە)شیان بەسەردا بڕاوەتەوە، بەڵام لێرەدا بە گرنگی نازانم لەو بارەوە درێژە بە باسەکە بدەم. کەواتە ئەوانەی دەیانەوێ داعش بە خەوارج بچوێنن، بۆ ئەوەی لە ئیسلام بیانکەنە دەرەوە، بەهەڵەدا چوون، چونکی دینداری خەوارجەکان و پابەندبوونیان بە ئیسلامەوە، هەرگیز چاوپۆشی لێناکرێت. خارجێتی ئەوان بۆ جیهادکردن بووە و پەرۆشی ئەوان بۆ فەرمانی خودا بووە، واتە دەرچوون لە ئیسلام نەبووە، بەڵکو دەرچوون لە پێناوی ئیسلام بووە. لەم رووەوە داعش و خەوارج زۆر لەیەکدی دەچن کە کۆمەڵگە کافر دەکەن، ئەوجا لەو کۆمەڵگەیە دێنە دەرێ و کۆچ دەکەن، تا حوکمی خودا بە هەر نرخێك بووە بچەسپێنن.

ئەوانەی دەیانەوێ داعش بە خەوارج بچوێنن، بۆ ئەوەی لە ئیسلام بیانکەنە دەرەوە، بەهەڵەدا چوون، چونکی دینداری خەوارجەکان و پابەندبوونیان بە ئیسلامەوە، هەرگیز چاوپۆشی لێناکرێت

**عەقیدەی خەوارج**

لە کۆی ئەزموونی پێش ئیسلام و پاش ئیسلام، دەرنجامی ئەو دۆخەی لە نەستی گرووپی خەوارج جێگەی خۆی کردبۆوە، ئەو ستراتیژەی کە گرتیانە

**داعش و خەوارج زۆر لەیەكدی دەچن كە كۆمەڵگە كافر دەكەن، ئەوجا لەوكۆمەڵگەیە دێنەدەرێ و كۆچ دەكەن، تا حوكمی خودا بە هەر نرخێک بووە بچەسپێنن**

**باوەڕی داعش وایە كە حاكمەكانی وڵاتانی ئیسلام بە گشتی لە بنەماكانی ئیسلام لایانداوە و دەبێت جەنگ دژیان ئەنجام بدرێت. ئەمە جگە لەوەی لە دیدی ئەوانەوە حاكمانی وڵاتانی ئیسلام هەموو خۆیان خستۆتە باوەشی ئەمریكا و رۆژئاوا و زایۆنیزمی جیهانییەوە، كە لە چاوی ئەواندا بۆتە هۆی سووک و ریسواكردنی موسڵمان**

بـــەر بۆ ئەوەی ئامانجی خۆیـــان وەدیبهێنن، گرووپی خەوارجـــەكان بە گشـــتی و لە مێـــژووی ئەواندا، لە چوارچێـــوەی عەقیدەیەكی تایبەتا ناســـرانەوە كە لەم بەشەدا بە كورتی تیشـــكی دەخەینە سەر. ئەوەی كە گرنگـــە لێرەدا بوترێت ئەوەیـــە كە خەوارج لە مێژووی ئیســـلامدا، یەك گرووپی سەرتاسەری نەبوون، بەڵكو گرووپـــی جیـــاواز بـــوون و زیاد لە بیســـت گرووپ دەركەوتـــوون، كە لە هەنـــدێ بیروبۆچووندا لە یەكدی جیاواز بوون، بەڵام چوارچێوەیەكی گشتی هەموویانی كۆكردۆتـــەوە. ئەوەی كە لە ســـەرەتاوە ئاماژەماندایە، دەستنیشانكردنی ســـەرەتای سەرهەڵدانی خەوارج بوو، پاش ئەوەی كە یەكەم گرووپی خەوارج لە ســـەردەمی عەلـــی و موعاوییەدا پەیدا بـــووە، ئیدی بەدوای ئەو گرووپەدا بە درێژایی مێژووی ئیسلام گرووپەكانی دیش دەركەوتوون. بەناوبانگترینـــی ئەو گرووپانە، گرووپی ئەزرەقی و نەجدەتی بوون. بە شێوەیەكی گشتی هەموو گرووپەكان لەسەر ئەم چەند خاڵەی خوارەوە، سەبارەت بە عەقیدەی خۆیان یەكدەنگ بوون.

١. هەمووان لەســـەر ئـــەوە یەكدەنگبـــوون كە بوونی ئیمام زەروورییە، تەنهـــا گرووپی نەجدەتی نەبێت. ئەم گرووپە باوەڕی وابووە ژیان بە پێی بنەماكانی قورئان بەســـە بۆ ئەوەی كۆمەڵگە پارێزراو بێت. ئەم بۆچوونە ئـــەوە دەخاتەوە یادمان كە ئەو یەكســـانییە لەناو هۆزە عەرەبەكاندا بووە، كە هـــەر پیاوێك مافی ئەوەی بووە راوبۆچوونی خۆی لە ناو هۆزەكەیدا دەرببڕێت، هەروەك لە بەشی ســـێیەم و چوارەمدا تیشكێكمان خستە سەر. كەواتە بە گشـــتی گوێڕایەڵی ئیمامێك لای خەوارج بایەخـــی زۆری بـــووە، بەڵام لەهەمـــان كات جیا لە گرووپە موســـڵمانەكانیتر، بوونـــی ئیمام لە رەچەڵكی قورەیشـــی بە زەرووری نەزانیوە. چونكی بە گوێرەی بـــاوەڕی ئەوان، لە قورئاندا ئـــەوە نەهاتووە كە چ نەوە و رەچەلەكێك دەبێت فەرمانڕەوایی بكات، بەڵكو تەنها ئەوە هاتووە كە دەبێـــت دادپەروەر بێت، وەك ئەم ئایەتە دەڵێـــت: «إذا حكمتم بين الناس أن تحكموا بالعدل». لای هەندێكیـــان ئیمام هێندە گرینگ بووە كە چاكی ئـــەو چاكی ئوممەتە و خراپی ئـــەو خراپی ئوممەتە، لای هەندێكیان گەیشـــتۆتە ئـــەو رادەیەی كە ئەگەر ئیمام كوفر بكات، مانای وایە گەلەكەیشـــی كوفری كـــردووە. واتە ئـــەم بۆچوونەیانە وایان لێـــدەكات، تا بڵێن؛ ئەركی سەرشـــانی ئەو گەلەیە كە ئیمامەكەیان راســـتبكەنەوە، چونكە چارەنووسی هەردووكیان پێكەوە بەســـتراوەتەوە. مەرجەكانی تری ئیمامەت كە هەموو گرووپەكان تیایدا یەكدەنگـــن، ئەوەیە كە دەبێت ئیمام پیاو بێـــت، زانا بێت بە كاروبـــاری ئایین و دادپەروەر بێت. هەمووشـــیان كۆدەنگییان لەســـەر ئەوە هەیە كە دەبێت ئیمامی ســـتەمكار بە زەبری شمشـــێر لاببرێت، شۆڕشكردن بەسەر ئیمامی ستەمكار بە واجب دەزانن. هەر ئەوانیش بوون كە عوســـمانی كـــوڕی عەفانیان كوشـــت و پاشانیش شـــانازییان بەو كارەیانەوە كردووە. تەنانەت هەڕەشەشـــیان لە عەلی كـــردووە كە ئەگەر حوكمی خوا نەچەســـپێنێت، ئەوا چارەنووســـی ئەویش وەك چارەنووسی عوسمان دەبێت. لەم خاڵەدا داعش لە خەوارج نزیكبۆتـــەوە، چونكی باوەڕی داعش وایە كە حاكمەكانی ولاتانی ئیســـلام بە گشتی لە بنەماكانی ئیسلام لایانداوە و دەبێت جەنگ دژیان ئەنجام بدرێت. ئەمە جگە لەوەی لە دیدی ئەوانەوە حاكمانی وڵاتانی ئیســـلام هەموو خۆیان خستۆتە باوەشـــی ئەمریكا و رۆژئاوا و زایۆنیزمی جیهانییەوە، كە لە چاوی ئەواندا بۆتە هۆی سووك و ریسواكردنی موسڵمان.

٢. بۆچوونیان ســـەبارەت بە عەلی كوڕی ئەبو تاڵیب وابـــووە كە ئەو كافر بووە. چونكـــی ئەو رێككەوتنی لەگەڵ موعاوییە ئەنجامداوە. بە بۆچوونی ئەوان دەبوایە عەلی، موعاوییەی بۆ گوێڕایەڵی بانگهێشت بكردایە، نەك لەگەڵی رێككەوتایە. چونكی بە بۆچوونی ئەوان، موعاوییە یاخی بووە.

٣. هەموو گرووپەكانی خـــەوارج باوەڕیان وایە ئەوەی گوناهی گەورە دەكات، كافر دەبێت، تەنها نەجدەتییەكان نەبێت كە رایانوایە گوناحی گەورە موسڵمان كافر ناكات. ئەوانیتر بۆیە گوناحی گەورە بە كوفر دەزانن، چونكی كردار لایـــان پایەی باوەڕە و باوەڕیش گرێبەســـتێكە، واتە كردار پایەیەكی گرینگی ئەو گرێبەســـتەیە، هەر كەسێكیش پابەندی هەموو مەرجەكانی ئەو گرێبەستە نەبێت، ئەوە گرێبەستەكەی هەڵوەشاندۆتەوە. دروشمی ئـــەوان وابووە كە: باوەڕ لە دڵـــەوە دێت، بە زمان بڕیار دەدرێـــت و پایەكانـــی بە كـــردەوە جێبەجێدەكرێت. ئەم بۆچوونەیـــان دەگەڕێتـــەوە بۆ ئەو دۆخە نەســـتییەی دەرەنجامی ئەزموونی گوێگرتن و هاوســـۆزی بۆ هۆز و تیرەكانیـــان. واتە ئەمان لەبری ئەوەی مرۆڤێك لایان پیرۆز و مەعســـووم بێت، دەبێت كۆمەڵ مەعســـووم و پیرۆز بێت، بەڵام بە هۆی ئەزموونی پاش موســـڵمان بوونیان، ئەم گرووپە لە بری خوێن و هۆز و تیرە، لەسەر عەقیدەیەكی ئایینی خۆیان رێكدەخەنەوە. هەركەسێكیش بـــە گوناهی گەورە ئەو كۆمەڵە عەیبدار بكات، دەبێت بكرێتە دەرەوەی كۆمـــەڵ و كافر بكرێت، تا پیرۆزیی ئەو كۆمەڵە بپارێزن.

٤. خـــەوارج بە گشـــتی باوەڕیان وا بـــووە كە قورئان



درووستکراوی خودایە و سیفاتێکی زاتی خودا نییە. واتە خەوارج لە پێش موعتەزیلەوە ئەم جۆرە باوەڕەی دامەزراندووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خەوارج هەروا گرووپیکی هەرەمەکی نەبوون و ئاستێکی باشیان لە بیرکردنەوە و ئەقڵگەراییدا بووە. ئەگینا مرۆڤ بە ئاسانی ناتوانێ بگاتە ئەوەی کە قورئان درووستکراوە، واتە مەخلوقێکی خودایە، یان سیفاتێکی زاتی خودا بێت. ئەم بۆچوونە ململانێیەکی سەختی خستە نێوان موعتەزیلە و ئەشعەرییەکانەوە، کە دواجار بە هۆی دەسەڵاتی سیاسیی خەلیفەکانەوە، عەقیدەی ئەشعەری سەپێنراو بووە عەقیدەیەکی باوی موسڵمانان.


تەنها لە خاڵی یەکەم نەبێت، نابینین داعش لە گەڵ خەوارجدا یەکبگرێتەوە، هەرگیز داعش نەیتوانیوە عەلی کافر بکا، دەمیش ناخاتە سەر گوناحی گەورە و گچکە، هێندەی بە خەلافەت و ئیمامەتەوە خەریکە و دژی مورتەد و حاکمەکانی وڵاتانی ئیسلام و دژی بە ئەمریکا و رۆژئاوا وەستاون، هێندە شتی تری سەردەمی خەوارج و موعتەزیلە و ئەشعەری خەریکی نەکردوون. دەبینین هێندەی خەمی دەسەڵات و خەلافەت سەرقاڵی کردوون هێندە فکر داگیری نەکردوون، بۆیە پتر وەك رێکخراویکی سیاسی دێنە بەرچاو، زیاتر لەوەی کە گرووپێکی کەلامی بن. دیسانەوە ئەمەش پەیوەندی بە هەل و مەرج و دۆخی سیاسی ئیمرۆکەی ئەو وڵاتانەوە بەستراوەتەوە کە ململانێی دەسەڵاتی سیاسییان لەتەك یەکتریدا هەیە، زیاتر لەوەی کە ململانێیەکی فکری بێت.

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی گرووپەکانی خەوارج لەسەر ئەو چوار خاڵە کۆك بوون، وەلێ دەگێڕنەوە کە ئەزرەقییەکان زۆر توندڕەو بوون. رای پێچەوانەی رای خۆیان هەرگیز پەسەند نەکردووە. کوشتنی ژن و منداڵی موخالیفی خۆیان بە حەڵاڵ زانیوە. تەنانەت لەگەڵ خۆشیاندا توندڕەو بوون و هەرگیز توقیەیان لە گوتار و گفتاریاندا پەسەند نەکردووە. دەبوایە باوەڕی بە چی بووە، ئەوەی بوتایە، ئەگەر رووبەڕووی مەرگیش بوایەتەوە. واتە بەهیچ شێوەیەك موراعاتی بارودۆخ و کات و شوێنیان نەکردووە و باوەڕیان بە چی بووە، ئەوەیان دەرخستووە. هەروەها یەکێك لەو گرووپانە بە ناوی یەزیدیە، باوەڕیان وابووە کە خودا لە ناو عەجەمدا پەیامبەرێك دەنیرێت و کتێبی پیرۆزی خۆی بە یەکجار بۆ دادەبەزێنێت. ئەم کەسە دەستبەرداری شەریعەتی محەمەدی دەبێت و شەریعەتێکی دی هەڵدەبژێرێت. کەواتە داعشی ئیمڕۆکە لە گەڵ گرووپی توندڕەوی ئەزرەقی لە یەکەوە نزیك بوون، سەبارەت بە کوشتنی نەیارەکانی خۆیان.

بەهەرحاڵ من لێرەدا ئیدی دەوەستم لە باسی خەوارج، چونکە وردەکاری زۆری دەوێ و زۆر شت هەیە کە لێرەدا نەوتراوە. ئەوەی لێرەدا بە گرینگم زانی، ئەوە بوو هێڵی گشتی بیروبۆچوون و مێژووی سەرهەڵدان و هۆکارەکانی دەرکەوتنی خەوارج بە کورتی بخەمەڕوو. لێرە بەدواوە، دەگەڕێینەوە لای خۆمان و چاوێك بە داعشدا دەگێڕین و هەوڵدەدەین چەمکێکی ئەم بزووتنەوەیە وەك دیاردەیەك بناسێنین. هەوڵیش دەدەین زیاتر بزانین کە داعش لە کوێ لە خەوارج دەچن و لە چیدا لەوان جیا دەبنەوە.

**یەکێک لەو گرووپانە بە ناوی یەزیدیە، باوەڕیان وابووە کە خودا لە ناو عەجەمدا پەیامبەرێک دەنیرێت و کتێبی پیرۆزی خۆی بە یەکجار بۆ دادەبەزێنێت. ئەم کەسە دەستبەرداری شەریعەتی محەمەدی دەبێت و شەریعەتێکی دی هەڵدەبژێرێت. کەواتە داعشی ئیمڕۆکە لە گەڵ گرووپی توندڕەوی ئەزرەقی لە یەکەوە نزیک بوون، سەبارەت بە کوشتنی نەیارەکانی خۆیان**

# هەڵوێستی فەرمی و میللیی عەرەبی لە هەمبەر دۆزی کورد



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

دۆزی کورد وێنەی نەتەوەیەك دەخاتە پێشچاومان کە دابەشکراوە، کوردستان لە دەستپێکی سەدەی رابردوودا بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکرا، لەوانە (سوریا و عیراق) کە سەر بە گرووپی دەوڵەتە عەرەبییەکانن، لە رووی مێژوویییەوە هاوپەیمانێتیی عەرەب- کورد ستراتیژێکی پتەوی هەبووە، ئەو هاوپەیمانێتییە تەنیا چوارچێوە بنیادە فەرمییەکەی بە ئاستی دەوڵەت و دەزگاکانی نەدەگرتەوە، بەڵکو قووڵتربوو، تا گەیشت بە بەشداریی پێکردن بەرەو بنیادنانی کۆمەڵگەیی کوردی، بۆیە سەدان بیرمەندو نووسەری کورد دەبینین کە لەم بارەیەوە ئەفراندنیان کردووە و دەستکەوتی گەورەیان هەبووە، کە تائێستاش شوێنەواریان بۆتە هێمایەکی ئەو کارلێکە ئیجابییە بنیادنەرەی نێوان هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب.

سەرباری ئەو رۆڵە ناتەندروستییانەی کە رژێمە لۆکالییەکان کە دەوڵەتانی نیشتمانیی لەسەردەمانی خۆیاندا گێڕاویانە، دوای دامەزراندنیان لە سەرەتای سەدەی رابردوودا، بەڵام هەر ئەو هاوپەیمانێتییە لە رووی میللییەوە پتەوتربووە. ئەو رژێمە لۆکاڵیانە دەستیان کرد بە چاندنی تۆوی ئاشووب و لێکدابڕین و بڵاوکردنەوەی کەلتووری شۆڤینییەت، وێڕای ئەنجامدانی چەندین کوشتارگەل و تاوانی کۆمەڵکوژو دژە مرۆڤایەتی، دیارە ئەو تەباییە نەتەوەییەی نێوان گەلانی عەرەب و کورد لە باکگراوندی خەباتی هەردوولادا دژ بە ستەم و چەوسانەوە هاتووە، هەروەها بەشداریکردنیان لە کاروانی بنیادنانی شارستانێتی و وەدیهێنانی دەستکەوتەکانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی مەدەنیی هاوچەرخدا.

خەباتگەلی هاوبەشی هەردوو بزاڤی رزگاریخوازیی عەرەب و کورد توانی چەندین دەستکەوت لەو دەسەڵاتانە داماڵێت کە میتۆدی تایەفەگەریی و

جوداخوازییان دەرحەق بە ئامانج و خواستی گەلانیان پیادەدەکرد، لەگەڵ هەڵکشانی چاکسازییە سیاسییەکان و بنیادنانی دامەزراوە نیشتمانییەکانیشدا ئەویش بە بەشداریی ڕێژەیەك لە هێزە میللییەکان، لەو بارەیەوە نوێنەرایەتی کردنی توێژە جیاجیاکان لە ئاستە فەرمییەکانی حکومەت زیاتر روون بووەوە، بەڵام هەر بە پووچەڵی و ناتەواوی مایەوەو هیچ دەسەڵاتی بڕیار و کارکردنیان نەبوو، تەنانەت توانای وەدیهێنانی داخوازی و داواکارییەکانیشیان نەبوو.

لە سایەی پرۆسەکانی کۆمەڵکوژیی و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کە دەرحەق بە کورد ئەنجامدران، کردارەکانی شێواندنی بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد بەردەوام بوو، لەوەش زیاتر پرۆسەی پەراوێزخستن و گومڕایی کردن بۆ نانەوەی ناکۆکی دروستکراو لە نێوان عەرەب و کورد لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە لە پێناو سوکایەتی و بەپەندبردن و خەریك کردن بە شەڕوشۆڕەوە کە لەبەرژەوەندیی هیچ گەلێکدا نییە،لەم بارەیەوە خەباتی هاوبەشی هێزە ئازادیخوازەکانی هەردوو گەل و نەتەوە جەختیان لەدژی کردۆتەوەو دژی وەستاونەتەوە.

بەڵام واقعێکی تازە هاتە ئاراوە کە تەکانێکی کوالیتی نا بەو تەباییەوە، ئەویش لە ئەنجامی بەهاری عەرەبیدا سەری هەڵدا کاتێ گەلان داوای ئازادبوونیان کرد لەژێر زەبری هزری سیاسیی شۆڤێنی و ئامانج خواستن بۆ بەهێزکردنی دەرفەتەکانی رزگاری و وەدەستهێنانی مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراتیدا.

لەکاتێکدا کە ئەو ئاستەنگ و تەگەرانەی دێنە پێشمان لەوانەی کە هاتنەبەردەم کاروانی ئەو شۆڕشانە، ئەویش بە هەڵکشانی ئەستێرەی هێزە توندڕۆکانی ئیسلامی سیاسی کە باڵە توندڕۆکانیان دەستیان چووەتە کردەوەی تیرۆریستی هەروەك لە سوریا روویدا بە مەبەستی بەسەربازکردنی شۆڕشە ئاشتیخوازەکە بوو، کاتێك هێزە تیرۆریستەکان دزەیان کردە ناوی و ئەو تاوانانەیان بەرەو عیراق پەلکێش کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵکشانی خەباتی هاوبەش دووپات دەکەینەوە بە تایبەتیش دژ بە تیرۆر.

گەلانی عەرەب لەبەردەم دیمەنێکی تراژیدیدان، کە دەرحەق بە کورد ئەنجام دەدرێت، هەروەها ئەو تاوانە کارەساتبارو پڕ لە مەینەتییانەی لەهەمبەر پێکهاتەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێت بەتایبەتیش بەرامبەر بە کورد بەوەی کە کوردن یان لەبەر ئەوەی کە ئێزیدین یان مەسیحین ئەوەش ئاماژەیە بۆ تاوانەکانی پاکتاوی ئیتنی و ئایینی. دیارە بەرچاوترین ئەو کارە قێزەوەنانە ئەو تاوانە بوو کە تیرۆریستانی داعش لە شنگال و کۆبانی ئەنجامیان دا. ئەمەش وا لە عەرەب و بزاڤە رزگاریخوازەکانیان دەخوازێت کە هەڵوێستەکانی هاوکارییان کارابکەن و بیگۆڕن بۆ کارێکی نوێ لەپێناوی بەرەنگاربوونەوەی سەردەمی جوداکاری و لەباریەك هەڵوەشان و دیدی شۆڤینی  کە بوونەتە هۆی ئەو هەموو تاوانە بێ شومارە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە هێزە نیشتمانییەکان و بزاڤە رزگاریخوازە دیموکراسیخوازەکان چاوەڕوان دەکرێت بریتییە لە دانانی ئەولەویەتی تایبەت بەوەی کە لە کوردستان روودەدات. کاتێ هێزەکانی تاوان خاکی وڵاتانی عەرەبی دەقۆزنەوە تاکو بە شێوەیەکی لۆجیستی تاوانەکانیان لێوەی ئەنجام بدەن. بە واتای ئەوەی کە ئەولەویاتەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیددی میللیانە بێت بەرامبەر ئەو تاوانەی کە بەهۆیەوە دەکرێ هەڵوێستی دەوڵەتان بە ئاراستەی بابەتیانەی دروست و چاوەڕوانکراو بۆ خۆی رابکێشێت.

حاڵەتی سستی و نەرێنی رووبەڕووی هەندێ هێز بۆتەوە و کەمتەرخەمیشی لەگەڵدایە لە رووی دەرککردن بەو مەترسییانەی دێنەپێش، هەروەها دانانی لەدەرەوەی ئەولەویاتی کارکردن دەبێتە هۆکارێك کە لەئێستاداو لە ئاییندەشدا ئاکامی مەترسیداری لێ بکەوێتەوە. نەرێنییەکەش میللیانە دەست پێ دەکات چونکە وێڕای ئەو دۆخەی کە ئەمڕۆ گەلان پێیدا تێدەپەڕن لەو پشێوییانەی تایبەتن بە وڵاتەکانیان، بەڵام نابێ ئەوە هەڵوێستی ئاشکرا بشێوێنێت و رێگەی یەکگرتن و راگەیاندنی بەهێزترین و پتەوترین هاوکاری بگرێت. دیارە شێوازەکانی هاوکاری و کاری هاوبەش زۆرو فرەن، رەنگە هەوڵگەلی نەتەوەیی دروست وەکو هەوڵەکانی گردبوونەوەی عەرەبی بۆ سەرخستن دۆزی کوردو هەوڵەکانی کەسایەتییە رۆشنگەرەکانی عەرەبی، ببێتە نموونەیەکی زیندوو کە پێویستە پەرەی پێ بدرێت و لە ئەجێندای بزاڤەکانی رزگاریخوازیدا پەیڕەو بکرێت.

بەڵام پێویستە گردبوونەوەی عەرەبی و ئەو کەسایەتییانە بە وتارەکانیان بگەنە ئەو چرکەساتە هەستیارەی ئێستا، ئەویش بە گرێدانی پەیوەندی لەسەر باڵاترین ئاست لەگەڵ سەرکردایەتییە میللییەکان و ئیدارەی دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تاکو ئەو بزاڤە چەقیوە بجووڵێنن، پەیوەندییەکانیش بخەنە نێو قۆناغی کاریگەری بەجێهێشتن لەسەر هەڵوێستە فەرمییەکان.

بەڵام سەبارەت بە هەڵوێستی فەرمیی حکومەت و لایەنەکانی نوێنەری دەوڵەتە عەرەبییەکان، وا چاوەڕوان دەکرێت لە میانی کۆنگرە وەرزی و نائاساییەکانیان ئاوڕ

**گەلانی عەرەب لەبەردەم دیمەنێکی تراژیدیدان، کە دەرحەق بە کورد ئەنجام دەدرێت، هەروەها ئەو تاوانە کارەساتبارو پڕ لە مەینەتییانەی لەهەمبەر پێکهاتەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێت بەتایبەتیش بەرامبەر بە کورد بەوەی کە کوردن یان لەبەر ئەوەی کە ئێزیدین یان مەسیحین ئەوەش ئاماژەیە بۆ تاوانەکانی پاکتاوی ئیتنی و ئایینی**

**لە سایەی پرۆسەکانی کۆمەڵکوژیی و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کە دەرحەق بە کورد ئەنجامدران، چەندین هەوڵ بۆ شێواندنی بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد بەردەوام بووە، لەوەش زیاتر پرۆسەی پەراوێزخستن بۆ نانەوەی ناکۆکی دروستکراو لە نێوان عەرەب و کورد بوونی هەبووە**

بدەنەوە لەوەی کە قووڵایی ئاساییشی نەتەوەیی عەرەبی لەو تاوانانەی لە کوردستان روودەدەن جوداناکرێتەوە، بۆیە بە هەموو ئاست و گۆشەنیگایەکی تێڕوانینی ئەو رووداوانە هەندێ ئەرك هەن، ناکرێ وازیان لێ بهێنرێت.

جا بەپێی رێکەوتنەکانی بەرگریی هاوبەشی عەرەبی و هاوپەیمانێتییە ستراتیژییەکانی عەرەبی- کوردی و بنەما مرۆییە راستەکانی ئەو هاوپەیمانێتییەو بەپێی بەرپرسیارێتی لە ئاست ئەوەی کە لە دەوڵەتانی ناوچەکە روودەدات و ئەو هاوپەیمانێتییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییانە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی تیرۆر، پێویستە هەڵوێستەکان هەمەجۆرو جیاوازبن لەو لێدوانە شەرمنانەی کە نانی پەنابەران نادات و رێگە لە چەقۆی تیرۆریستێك ناگرێ کە ملی قوربانیان نەبڕێتەوە!

هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکان تیرۆریستانیان لێوە هاتووە و هەندێکیشیان هاووڵاتیانیان بە شێوازی جیا یارمەتیی دارایی و لۆجیستی تیرۆر دەدەن، هەروەك دەوڵەتانی دیکەش لەو کارە سڵ دەکەنەوە کە رووبەڕووی تیرۆر دەبێتەوە. لە کاتێکدا کە ماشێنی راگەیاندنی تیرۆر چالاك دەبێت بۆ زیاتر بەسەربازیکردنی ئەندامەکانی و بڵاوکردنەوەی بیری تاریکپەرستییان بە تایبەتی لە وێنەگرتنی بنکەکانی جەنگ و ئەو تاوانانەی کە لە مێژووی سەردەمدا وێنەیان نەبووە.

لەگەڵ ئەو وێنە نادروستەشدا دەبینین گۆڕانکاریی رێژەیی لە ئارادایە بە بەشداریکردنی هەندێ وڵات لە هێرشی ئاسمانیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا، لەوانەیە ئەمە سەرەتا بێت هەرچەندە کەمیشە بەڵام پێویستی بە پەرەپێدان و گۆڕانکاریی جۆریی هەیە، چونکە ئەرکی رزگارکردنی شنگال و کۆبانێ لەو تاوانە قێزەوەنە تیرۆریستییە پێویستی بە هەڵوێستێکی کاریگەریی مەیدانی هەیە نەك بە قسە یان بە لێدوانێکی سەرپێیی، بۆیە لەبەر رۆشنایی سەرجەم ئەو دیمەنانەی ئێستا، دەکرێ ئەمڕۆ قسە لەسەر پێداویستییەکانی ئەم کارە بکەین:

١- هێزە دیموکراسیخوازە عەرەبییەکان ئەرکی هاوکارییان زیاتر بە کردارو جدییەتی راپەڕێنن لە کاری کاریگەری چاوەڕوانکراو چ لەسەر ئاستە ناوخۆییەکانی هەر دەوڵەتێك یان بە ئاراستەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی سەرتاپاگیر.

٢- داواکردنی هەڵوێستی فەرمیی کاریگەر لە حکومەتە عەرەبییەکان لە چوارچێوەی پشتگیریی هەوڵە مەیدانییەکان دژی تاوانەکانی تیرۆر بەگشتی و دژی هەردوو تاوانی شنگال و کۆبانێ ئەویش بە پشتیوانیکردن لە هەوڵەکانی رزگارکردنی ئەو دووناوچەیە بە شێوەیەکی خێرا.

٣- بەشداریکردن بە ئاستێکی گەورەی کردەنی لە یارمەتییە مرۆییەکانی پەنابەرو کۆچباران و دەستەبەرکردنی پێداویستییە خێراکان بە هێڵی راستەوخۆی گواستنەوەی ئاسمانی لەنێوان دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی و هەولێر و لە نێوان سەرجەم وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکانی ململانێ کە چاوەڕوانی ئەو پێداویستییانە دەکەن.

٤- وەرگرتنی هەڵوێستێکی یەکگرتوو لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە پاڵ دۆزی رەوای کورد بە ئاستی پێداویستییە بەپەلەکان بە تایبەتی پەنابەران و ئەو هێرشە ناڕەوایەی کرایە سەر شنگال و کۆبانێ و پێداویستییە ستراتیژییەکان لە قەرەبووکردنەوەو بنیادنان و پەرەپێدانی ئەو ناوچانە.

٥- دانپێدانانی مەبدەئی و نەگۆڕ بە مافی چارەی خۆنووسین و پشتگیریکردنی لەسەر بنەمای ئەوەی کە هاوپەیمانێتیی ستراتیژیی نێوان عەرەب و کورد مانای پشتیوانیکردنە لە ئەگەرە ئازادەکانی کورد بە هەموو ئاراستەکانییەوە.

٦- وەستان بەڕووی نەرێنیی هەریەك لە ئێران و تورکیا و هەڵوێستەکانیان کە رێیان لە مافی چارەی خۆنووسینی کورد گرتووە، هەروەها بەشداربووەو بەشداریش دەکات لە زۆربەی مەینەتی و تاوانەکان بە تایبەتیش ئەوەی ئەمڕۆ روودەدات لە هێرشی تیرۆریستیی فراوان بۆ سەر کوردستان و گەلەکەی، ئەمەش لۆژیکی پەیوەندییەکانی نێوان گەلانی ناوچەکە دەگۆڕێت بە ئاراستەیەکی باشترو سەلامەتتر و راستتر.

٧- متمانەکردن بە کونسڵخانەکان و پەرەپێدانی ئەداکەیان لە کوردستان و جووڵاندنی ئەرکی میدیایی بە ئاراستەی چالاکیە مەدەنی و رۆشنبیرییە هاوبەشەکان کە چەواشەکاری و پێکهاتە نادروستەکانی راماڵێت و یەکگرتوویی عەرەب و کورد بە تێڕوانینێکی ئەمنی سەرتاسەریی لە ناوچەکە بەهێزبکات.

٨- رەنگە دەزگاکانی توێژینەوەو ئەکادیمی ئەرکی کوالیتی و جیاوازی خۆیان هەبووبێت لە دەروازەی دیراسات و لێکۆڵینەوەدا کە بگاتە ئاستی ئەرکێکی دیکەی مرۆیی لە جۆری جیاوازدا پەیوەست بە چارەسەرکردنی ئەنجامی کارەساتەکانی تاوان و هەروەها دامەزراوەکانی رۆشنبیری و راگەیاندن ئەمەش وا پێویست دەکات هەر لە ئێستاوە وێنەی بەرنامەکانی بکێشرێت..

ئەم کۆمەڵە رێکارورێوشوێنە هێزو پتەوی بە دەرفەتی

**داواکردنی هەڵوێستی فەرمیی کاریگەر لە حکومەتە عەرەبییەکان لە چوارچێوەی پشتگیریی هەوڵە مەیدانییەکان دژی تاوانەکانی تیرۆر بەگشتی و دژی هەردوو تاوانی شنگال و کۆبانێ ئەویش بە پشتیوانیکردن لە هەوڵەکانی رزگارکردنی ئەو دووناوچەیە بە شێوەیەکی خێرا**

**لەسەر رۆشنبیرانی نەتەوەو سەرکردەکان پێویستە رووبکەنە خۆتەکاندن لە کەلتووری نەرێنیی نادروست، واتا رووبکەنە نوێخوازی و سەردەمخوازی کە پڕیەتی لە بەهاگەلی مرۆیی و دیموکراسی لە چوارچێوەی بەهاکانی دەوڵەتی مۆدێرندا**

**ئەوەی ئەمڕۆ لە هێزە نیشتمانیی و بزاڤە رزگاریخوازە دیموکراسیخوازەکان چاوەڕوان دەکرێت بریتییە لە دانانی ئەولەویەتی تایبەت بەوەی کە لە کوردستان روودەدات. کاتێ هێزەکانی تاوان خاکی وڵاتانی عەرەبی دەقۆزنەوە تاکو بە شێوەیەکی لۆجیستی تاوانەکانیان لێوەی ئەنجام بدەن**



دەبێت عەرەب و بزاڤە رزگاریخوازەکانیان هەڵوێستەکانیان بگۆڕن بۆ کارێکی نوێ لەپێناوی بەرەنگاربوونەوەی سەردەمی جوداکاری و لەباریەك هەڵوەشان و دیدی شۆڤێنی کە بوونەتە هۆی ئەو هەموو تاوانە بێ شومارە.

برایەتی و یەکێتیی کاروانی نەتەوەیی دەبەخشێت، هەروەها توانای گەورەتر بە کارلێکی بنیادنەرانەی نێوان هەردوولاو رێگاش دەگرێت لەوانەی دەیانەوێت یەکێتیی گەلانی ناوچەکە پارچەپارچە بکەن رووبەڕووی یەکتریان بکەنەوە.

هەروەها هەوڵەکان بگەیەننە پایەیەکی بەرزتر کە جەخت بکاتەوە لەو گۆڕانکاریانەی لە کۆی دیمەنی وڵاتانی عەرەبیدا دێنە دی، لەوانەش داننان بە فرەیی و هەمەرەنگی و دداننان بەیەکتری و مافی چارەی خۆنووسین لەسەر بنەمای یەکسانی و برایەتیی نەتەوەیی نەك لەسەر بنەمای شۆڤینییەتی نەتەوە، لەسەر رۆشنبیرانی نەتەوەو سەرکردەکان پێویستە رووبکەنە خۆتەکاندن لەو کەلتوورە نەرێنییە نادروستە، واتا رووبکەنە نوێخوازی و سەردەمخوازی کە پڕیەتی لە بەهاگەلی مرۆیی و دیموکراسی لە چوارچێوەی بەهاکانی دەوڵەتی مۆدێرندا.

راستیی پرشنگدار خۆی لەوەدا دەنوێنێت کە ئەوەی ئەم خوێندنەوەیە تۆماری کردووە لە ئاکامی دەست پێشخەرییەکانی لە روانگەی بزاڤێکی جیددی بەرپرسەوە دەرچووەو سەدان ملیۆن دۆلار بە یارمەتی دراوە و زۆر گۆڕانکاریش لە بوارەکانی راگەیاندن و گوتاری سیاسی و میللی و فەرمی هاتۆتەئاراوە، واتا گۆڕاوەوەو چاکسازی بەخۆیەوە دیوە. لە بەرامبەر ئەمەشدا لە کوردستان دەخوازێت چرکەساتی مێژوویی ئەم کاتە بقۆزرێتەوە بۆ پەرەپێدانی ئەداو پاڵدانی بەرەو دوورترین خاڵی هاوپەیمانێتی لە پێناو بەپەلە یەکلایی کردنەوەی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی تیرۆردا، هەروەها لەپێناو چەسپاندنی پەیوەندیی تازەی ئازادو دیموکراسی کە رێز لە یەکسانی بگرێت و سەرکەوتن بۆ ئازادیی سەرجەم گەلان دووپات بکاتەوە.

لێرەوە ئەو گۆڕانکارییەی مایەی ئومێدە، بەم زووانە چاکترین لایەنی پەیوەندییەکانی عەرەب-کورد بەهەموو بوارەکانیەوە دێنێتەدی، کاروانی بنیادنان و ئاوەدانکردنەوە کە گەشتی ئازارو پشتگوێ خستن و هەستیاریکردن تێکی دابوو، بەدەست دێنێ، بەرەو سەرکەوتنی ویستی گەلان و بەیەکجاری رزگاربوون لە کۆت و زنجیر و کۆتایی هێنان بە کێشەو گرفتی دروستکراوی نێوانیان.

**هەمان ئەو ئاستەنگ و تەگەرانە دێنە پێشمان کە هاتنەبەردەم کاروانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، ئەویش بە هەڵکشانی ئەستێرەی هێزە توندڕۆکانی ئیسلامی سیاسی کە باڵە توندڕۆکانیان کردەوەی تیرۆریستیان ئەنجام دا، کاتێک ئەو هێزانە دزەیان کردە ناوی و ئەو تاوانانەیان بەرەو عیراق پەلکێش کرد**

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە دانیمارك**



# حەشدی شەعبی ڕوویەکی دیکەی میلیشیای تایفەگەریی چەکدار لە عێراق

ڕاپۆرتی/ پەیامنێری گوڵان لە بەغدا

هەر لەگەڵ دەست بەکاربوونی حکومەتی تازەی عێراق بە سەرۆکایەتیی حەیدەر عەبادی، پێکهێنانی ژمارەی میلیشیا چەکدارەکان لە ژێر چەندین ناوی جیاجیادا زیادی کرد، لەوانەش حەشدی شەعبی کە لە ژێر چەتری سوپای عێراقدایە، بەپێی ئامارەکانیش ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی دەگاتە دوو ملیۆن کەس، لە کاتێکیشدا کە دیاردەی کوشتن و ڕفاندن لە پارێزگاکانی عێراق پەرەی سەندووە، بەتایبەتیش لە بەغدای پایتەختدا، میلیشیا کۆنەکانیش سەرلەنوێ سەریان هەڵداوەتەوە، لەوانە عەسائیبی ئەهلی حەق و چەکدارانی ڕێکخراوی بەدر.

بەها ئەلعەزیز کە چاودێرێکی سیاسییە لە بەغدا بە (گوڵان)ی گوت: «پێکهێنانی ئەو گرووپ و کۆمەڵە چەکدارە میللییانە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە گەورەترین مەترسیی دادەنرێت کە لە قۆناغی داهاتوودا ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەبێتە سەرەتایەك بۆ جارێکی دیکەی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیی تایفەگەریی نێوان سوننە و شیعە».

لیژنەی حەشدی شەعبی لە عێراق ڕایگەیاندووە کە ژمارەی خۆبەخشان لە سەرتاسەری وڵات خۆی لە دوو ملیۆن دەدات، ئەندامێکی لیژنەکەش کە ناوی (ئەبو موجاهید ئەلرکابی)یە ئاماژە بەوە دەکات کە تا ئێستاش پرۆسەی خۆبەخشی هەر درێژەی هەیە و بەپێی میکانیزمێکی گونجاو لە لایەن لیژنەکانی حەشدی شەعبی لە سەرتاسەری وڵات بەڕێوەدەچێت.

بەڵام محەمەد ئەلبەحری کە نووسەرێکی عێراقییە و لە ئەردەن نیشتەجێیە بە گوڵانی ڕاگەیاند کە عێراق لە سایەی ئەو پڕۆسەیەی حەشدی شەعبی بە مەترسیدارترین قۆناغی ئەمنی و سیاسیدا تێدەپەڕێت، ئەمەشی بەوە ناوزەدکرد کە «حەشدی شیعەیە لە بەرامبەر حەشدی سوننە».

لە ئێستادا عێراق دووچاری هەرەسهێنانێکی بەرچاوی ئەمنی بۆتەوە کە ئەمەش وای لە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی حکومەتی عێراق کرد لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ حاڵەتی ئامادەباشیی تەواو لە وڵات ڕابگەیەنێت، ئەمەش دوای داگیرکردنی تەواوی پارێزگای نەینەوا لەلایەن چەکدارانی ڕێکخراوی داعش، دواتر پێشڕەوی کردنیان بەرەو پارێزگای سەلاحەددین و دەستبەسەرداگرتنی زۆربەی ناوچەکان و هەندێ ناوچەی دیکەی ئەنبار و فەلووجە.

لەلای خۆیەوە نیکۆلای ملادینۆڤ نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ڕایگەیاند کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە (٢٠١٤) تاکو مانگی تشرینی دووەم نزیکەی ١٢ هەزار کەس کوژراون و پتر لە ٢٢ هەزاریش بریندداربوون، ئەوەشی دووپاتکردەوە کە بەردەوام عێراقییەکان ڕۆژانە ڕووبەڕووی کوشتن و ڕاوەدوونان و ڕفاندن و ئاوارەبوون و کردەوەی تیرۆریستی دەبنەوە، وێڕای بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و هەژاری و شێوازی جۆراوجۆری دەمارگیری و تایفەگەری.

لەلای خۆیەوە پەرلەمانتار محەمەد کەربولی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە توندی ڕەخنەی گرت بەوەی کە حکومەت وێڕای ئەو هەموو داخوازییانەی ئاراستەی کراوە، بەڵام لە پڕچەککردنی عەشیرەتە سوننیەکان خاوی و سستی دەنوێنێ.

ئەو پەرلەمانتارە زیاتر دەڵێت: لە کاتێکدا هاوپەیمانیی هێزەکانی عێراق و ئیئتیلافی نیشتمانی بە ڕێزەوە ئەو بڕیارانە دەنرخێنن کە پێشتر دەرچوون، بەڵام ڕەوشی ئەمنی بەردەوام لە هەرەسدایە و دەستدرێژی زۆر دەکرێتە سەر گیان و ماڵ و مافی هاووڵاتیانی سڤیل کە کەوتوونەتە نێوان هەردوو بەرداشی داعش و حەشدی شەعبی و میلیشیاکان، بەتایبەتیش لە پارێزگاکانی دیالە و ئەنبار و پشتێنەی بەغدا و باکووری بابل.

**• بەغدا لەنێوان بەرداشی تایفەگەری و تیرۆرکردندا**

سیاسەتمەدار عەلی هادی لە ڕوونکردنەوەیەکدا بۆ گوڵان گوتی: «چەند مانگێکە هەر لەگەڵ دەست بەکاربوونی حکومەتی تازەدا، کرداری کوشتن و ڕفاندن زۆرتر سەری هەڵداوە، نیشانەی گومان و پرسیاریش زیاتر دەخرێتە سەر گرووپەکانی حەشدی میللی». جەختی لەوەش کردەوە کە «سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە دەیان هەڵە و چەوتی تێدایە و پێویستی بە چارەسەرکردن و هاوسەنگیی هەیە لە نێوان پێکهاتەکاندا، هەروەها بیرۆکەی میلیشیاکان بەغدای کردۆتە چەند بەشێکەوە، لەوانە: عەسائیبی ئەهلی حەق و چەکدارانی موقتەدا سەدر و حزبی دەعوە، ئەمە

بێجگە لە هێزی تایبەتی سەرۆك وەزیران و چەندین بەرپرسی دیکە، بۆیە کەس نازانێ ئەوانە کێن و کێ بەرپرسیانە و چۆن مامەڵە دەکەن».

لەلایەکی دیکەوە موسا ئیسماعیل کە چالاکوان و شارەزای ئەمنییە بە گوڵانی راگەیاند: ستراتیژیەتی تازە بریتییە لە دابەشکردنی وڵات، هەروەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشتر رایگەیاندبوو، کە تاکە دەرهێنەرە بۆ کۆتایی هێنان بەو ململانێیەی کە لە عێراقدا دەگوزەرێت، بەڵام ئەمەیان بە ئاشکرا ناکات. هەروەها روونی کردەوە کە وەزارەتی بەرگری لە ئێستادا بەدەستی سوننەوەیە و ناوخۆش بە دەستی شیعەوەیە، کەواتە هەر لایەك بۆخۆی کاردەکات بۆ پێکهێنانی هێزێك کە گوێڕایەڵیی تایفەیەکی دیاریکراو بێت.

## • واشنتۆن و ١٠٠ هەزار چەکداری عەشایری

ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆك عەشیرەتەکانی عێراق و نوێنەرانی لایەنە چەکدارەکان و بەرپرسانی حکوومی راگەیاندووە کە بەنیازە هێزێکیان لە ناوچە سوننەنشینەکان بۆ پێکبهێنێت کە ژمارەیان ١٠٠ هەزار چەکدارە، لەلایەکی دیکەوە شاندەکە هەوڵدەدات ئەو چەکدارانە یاسایەك بیانگرێتەوە کە کۆنگریس دەیخاتە دەنگدانەوە بە پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە بێ ئەوەی بە بەغدادا تێپەڕێت.

ئەمەو هەرێمی کوردستان پێشتر خۆشحاڵیی خۆی بە پڕۆژەیاسایەك دەربڕیبوو کە کۆنگریسی ئەمریکا دیراسەی دەکات، بەپێی بڕیارەکە کۆشکی سپی رێگە دەدات کە بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا هێزی پێشمەرگە پڕچەك بکرێت.

ئەوەشی نەشاردەوە کە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ راستەوخۆ پڕچەك کردنی عەشیرەتەکانی رۆژئاوا و پێشمەرگە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پارێزگا و هەرێمەکان لەسەر حیسابی ناوەند و جێبەجێکردنی پڕۆژەکەی ئەمریکایشە بۆ دابەشکردنی وڵات.

لەلای خۆیەوە قاسم عۆدە پەرلەمانتاری سەر بە کوتلەی ئەلمواتن کە نوێنەرایەتی پارێزگای دیالە دەکات، پێیوایە «رۆڵەکانی حەشدی شەعبی پاکن و دوورن لە ئەنجامدانی تاوان و ئەوەی دەگوترێ تەنیا پڕۆپاگەندەیە و مەبەست شێواندنی بانگەوازی مەرجەعیەتی ئایینییە». گوتیشی: «مەبەست لە ورووژاندنی ئەم جۆرە پڕوپاگەندانە شکاندنی هەیبەتی ئەو سەرکەوتنانەیە کە حەشدی شەعبی بەدی دێنێت، هەروەها بۆ نانەوەی دووبەرەکییە لە نێوان تایفەکانی پارێزگای دیالە». داواشی لە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی دیالە کرد بە دەستی پۆڵایین لەو چەتانە بدات کە ترس و دڵەڕاوکێ لەناو هاووڵاتیان دەنێنەوە.

وەزارەتی ناوخۆش دووپاتی دەکاتەوە کە خۆبەخشانی حەشدی شەعبی وەك هەموو کارمەندانی هێزە چەکدارەکان هەموو ماف و ئیمتیازاتێکیان هەیە، هۆشداریش دەدات بەرامبەر ئەو دەنگۆ و پڕۆپاگەندانە کە مەبەست کەمکردنەوە و رووخاندنی ورەو تواناو هیممەتی خۆبەخشانە.

## • دابەشکردنی وڵات

خلود یاسری کە ئافرەتێکی شارەزای سیاسییە، سەبارەت بە دۆخی سیاسی و ئەمنیی ئێستای عێراق رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و گوتی: «لایەنە سیاسییەکان و حزب و تایفەکان لە عێراق بە بێ هەستکردن بەمە لەسەر دابەشکردن رێککەوتن، بۆیە وای دەبینین کە باشترین چارەسەر بۆ خەڵکی عێراق ئەوەیە هەر لایەك حوکمی ناوچەکەی خۆی بکات. دیارە کە لە ئێستادا سوننە بەوە رازییە کە شیعە بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش بەرگری لێ بکات، بەڵام هیچ رۆژێك شیعە قایل نابێت سوننە بەرگری لێ بکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی میلیشیا و چەکداران وەکو عەسائیبی ئەهلی حەق و رێکخراوی بەدر و چەندانی دیکە». یاسری زیاتر دەڵێت: «پێویستە هەموو لایەك درك بە مەترسیی دابەشبوونی ئیداری بکەن کە لە عێراق جێبەجێ دەکرێت و مەرجەعەکانیش بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ دەکەن».

بەر لەچەند رۆژێکیش مەرجەعی باڵای ئایینی عەلی سیستانی داوای لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کردبوو کە چەند یاسایەکی گرنگ دەربکات و چەکدارانی حەشدی شەعبیش پڕچەك بکرێن و مووچەکانیشیان بۆ خەرج بکرێت.

یەکەکانی حەشدی شەعبی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانیان ئاگادار کردەوە کە حەزناکەن لە ژێر فەرمانی راوێژکارانی ئەمریکا شەڕبکەن، بەتایبەتیش کە راوێژکارانی ئێران سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە سەرکردایەتی کردنی ئۆپەراسیۆنەکانی دەرکردن و راونانی داعش لە ناوچەکانی تورکماننشینەکانی شیعە لە ئامرلی و دیالە و خورماتوو، هەروەها لە جەرف ئەلسەخر کە بازنەی باشووری بەغدایە.

گرووپە چەکدارەکان بە شێوەیەك لە عێراق دابەش بوون، کە دیارە بەپێی ناوچە و تایفەگەرییە، کە ئەمەش رەنگدانەوەی هەیە بۆ سەر راوێژکارانی ئێران و ئەمریکا، بۆیە دەبینین کە شیعە پێیان باشە هاوکاریی ئێرانییەکان بکەن، کەچی سوننە پێیان باشە هاوکاریی ئەمریکییەکان بکەن.

بڕیار وایە ئەم هەفتەیە حکومەتی عێراق هەنگاوی دیکە بهاوێژێت، کە بریتییە لە هەڵمەتی فراوانی خۆبەخشی لە پارێزگاکانی رۆژئاوا و باکوور، ئەمەش بەپێی ئەو راسپاردانەیە کە لە لیژنەکانی ئاشتەوایی نیشتمانی دەرچووە، لەمیانی دیدارەکانی ئەمریکا لەگەڵ بەرپرسان و ئەوانەی کە ناڕازین و دەیانەوێ هاوسەنگییەك لە دامەزراوەی سەربازی بێتەدی.

دیارترینی ئەو گۆڕانکارییانەی کە حکومەت لە دامەزراوەی سەربازی ئەنجامی داوە، بریتییە لە دامەزراندنی قاسم ئەلمحەمەدی بە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکان لە ئەنبار، کە خەڵکی پارێزگاکەیە و بۆ یەکەم جاریشە ئەفسەرێکی خەڵکی ئەو پارێزگایە باڵاترین پلەی سەربازی پێ بدرێت، وێڕای ئەمەش دامەزراندنی فەریق ریاز جەلال بە فەرماندەی هێزەکانی زەمینی کە خەڵکی موسڵە لە جیاتی فەریق عەلی غێدان. لەم رووەوە حەمید هاشم ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبار حکومەتی فیدراڵی تۆمەتبار کرد بەوەی کە بە دووفاقیی مامەڵە لەگەڵ عێراقییەکاندا دەکات، لەبەر ئەوەی حەشدی شەعبی پڕچەك دەکات و لەبەرامبەریشدا رێگەنادات بە پڕچەککردنی جەنگاوەرانی عەشیرەتەکانی ئەنبار. کوردیش داوایان لە حکومەتی فیدراڵ کرد کە لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی کۆتایی کارەکەی یەکلایی بکاتەوە لەو گرووپە چەکدارانەی کە شەڕ لەگەڵ داعش دەکەن و لە سەروویانەوە حەشدی میللی، هەروەها میکانیزمێکی روون و ئاشکراش بۆ هەمانگی کردن لەسەر ئایندەی ئەو گرووپانە بگرێتەبەر.

**ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆک عەشیرەتەکانی عێراق و نوێنەرانی لایەنە چەکدارەکانی راگەیاندووە کە بەنیازە هێزێکیان لە ناوچە سوننەنشینەکان بۆ پێکبهێنێت کە ژمارەیان ١٠٠ هەزار چەکدارە**

**دیاردەی کوشتن و رفاندن لە پارێزگاکانی عێراق پەرەی سەندووە، میلیشیا کۆنەکانیش سەرلەنوێ سەریان هەڵداوەتەوە، لەوانە: عەسائیبی ئەهلی حەق و چەکدارانی رێکخراوی بەدر**

**گرووپە چەکدارەکان بە شێوەیەک لە عێراق دابەش بوون، کە دیارە بەپێی ناوچە و تایفەگەرییە، بۆیە دەبینین کە شیعە پێیان باشە هاوکاریی ئێرانییەکان بکەن، کەچی سوننە پێیان باشە هاوکاریی ئەمریکییەکان بکەن**


# ڕۆڵی ئایین
# لە ئاشتی کۆمەڵایەتیدا

**مەبەســتی کۆتایی لە ئایینێکی پابەند بە کتێب و تەرازوو بریتییە لەوەی خەڵکی وازبهێنن لە سەرەڕۆیی و دوژمنــکاری و تاوانی نەگریس، دەســت بگرن بە بەهاکانــی حیکمەت و دادپــەروەری و فەزیڵەتەوە، تا ئاشتەوایی و سەقامگیری لە کۆمەڵگەکاندا بەرقەرار بێــت، ئەم ڕێبازەش تاك و کۆ، گەلان و هۆزەکان، هەر هەمووان دەگرێتەوە.**

**بە ڕوونی ئەو ڕستە کۆمەبەستە تێماندەگەیەنێت کە لەسەر هەموو مرۆڤایەتی بە گشتی و بە بێ جیاوازی پێویستە هەندێك کردەوەی چاك ئەنجامبدەن بە شێوەیەك کە بە هۆیەوە ئاســایش و دادپەروەری نێوان تاکەکان و کۆمەڵگە چۆن چۆنی دەگاتە ئاستی ئەوەی تاکەکان تێیدا دەســت بگرن بە دادوەرێتی و بە بێ زۆرلێکردنی فەرمانڕەوایــان، ئەمەیان ئەرکــی پەیامی ڕۆحیانەی کتێب و پەیامە عەقڵیەکەیەتی بۆ کەسی عەقڵدار واتە ئەو تەرازوویە کە لەم ئایەتەدا ئاماژەی پێدراوە.**

**دکتۆر محەمەد شەریف***

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**



مرۆڤ وەك زیندەبۆیەکی ئارام نەخوڵقاوەو خاڵی نییە لــە ململانێ، بەڵکو لەوەتــەی هەیە، لە ناو ململانێدا دەژی، چ لەگەڵ خودی خۆیدا بێت، یان لەگەڵ ئەوی تردا، لەمەدا مرۆڤ سیخناخە بە وارِسکێکی چیایی، یان تژییە بە بارودۆخێکی ژینگەیی دژوار، یان پڕاوپڕە بە بەرژەوەندییەکی دیاریکراو، لەو بارەیەشەوە قورئانی پیرۆز بە وتەیەکی ڕەوانبێژانەوە گوزارشتی لەم چەمکە کردووە، ئەویش لە سوڕەتی بەلەد کە تێیدا دەفەرمووێت: (لقد خلقنا الانســان فی کبد)، بــەڵام خوای دلۆڤان مرۆڤی بە هۆی عەقڵییەوە لە زیندەبووانی دی ناوازەو جیا کردۆتەوە، عەقڵێك خێر و شــەڕ لێك جودا دەکاتەوە و ئــەو کردەوانە درك پێدەکات کــە ئەنجامی دەدات و خاوەنی زەینییەت و مێژووە.

تاك بە بێ کۆمەڵ ناژی، ناشــبێتە مرۆڤ بە بێ کۆمەڵگە، مرۆڤایەتی کە سیمبۆلە بۆ وشەی مرۆڤ

بە بێ کۆمەڵ وەدینایەت، لە بارەی ڕەنگدانەوەی وارِسك و پەرت و بڵاویی ئارەزووەکان و لێکدژییەکانی بەرژەوەندی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگەکان، ئاستی ئەو مەینەتی و موعاناتانە دەردەکەون کە تاك لە ژیاندا دەیچێژێ.

مێژووی دوور و درێژی مرۆڤایەتی لە قۆناغێکی شارستانیەت بۆ قۆناغێکی تر وەرسووڕاوە و بوارێك بۆ گومان ناهێڵێتەوە لەسەر گرفتی ڕاستەقینەی مرۆڤ جەخت دەکرێتەوە لەوەیدا کە بەهێزەکان مەیلیان بەلای ستەم و دوژمنکاریدا دادەشکێت (ان الانسان لیطغی ان راه استغنی)..

مافی خوێنەرە پرسیار لەوە بکات: خۆ ئەگەر بەم شێوەیە بێت، ئەی چۆن مرۆڤ توانیویەتی لە ناو ئەم هەموو ململانێ سەختە وجودییەدا بوونی خۆی بپارێزێت؟

لەم بابەتەدا کورتەدا پێمان ناکرێت لەو هۆکارە هۆشمەندە ئەرێیانەی مرۆڤ بپێچینەوە کە لە ناو ئایینزا و شەریعەتەکان و داب و فەلسەفەکاندا ئاسۆکانی ئاشتەواییان بە ڕووی مرۆڤایەتیدا ئاوەڵا کردۆتەوە، یان بە پێچەوانەی ئەمانەشەوە ئەو هۆکارە دژوارانەمان پێ ڕیز ناکرێت کە مرۆڤیان پەلکێشکردۆتە ناو نەهامەتییەکانی جەنگ و وایان بەسەر مرۆڤایەتیدا هێناوە لە ناو توندوتیژێتی بەردەوام بێت، نیگەرانییەکان بەشێوەیەك تەشەنەیان سەند وەك لە ناوونیشانی وتارەکەدایە، کە ئەم نیگەرانییانە خودی مەنزڵگەی موسڵمانان و کۆمەڵگەکانی تریشی گرتۆتەوە لە ئاکامی هەڕەشەی تیرۆریستانە و سامناکی وەك سەربڕینی خەڵکانی سڤیل، چ لە ناو مۆسڵمانان خۆیان و چ لە ناو ئەوانی تریشەوە، تا ئەو ئاستەی ئیسلامەتییەك کە بۆ ڕەحمەتی خەڵکی هاتووە، ئێستا دەچوێندرێت بە قێزەونترین شێوەکانی تیرۆریستی، کە ویژدانی دنیا دەلەرزێنێت، ئەوەش هەمووی بەهۆی بەخراپ قۆزتنەوەی ئایینەکەیە لەلایەن کۆمەڵێك تاوانکارانی بێویژدانەوە، بەتایبەتی لەلایەن داعشییەکانەوە کە دروشمە ئایینییەکانیان بۆ ڕەواییدان بە ستەم و تاوانە قێزەونەکانیان قۆزتۆتەوە.

بۆ ڕەوینەوەی نیگەرانی کۆمەڵگە لەم دیاردە سەرهەڵداوە ناشرینەی داعشییەکان، دوو شت پێویستن ئەنجام بدرێن، یەکەمیان: زانینی ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئایین لە پێوەندی بە کۆمەڵگەوە وەك خوای گەورە ڕوونیکردۆتەوە سەبارەت بە ئاستی وەڵامدانەوەی بۆ خۆزگە و خولیای نەتەوەکان لە ئازادی و سەقامگیرکردنی بەرپرسیارێتی بۆ مافی چارەی خۆنووسین. دووەمیان: ڕیسواکردن و ئاشکراکردنی ئەو ساختەچێتی و لادانانەی کە توندڕەوان بە ناوی ئایینەوە پیادەی دەکەن.

سەبارەت بە یەکەمین خاڵ دەڵێین: وەك چۆن لە هەڵوێستێکی ئایینی دەدوێین و مەبەستمان لە ئایینی ئیسلامە لە دۆزەکەیدا، مەبەستمان لێی ئەو ویستە ئەزەلییەیە کە لە پێغەمبەری چاکەخواز محەمەد(د.خ) بوونی هەیە و هەروەها لە دووتوێی قورئانی پیرۆزەوە هەڵدەهێنجرێت، نەك لە هیچ سەرچاوەیەکی ترەوە، واتا ئەم ویستە تەنیا لە ناو ناخی قورئانەکەوە هەڵدەقوڵێت، نەك لە ناو ئەو فیقهەی کە لە ئیجتیهادی مرۆڤەوە دروست دەبێت، سەرەڕای بایەخی زۆریشی بۆ تێگەیشتن لە تێگەو ئاراستەکانی ئەم ویستە، نە لە مێژووی ئیسلامەتییەوە کە تێیدا پشت ببەسترێت بە سەرچاوەیەکانی حەقیقەت و ئۆرگیناڵیی تەواوەتی ئایینەکە.

لەو بارەیەوە ڕستەیەکی کۆکراوەی پڕ هێمانومای ڕوون هەیە کە تایبەتە بە قورئانی پیرۆز و پوختەی پەیامی ئایینییە بۆ خەڵکی، ئەو ڕستەیەش لە سورەتی حەدیدیە کە تێیدا دەفەرموویێت: (لیقوم الناس بالقسط) هەروەها لە تەواوی ئەو ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموویێت: (لقد ارسلنا رسلنا بالبینات و انزلنا معهم الکتاب و المیزان لیقوم الناس بالقسط. الی اخر الایه ٢٥ من سورة الحدید)

واتە مەبەستی کۆتایی لە ئایینێکی پابەند بە کتێب و تەرازوو بریتییە لەوەی خەڵکی وازبهێنن لە سەرەڕۆیی و دوژمنکاری و تاوانی نەگریس، دەست بگرن بە بەهاکانی حیکمەت و دادپەروەری و فەزیلەتەوە، تا ئاشتەوایی و سەقامگیری لە کۆمەڵگەکاندا بەرقەرار بێت، ئەم ڕێبازەش تاك و کۆ، گەلان و هۆزەکان، هەر هەمووان دەگرێتەوە.

بە ڕوونی ئەو ڕستە کۆمەبەستە تێماندەگەیەنێت کە لەسەر هەموو مرۆڤایەتی بە گشتی و بەبێ جیاوازی پێویستە هەندێك کردەوەی چاك ئەنجامبدەن بە شێوەیەك کە بە هۆیەوە ئاسایش و دادپەروەری نێوان تاکەکان و کۆمەڵگە چۆن چۆنی دەگاتە ئاستی ئەوەی تاکەکان تێیدا دەست بگرن بە دادوەرێتی و بە بێ زۆرلێکردنی فەرمانڕەوایان، ئەمەیان ئەرکی پەیامی ڕۆحیانەی کتێب و پەیامە عەقڵیەکەیەتی بۆ کەسی عەقڵدار واتە ئەو تەرازووەیە کە لەم ئایەتەدا ئاماژەی پێدراوە، زانراویشە مرۆڤ بریتییە لە جەستە و ڕۆح، لەگەڵ ئەوەدا ئیسلام زۆر بایەخی داوەتە جەستە لە ڕووی خاوێنی و پتەوبوونییەوە، ئەرکی یەکەمینی بریتییە

**هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئیسلام ئەوەیە پاڵپشت بێت بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان و ڕێزگرتنی بەرانبەر و ئازادی را دەربڕین و زەمانەتی ئاسایشی کەسایەتییەکان و کۆمەڵگەکان و نەتەوەکان بە پێوەری دادوەری، کە ئەمەش عورف ودابی خودایە بۆ مرۆڤ، نەک توندوتیژی و سەربڕینی کەسانی بێگوناه**

**مەبەستی کۆتایی لە ئایینێکی پابەند بە کتێب و تەرازوو بریتییە لەوەی خەڵکی وازبهێنن لە سەرەڕۆیی و دوژمنکاری و تاوانی نەگریس، دەست بگرن بە بەهاکانی حیکمەت و دادپەروەری و فەزیلەتەوە، تا ئاشتەوایی و سەقامگیری لە کۆمەڵگەکاندا بەرقەرار بێت**

لە خۆراك پێدانی رۆح بە بەهاکانی بڕواداریێتی و ئیسلامگەرایی و دەرکێشانی مەیل و ئارەزووە چڵێسەکان کە لایەنی ئاژەڵداریێتی لە مرۆڤدا زەق دەکەنەوە، هەموو مەبەستەکەش بۆ ئەوەیە مرۆڤ نزیك بخەنەوە لە وەدیهاتنی ئامانجە ئایینییەکە و خەڵکی هەستن بە پیشاندانی دادپەروەری، ئەو کاتە ئەو شتە وەدیدێت کە لە گێڕانەوەکاندا هاتووە، بەوەی خوای گەورە ئادەمی لەسەر وێنای خۆی خوڵقاندووە.

کتێبی پیرۆز لە ئایەتەکانیدا بەرنامەی ئەو خۆراکپێدانە رۆحییە پێشکەش دەکات، بەڵام تەرازوو کە رەدیفێکی بۆ قورئانی پیرۆز هێناوەتەوە، بەتایبەت لە ئایەتەکانیدا بریتییە لە کۆسوورێکی درکپێکراوی عەقڵانی و ویژدانی ناو ناخی مرۆڤ بۆ زانینی خێرو شەڕ، بە پێی ئەم ئایەتە پیرۆزە کە تێیدا دەفەرمویێت(وهدیناه النجدین) بەو شێوەیە راڤە کراوەتەوە کە تەرازوو بریتی بێت لە حیکمەت، بە واتای هەر کارێك کە راست و رەوان و چاکەکاری بێت، بە بەڵگەی ئەوەی قورئانی پیرۆز لە زۆربەی ئایەتە روونبیژییەکانیدا کتێب بە حیکمەت دەچوێنێت، بەهەرحاڵ کتێب بەگشتی واتای بایەخدان بە مەسەلە ئایینییە تایبەتمەندەکانی غەیب، بەڵام حیکمەت، یان تەرازوو بابەتەکانی بریتین لە عەقڵ.

لەم ئایەتەو ئەوانی تریشەوە روون دەبێتەوە کە ئیسلام دوو سەرچاوەی هەیە؛ یەکەمیان کتێبی پیرۆزەو دووەمیشیان ئەو حیکمەتەیە کە خوێندنەوەو فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا دەگرێتەوە بۆ میللەتەکەی خۆی، ئەوەی پێوەندیدارە بە بڕواداریییەوە، یان بە توخمە ناسراوەکانیەوە لە مەعریفەکانی کە وەحی هێناونی، ئەوانە دەدۆزرێتەوە، واتە لە توخمەکان کتێبەکەدایە، بەڵام بابەتە گۆڕانکارییەکانی ژیانزانی، ماناکانی خۆیان لە عەقڵ وەردەگرن بە پێی زانیارییە مۆڕاڵی و عورف و پەندەکان کە رێی تێدەچێت ناچیزەییانە بێنە ناو کیانی تاك و کۆوە.

لەسەر بناغەی ئەم حەقیقەتە (قوڕئان)یە، هەڵوێستی راستەقینەی ئیسلام ئەوەیە پاڵپشت بێت بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان و رێزگرتنی بەرانبەر و ئازادی را دەربڕین و زەمانەتی ئاسایشی کەسایەتییەکان و کۆمەڵگەکان و نەتەوەکان بە پێوەری دادوەری، کە ئەمەش عورف ودابی خودایە بۆ مرۆڤ، نەك توندوتیژی و سەربڕینی کەسانی بێگوناه..

ئەگەر ئامانجیش لە ئایین پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە بێت، کۆمەڵگەی دادپەروەریش بریتی بێت لە لوتکە و دوندی سەکینە و ئارامی و سەقامگیریی، لەو کۆمەڵگەیەدا دوژمنکاری و دەستبەسەراگرتنی مافەکانی ئەوانیتری تێدا حەرام بکرێت، لێبوردەیی بڵاوبێتەوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەی بۆچی ئەم فیردەوسە لە نێوان موسڵمانان نەهاتۆتەدی؟ ئەی بۆچی لە بابەت دۆزەکانی ئازادی و کرانەوە بە رووی گەلانی تردا، موسڵمانان هیچیان بە هیچ نەکردووە؟ وێڕای ئەوەی ئیسلام پێشەنگە بۆ بەرجەستەبوونەوەی رێبازی یەکترناسین لە نێوان گەلان و بەزەییهاتنەوە بە یەکتردا و دوورخستنەوەی رق و کینە.

بە پوختی دەڵێین: ئایین، یان یاسا جیاوازن، هەر بۆیە جێبەجێکردنی ئایین شتێکی ترە، ئایین فرمانێکی خواوەندە، جێبەجێکردن فرمانێکی مرۆییە، خوای گەورە وای هێناوە کە مرۆڤ ئازادە لەوەی دەیەوێت و هەڵیدەبژێرێت (فمن شاء فلیوءمن و من شاه فلیکفر) ئەرکی ئایین هاریکاریکردنی مرۆڤە لە زاڵبوون بەسەر ئارەزووە چڵێسەکانیدا، نەك زاڵبوونی بەسەر ئەوانی تردا، لە ژینگەی گونجاودا مرۆڤ دەکەوێتە بەر باری فەرامۆشکردنی ئایین، ئەویش بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی.

مادام مێژوو لە کردەوەی مرۆڤە و سروشتی ئەویشمان زانیوە، مێژووی موسڵمانان دەوڵەمەندە هەر وەك مێژووی ئەوانی تریش کە دەوڵەمەندن بە دەستدرێژیکردنە سەر ئازادییەکانی ئەوانی تر کە بە هیچ کلۆجێك ئەمە دەربڕی راستەقینەی ئایین نییە، ئەوەی ریسواییەکان ببینێت بۆی دەردەکەوێت کە هەرچی پێشێلکاری هەیە کە لە حەقی بەنیادەم و کیژ و کوڕانی دەکرێت و توندڕەوان بە ناوی ئایینەوە دەیکەن، ناکۆکە لەگەڵ ئایینی ئیسلام، بەڵکو ئەوە لاساییکردنەوەی لایەنی ساختەیی مێژووی موسڵمانانە و هیچ پێوەندییەکی بە ئایینی خواوە نییە، ئایینێکە لەسەر بناغەی پێوەری دادپەروەری دارێژراوەتەوە، ئەمەندە بەسە بۆ ئاشکراکردنی توندڕەوان و ناساندنیان، کە بە لامانەوە گرنگە جەختی لەسەر بکەینەوە، لە ژێر رۆشنایی حەقیقەتەکانی قوڕئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری دەستپاك (د.خ) کە بە هۆیانەوە دەسەلمێندرێت کە ئایینی ئیسلام ئایینی ئاشتییە، نەك ئایینی توندوتیژی، ئایینێکە بانگەواز دەکات بۆ حیکمەت و بۆ کاری چاکە، ئایینی یەکترناسینە لە نێوان خەڵکی و نەتەوە و میللەتاندا، نەك ئایینی رق و کینە و رەتکردنەوەی ئەوانی تر (واللە یدعو الی دار السلام).

---

*** سەرۆکی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی**



### پڕۆفیسۆر ڕۆس ڕۆدید توێژەر لە سەنتەری ترۆمان بۆ گوڵان:

# دەبێت خۆتان شەڕی بە جینۆساید ناساندنی کارەساتی کوردانی ئێزیدی بکەن

**پڕۆفیسۆر ڕۆس ڕۆدید توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای هاری ترۆمان بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سەر مێژووی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها ئافرەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەفتارەکانی تیرۆریستانی داعش بەرامبەر بە کچان و ژنانی کوردانی ئێزیدی، ئەو خاتوونە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

«من بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە لە بارەی پرسی ئافرەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە دەنووسم و نووسینەکانیشم بڵاودەکەمەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەوەندەی من دەیزانم لە بارەی ئیسلامەوە، ڕێگە نادات خەڵك بکوژن و دەستدرێژییان بکەنەسەر، یان هەتك (اغتصاب)یان بکەن، بەپێی شەریعەتی ئیسلامی کوشتن و دەستدرێژی کردنەسەر ئافرەتان کارێکی ناشەرعییە، هەروەها زۆربەی ئەو موسڵمانانەی من دەیانناسم داعش بە ئیسلامی نازانن و تەنانەت دژی ئەوەشن کە ئەوان خۆیان بە ئیسلامی بناسێنن و دەڵێن ئەوەی ئەوان دەیکەن، پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە. ڕاستە تیرۆریستانی داعش ئەو کارە دڕندانەیان دژی کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی ئەنجامداوە، بەڵام ئەوەی ئەوان دەیکەن، شتێکی شەرعی نییە و پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە. لە ئیسلامدا ڕێگە بە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان نەدراوە، لە قورئاندا هاتووە پیاو دەتوانێت هاوسەرەکەی خۆی پەروەردە بکات، وەك ئەوەی لەگەڵ کوڕەکەی دەیکات، بەڵام نەك توندوتیژی جەستەیی بەکار بهێنێت لە دژی، بەڵام ئێمە دەزانین کە پیاو ناتوانێت لە هاوسەرەکەی بدات، لەبەر ئەوەی خەڵکی دەتوانێت لە دادگا سکاڵا بکات و دادگاش رایدەگەیەنێت کە ناتوانێت لە هاوسەرەکەی بدات و ناکرێت شوێنی لێدان لەسەر جەستەی جێبهێڵێت و ناکرێت پیاو هەر کاتێك تووڕە بێت، لە هاوسەرەکەی خۆی بدات، بەڵکو دەتوانێت پەروەردەی بکات، ئەمە خاڵی یەکەم. خاڵی دووەم ئەوەی پێی دەگوترێت کوشتن لەسەر شەرەف، ئەوا ئەمە کارێکی ئیسلامی نییە، من ناڵێم نەکراوە، ئەم کارە کراوە، بەڵام لە ئیسلامەوە سەرچاوەی نەگرتووە، ئافرەت ناکوژرێت بە بێ پەنابردن بۆ دادگا و گرتنەبەری ڕێکاری گونجاو، تەنها لەبەر ئەوەی پێتوایە کارێکی کردووە بە دڵی تۆ نەبووە، سەبارەت بە پرسی بە جینۆساید ناساندنی ئەو کۆمەڵکوژییە و ڕفاندن و بە کۆیلەکردنی کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی، من لە ئەزموونی خۆمەوە وەك نەتەوەیەك کە ئەو کارەساتەمان پێشتر بەسەردا هاتووە باسی دەکەم، من کەسێکی جوولەکەم و جوولەکەکانیش ئەزموونی (هۆلۆکۆست)یان هەیە و دەزانن جیهان دەتوانێت سەبارەت بە جینۆساید چی بکات و چ کاتێك ئەو کارە بکات. بۆیە پێتان دەڵێم: پشت بە جیهان مەبەستن، دەبێت ئەوەتان پێ بڵێم، وەك ئێمە دەبێت خۆتان شەڕەکە بکەن و جیهانیش پشتیوانیتان دەکات. پێموایە هەندێ لێکچوون هەیە لە بارودۆخەکەدا و جیهانیش ئەوە دەکات کە لە بەرژەوەندی خۆیدایە. کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە کورد هەیە، ئەوان زمانی خۆیان و کەلتووری خۆیان هەیە و ئەوەی نییانە تەنها دەوڵەتە. من تەواو سەرسامم بەوەی کوردەکان چەند بە حەزەرن و ئێوە دەستکەوتی زۆرتان بەدەستهێناوە و ناتانەوێت لەدەستی بدەن.



ساموێڵ تووتن
ئەندامی ئەنجومەنی ئامۆژگای جینۆساید و هۆلۆکۆست بۆ گوڵان:

# تاوانەکانی داعش دژی کوردانی ئێزیدی هەموو ئەو بڕگانەی تێپەڕاندووە کە پێناسەی جینۆساید دەکەن

**پرۆفیسۆر سامۆیل تووتن ئوستادی زانکۆی ئەرکەناسە و ئەندامی (ئەنجومەنی ئامۆژگای جینۆساید و هۆلۆکۆست)ـە و توێژینەوەکانی تایبەتن لە سەر خوێندنی جینۆساید و کارەساتی هۆلۆکۆست، تیۆری جینۆساید، پۆست جینۆساید لە رواندا و جینۆسایدی دارفۆر، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو تاوانەی داعش لە دژی کوردانی ئێزیدی و مەسیحییەکان و تەواوی ئەو خەڵکانەی لە کوردستان رووبەڕووی بوونەوە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** سەرەڕای هەموو کردەوە دڵڕەقەکانیان، رێکخراوی تیرۆریستی داعش تاوانی بە کۆیلەکردن و بازرگانیکردن بە ئافرەتانیان ئەنجامداوە، ئەم تاوانانەشیان لە عێراق و سووریا دژ بە ئێزیدییەکان کردووە، لە هەمان کاتدا چەکدارانی بۆکۆ حەرام هەمان کاریان لە ئەفریقیا کردووە، بە بۆچونی ئێوە ئایا چ ناوێك لەم کارە دڕندانە دەنرێت و لە رووی یاساییەوە و چۆن دەتوانین رووبەڕوویان ببینەوە؟**

- لە پەیوەندی بە کردەوەکانی داعشەوە، ئەوا دەستەواژەی دروست، لە سایەی یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ بەکۆیلەکردن و بازرگانیکردن بە مێینەوە (نەك تەنها ئافرەتان بەڵکو بە کچانیشەوە) بریتیە لە تاوانەکانی شەڕ. ئەوە راستە، ئەو تاوانانەی لە سایەی «تاوانەکانی شەڕ»دا پۆلێن دەکرێن، بریتین لە، بۆ نموونە: بە بارمتەگرتن، ئاراستەکردنی بەئەنقەستی هێرشەکان دژی خەڵکانی مەدەنی، دەستدرێژیکردن (اغتصاب)، هەڵسوکەوتی دڵڕەقانە، ئەشکەنجە، بە کۆیلەکردنی جنسی، سکپڕکردنی بە زۆر، یاخود هەر شێوەیەکی دیکەی توندوتیژیی جنسی. لەوەش زیاتر، هەڕەشەی بەردەوام کە مێینەکان رووبەڕووی مامەڵەی خراپ ببنەوە، بە هەمان شێوە و شێواز نموونەیەکی روونی تیرۆریزم پێکدەهێنێت. لە پەیوەندی بە هێرشەکانی سەرەتای دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دژی ئێزیدییەکان، هەروەها ئەوانە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بوون، بەڵام واپێدەچوو وەك ئەوەی نیازی ئەنجامدانی جینۆسایدیان لەخۆ گرتبێت، یاخود بەلای کەمەوە، جینۆساید بوون لە رێی ئیستنزافەوە. هەروەها دەبێت ئەوە بوترێت کە ئەگەر نیازی ئەوە هەبێت لە لایەن ئەنجامدەرانەوە کە تەواوی، یان بەشێکی گرووپێکی نەتەوەیی، ئیتنی، ئایینی یاخود نەژادی لە ناو ببردرێت، ئەوە جینۆسایدە، بە گوێرەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان جینۆساید بە مانای ئەم کردەوانەی خوارەوە دێت کە بەنیازی لە ناوبردنی تێکڕا، یان بەشێکی گرووپێکی نەتەوەیی، ئیتنی، نەژادی، یان ئایینی ئەنجام بدرێن:

- زیان پێگەیاندنێکی مەترسیداری جەستەیی، یاخود هزری بە ئەندامانی گرووپەکە.
- سەپاندنی بەئەنقەستی هەلومەرجێکی ژیان بەسەر گرووپەکەدا کە مەبەست لێی تێکشکاندنی فیزیکی تێکڕا، یان بەشێکی گرووپەکە بێت.
- سەپاندنی رێکارگەلێك کە ئامانج لێی رێگەگرتن لە منداڵبوون لە نێو گرووپەکەدا بێت.
- بەزۆر گواستنەوەی منداڵان لە گرووپەکەوە بۆ نێو گرووپێکی دیکە.

هەموو ئەوانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا پەیوەندییان بە کردەوەکانی داعشەوە هەیە، بەڵام چۆن رووبەڕووی ئەمە ببینەوە؟ سەرەتا و پێش هەر شتێك، دەبێت بە تەواوەتی هەردوو گرووپەکە ( داعش و بۆکۆ حەرام) تێکبشکێندرێن. چونکە هەردووکیان هەڕەشەیەکی روون و ساتەوەختەن لەسەر کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی و شارستانییەت. رێگەدان بە هەر یەکێکیان بۆ ئەوەی بوونیان هەبێت و پێشێلکاری گەورەی مافی مرۆڤ بکەن و تاوانکاری ئەنجام بدەن، هیچ مانایەکی نییە. بۆیە بەلای کەمەوە پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکی سەپاندنی ئاشتی جێبەجێ بکات، کە بە روونی و بە توندی ئەرکەکانیان لە سایەی چاپتەری حەوتدا دیاری کرابێت، دواتر بە شێوەیەك ئامادە بکرێت کە لە رووی ژمارە و چەك و سەرچاوەوە کەموکوڕییان نەبێت.

*** ئەو کچانەی لەلایەن تیرۆریستانەوە فرۆشران، بە مرۆڤ دانانرێن و دەستدرێژییان دەکرێتەسەر، ئایا ئەم تاوانانە سووکایەتی بە کەرامەتی مرۆڤ نین کە قوربانییەکانی لە مردن بە ئازارتری دەزانن؟**

- من شەخسی خۆم، وابیر دەکەمەوە و باوەڕم وایە و وا هەست دەکەم کە تاوانگەلێکی کەم هەن هێندەی دەستدرێژیکردن (اغتصاب) مەترسیدار بن. نەك تەنها دەستدرێژی کارێکی شەڕانییەت و توندوتیژ و مەترسیدارە، بەڵکو تاوانێکی گەورە و کردەوەیەکە کە قوربانییەکە بە درێژایی ژیانی لە هزر و رۆحیدا دەمێنیتەوە. لەم رووەوە، دەستدرێژی ئەگەری ئەوەی هەیە، رۆحی قوربانییەکە تێکبشکێنێت، چونکە تێکشکانێکی سایکۆلۆژی هەمیشەیی دروست دەکات و وا دەکات مێینەکە لە سێبەری کەسایەتی پێشووی خۆیدا بژییێت. بە دەربڕینێکی دیکە، لەو رۆژە بە دواوە

**ناچارکردنی مەسیحییەکان، وەک گرووپێک بۆ ئەوەی ببنە موسڵمان واتە کەیسێکی روونی تێکشکاندنی گرووپێکی ئایینی کە تاوانی جینۆساید پێکدەهێنێت**

**تاوانگەلێکی کەم هەن هێندەی دەستدرێژیکردن (اغتصاب) مەترسیدار بن. نەک تەنها دەستدرێژی کارێکی شەڕانییەت و توندوتیژ و مەترسیدارە، بەڵکو تاوانێکی گەورە و کردەوەیەکە کە قوربانییەکە بە درێژایی ژیانی لە هزر و رۆحیدا دەمێنێتەوە**



**پێش هەر شتێک، دەبێت بە تەواوەتی هەردوو گرووپەکە (داعش و بۆکۆ حەرام) تێکبشکێندرێن. چونکە هەردووکیان هەڕەشەیەکی روون و ساتەوەختەن لەسەر کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی و شارستانییەت**

**ئەگەر نیازی ئەوە هەبێت لەلایەن ئەنجامدەرانەوە کە تەواوی، یان بەشێکی گرووپێکی نەتەوەیی، ئیتنی، ئایینی یاخود نەژادی لە ناو ببردرێت، ئەوە جینۆسایدە**

رەنگرێژی هەموو شتێکی ژیانی ئەو ئافرەتە دەکات. دەستدرێژی لە مانا راستەقینەکەیدا بەرجەستەکەری کەیسە تەقلیدییەکەی «مەرگ لە ژیان»ـە، کە زۆربەی قوربانییەکان هەست دەکەن لە ناوەوەڕا مردوون.


*** ئەو تاوانە مرۆییانەی داعش ئەنجامی داون، هێشتا بە رەسمی و لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی جەنگ لە دژی مرۆڤایەتی ئیدانە نەکراون، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم کوشتارەی ئێزیدییەکان و ئەم جینۆسایدە کەلتوورییە بهێندرێتە بەر ئەو دادگایە؟**

-باوەڕم وایە کە پێویستە ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (رێکخراوە نێودەوڵەتییە سەرەکییەکانی مافەکانی مرۆڤ، گرووپە گەورەکانی ئافرەتان، رێکخراوە گەورەکانی ئاشتی و ئەو حکومەتانەی کە واژۆی لەسەر دەکەن) داوا لە سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەگان، راوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، بۆ ئەوەی داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بکەن ئەم پرسە رەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکات.

*** ئێستا نزیکەی ملیۆنێك و ٥٠٠ هەزار ئاوارە لە هەرێمی کوردستاندا هەن، هەروەها بەپێی ئاماری رێکخراوەی UNHCR، بە ملیۆنەها ئاوارە و پەنابەری عێراقی هەن، بەڵام ئەوەی سەرنج دەدرێت، ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك پێویست یارمەتیدەر نەبووە، ئایا هۆکارەکەی ئەوەیە توانای ئەم کارەی نییە، یاخود ئایدیۆلۆژیای بیرۆکراتی وای لێدەکات لە ئاستی پێویستدا نەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی توانای ئەوەی هەیە یارمەتی پێویست دەستەبەر بکات. من باوەڕم وایە هۆکاری شکستەکەی لەم رووەوە بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە: لەوانە: سیاسەتی واقیعی، نەبوونی ئیرادەی سیاسی (بەلای کەمەوە لەم ساتەوەختەدا) و پێکهاتەی






بێژەنتی بیرۆکراسییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

*** لە پارێزگای دهۆکدا ئاوارەکان لە نزیکەی ٥١٦ قوتابخانەدا نیشتەجێ بوون، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە ٢٠٠ هەزار منداڵ لە خوێندن بێبەش کراون، ئەمە سەرەڕای منداڵی ئاوارەکان، واتە نە منداڵی پارێزگاکە و نە منداڵی ئاوارەکان بەهرەمەند نابن لە پرۆسەی خوێندن، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە چ کارەساتێك بۆ نەتەوەکە دروست دەکات؟**

- بەڕاستی پێموایە وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرایە: بەلای کەمەوە، ئەگەری ئەوە هەیە بارودۆخەکە نەتەوەکە لاواز بکات و بگرە خراپتریش بۆی هەیە ببێتە هۆی تێکشکاندنی لایەنگەلێکی سەرەکیی نەتەوەکە و ئایندەی خەڵکەکەی، لەوانە: نەبوونی کاری سەربەرزانە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی وەك پێویست ماڵ و حاڵ بۆ خێزانەکان دەستەبەر نەکرێت، نەبوونی خۆراکی پێویست بۆ خێزانەکان، ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان، ئەگەری زیادبوونی ڕێژەی تاوان)، هەموو ئەمانە وێرانکاری دروست دەکەن لە تەندروستبوونی نەتەوەکەدا.

*** ناچارکردنی مەسیحی و ئێزیدییەکان بە گۆڕینی ئایینی خۆیان، دەچێتە خانەی چ تاوانێکەوە و چۆن دەکرێت قەربووی ئەو قوربانییانە بکرێتەوە؟**

- ناچارکردنی مەسیحییەکان، وەك گرووپێك بۆ ئەوەی ببنە موسڵمان واتە کەیسێکی ڕوونی تێکشکاندنی گرووپێکی ئایینی کە تاوانی جینۆساید پێکدەهێنێت. پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگەگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید، بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە جینۆساید بە مانای ئەو کردەوانە دێت کە بە نیازی لە ناوبردنی تێکڕا، یان بەشێکی گرووپێکی نەتەوەیی، ئیتنی، نەژادی، یان ئاینی ئەنجام بدرێن. لایەنی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئەو کردەوانە ئاراستەی گرووپێکی دیاریکراو کرابێت، نەك تەنها تاکە کەسەکان.

# UN بودجەی نییە و عێراقیش وەکو وڵاتێکی دراوسێ مامەڵە لەگەڵ ملیۆن و نیوێک ئاوارە لە هەرێمی کوردستان دەکات



قەیرانی دارایی un هەزارەها خێزانی ئاوارە لەهەرێمی کوردستان دەخاتە بەر مەترسی و خراپبوونی زیاتری رەوشی ژیانیان.

ئاوارەیەکی کەمپی بەحرکە: حکومەتی عێراق نەک تەنیا بەئەرکی خۆی هەڵنەساوە بەڵکو لەرووی مرۆڤایەتیشەوە هاووڵاتیانی خۆی لەناو کەمپەکانی هەرێمی کوردستان فەرامۆش کردووە

دوای ئەوەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان رایگەیاند کە رووبەڕووی گیروگرفتێکی دارایی توند بووەتەوەو کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی کۆمەك و هاوکارییەکانی بۆ ئاوارەکانی سووریاو عێراق دەبێت؛ وا چاوەڕوان دەکرێت رەوشی مرۆیی زیاتر لە ملیۆن و نیوێك ئاوارەو پەناهەندە لە هەرێمی کوردستان بەرەو خراپی بچێت، ئەمەش بۆ یەکەمینجارە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەیارمەتیدانی کارەساتێکی وا مرۆیی گەورەدا دەستەوەستان بوەستێت، لە کاتێکدا ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە کە لەهەرێمی کوردستان بەسەر زیاتر لە ٢٩ کەمپدا دابەشبوون لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان و سەرماو باراندا رووبەڕووی کارەساتێکی مرۆیی گەورە بوونەتەوەو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش سەرەڕای ئەوەی هاوکاری و یارمەتیەکی زۆری داون بەڵام لەبەر نەبوونی سیولەی نەختینەیی و قەیرانی دارایی بارگرانیەکی زۆری بۆ دروست بووەو لەتوانایدا نییە ئەو هەموو پێداویستی و خزمەتگوزارییانە دابین بکات کە تادێت روو لە هەڵکشان دەکات بە رادەیەك لە پارێزگایەکی وەکو دهۆك زیاتر لە ٨٠٠ هەزار ئاوارە هەیەو بەسەر ٢٤ کەمپ و سەدان بینایەی حکومی و هۆڵی ئاینی و باڵەخانەی تەواونەکراوو دوکاندا دابەش بوون، کە بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەرپرسانی ئاوارەکانەوە لەو سنوورە بەدەستمان گەیشتووە تەنیا لەبواری تەندروستیدا خەرجیەکانی ئەو پارێزگایە بە رێژەی لە ٥٠٪ زیادیکردووە، ئەمە جگە لەوەی دابینکردنی خزمەتگوزاری کارەبا بۆ ئەو ژمارەیەی لەو پارێزگایەدا نیشتەجێکراون پێویستیمان بە ١١٣ مێگاوات کارەبای زیادە هەیە کە تێچوونی ساڵانەی دەگاتە ٢٠٠ ملیار دینار، لەسەرجەم سێکتەرەکانی تری شارەوانی و پەروەردەش بەهەمان شێوە خەرجیەکان روو لەهەڵکشانە. لەم رەوشەدا ئاوارەکان مەترسی ئەوەیان هەیە کە سەرەڕای خراپی بارودۆخی بژێوی ژیان و زەحمەتی ژیانی ژێر چادر بڕانی هاوکارییە مرۆییەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەرنەبوونی بودجە رەوشەکەیان خراپتر بکات، ئەمە لەکاتێکدا هەموو داتاو زانیاریەکانی ناو کەمپەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە تادێت ژمارەی ئاوارەو پەناهەندەکان روو لەزیادبوون دەکات، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ کەمتەرخەمی حکومەتی عێراق کە وەکو وڵاتێکی دراوسێ مامەڵە لەگەڵ ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆری ئەو ئاوارانە دانیشتووی ناوچەکانی



ژێردەسەڵاتی حکومەتی ناوەندین لە پارێزگاکانی موسڵ و سەلاحەدین و دیالەو رومادی و کەرکوك هەڵهاتوون و روویان لەهەرێمی کوردستان کردووە. نەمانی بودجەو دەرکەوتنی گیروگرفتی دارایی نەتەوە یەکگرتووەکان کاریگەری توند لەسەر ئاژانسەکانی مرۆیی ئەو رێکخراوە دروست دەکات. بەمشێوەیە مەلەفی ئاوارەو پەناهەندەکان لە هەرێمی کوردستان کە بارگرانیەکی زۆری خستۆتە سەر هەرێمەکەو(UN)یش بەهۆی گیروگرفتی داراییەوە لەمەودوا بە ئەرکی سەرشانی خۆی ناتوانێت هەڵسێت و واقیعێکی وا دروست دەکات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەهاناوە چوونی زۆرترین لێقەوماو و دەربەدەری دەستی داعش کەمتەرخەم دەبێت .

**● ئاوارەکانی کەمپەکان لەکەمبوونەوەی یارمەتیەکانی un و عێراق نیگەرانن**

لە میانەی سەردانی تیمی گۆڤاری گوڵان بۆ کەمپەکانی (بەحرکە و دارەشەکران و هەر شەم یەك و دۆمێز) کە ئاوارەکانی کوردانی رۆژئاواو کۆبانێ و ئێزیدی و شەبەکمان بەسەر کردەوە؛ لەنزیکەوە لەسەر زاری ئاوارەکان گوێبیستی خراپی بارودۆخەکە و نیگەرانی هەواڵەکەی un بوون، کە لەئاکامی هاتنی وەرزی زستان و کەمبوونەوەی هاوکاری و کۆمەکەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بارودۆخی ژیانیان لەژێر چادرەکان دژوارتر بووە. ئاوارەکان گلەیی و رەخنەیان لە پەراوێزخستنیان لەلایەن حکومەتی مەرکەزی عێراق و ئاژانسە مرۆییە نێودەوڵەتیەکان هەبوو لەکاتێکدا لەم وەرزەی سەرماو سۆڵ و بارانەدا ژیان لەناو چادر زۆر زەحمەتە. لە کەمپی دارەشەکران ئاوارەکان کە لەکوردانی رۆژئاوا پێکهاتوون گلەیی و رەخنەی زۆریان لە خراپی چادرەکان و کەمی خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەباو ئاوەڕۆ و نەبوونی شوێنی خۆشوشتن و کەمی WC و چەندین پێداویستی دیکە هەبوو بەتایبەتی ئەو ئاوارانەی کۆبانێ کە دوای ماندووبوون و لەبارودۆخێکی دژواردا لەم ماوەیەدا گەیشتبوونە کەمپەکە. نەبوون و کەمی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان وێڕای ئەوەی ژیانی ئاوارەکانی سەختتر کردووە بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتای ترسناکیش. ئیبراهیم محەمەد کە خەڵکی رۆژئاوای کوردستانە بۆ گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخافتن و باسی لە قوڕ و لیتەی ناو کەمپەکە و خراپی خزمەتگوزارییەکان و ئەگەری راگرتنی هاوکاری و کۆمەکەکانی unکرد وتی: (بڵاوبوونەوەی

**بۆ یەکەمین جارە ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەپێی پێویست بەدەنگ زیاتر لە ملیۆن و نیوێک لێقەوماوو دەربەدەر نەچێت**

**ئاوارەیەکی دارەشەکران:**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەر خێزانێک بڕی ٦٠ لیتر نەوت دابەش دەکات، بەڵام ئەم بڕە نەوتە زۆر کەمە، چونکە ژیانی ژێر چادرەکان زۆر ساردو نسرمە**

**کوردێکی کۆبانێ:**
**لەکاتی بارانباریندا ئاو دێتە ژێر چادرەکان و پێخەف و شوێنی نیشتەجێبوونمان دەکەوێتە ژێر ئاو**

**خراپی ڕەوشی ژیان و کەمی خزمەتگوزارییەکان و سەرماو سۆڵەی زستان بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی درم و ترسناک، لەوانە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی پێست و حەساسیەت و سکچوون و ڕشانەوە**

هەواڵی قەیرانی دارایی ڕێکخراوی UN نیگەرانی کردوین ناکرێت مرۆڤایەتی لەبەرامبەر گەورەترین کارەساتی مرۆیی دا دەستەوەستان بوەستێت بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان و قوڕ و لیتەی ناو کەمپەکان کە ئەوەندەی تری ژیانمانی سەخت و دژوار کردووە)، ئەم کوردەی ڕۆژئاوا داوای لە خێرخوازان کرد جلوبەرگ و شیرو دایبی منداڵ و بەتانی و کومباریان بۆ بهێنن، چونکە لەسەرەتای ئاوارەبوونی کوردانی ڕۆژئاوادا بەهاناچوونی خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێم بەرادەیەکی باش فریای لێقەوماوەکان هات. لەهەمان کەمپی دارەشەکران ئاوارەیەکی تر بەناوی فەرحان یونس داوای لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە بەشێوەیەکی باشتر ئەو ڕەوشە خراپەی پەنابەران بۆ ڕێکخراوی UN و کۆمەلگەی نێودەوڵەتی بگوازێتەوە تاوەکو لەرێگای دامودەزگاکانیەوە یارمەتی و کۆمەکی زیاتریان بکرێت بەتایبەتی لەدابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی حەمام و تەوالێت بۆ سەرجەم چادرەکان کە ئێستا ئەوان بەناچاری حەمام و توالێتی چادرەکانی دیکە بەکار دەهێنن. محەمەد خالید کە خەڵکی کۆبانێ بوو وتی: (لەم وەرزەدا زۆر پێویستیمان بە شوێنی نیشتەجێبوونی باش و سوتەمەنی بۆ خۆگەرمکردنەوە هەیە، ئێمە سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بۆ هەر خێزانێك بڕی ٦٠ لیتر نەوت دابەش دەکەن بەڵام لە نەبوونی کارەبای پێویست بۆ خۆگەرمکردنەوە ئەم بڕە نەوتە زۆر کەمە بەتایبەتی کە شوێنی کەمپەکەمان زۆر ساردو نسرمە) ئەم کوردەی ڕۆژئاوا باسی لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەناو منداڵانی کەمپەکە کردوو پێی وابوو خراپی ڕەوشی ژیان و کەمی خزمەتگوزارییەکان و سەرماو سۆڵەی زستان بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی درم و ترسناك لەوانە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بێست و حەساسیەت و سکچوون و ڕژانەوە کە ئەرکی ئاژانسە پەیوەندارەکانی UNیە بەهانای منداڵەکانیانەوە بچن و ڕێگا نەدەن نەخۆشی و پەتای مەترسیدار بڵاوبێتەوە ژمارەیەکی دیکەی ئاوارە هەر لەهەمان کەمپی دارەشەکران داوای باشکردنی بنکە تەندروستیەکەیان و دابینکردنی پزیشکی ئافرەتانیان کرد. ژمارەیەکیش لەقوتابییەکان داوای دابینکردنی کتێب کرد کە لەم ڕووەوە کەموکورتیەکی بەرچاو هەبوو. هەر لە کەمپی دارەشەکران حەسەن یوسف کە ئەویش کوردی کۆبانێ بوو خۆی و خێزانەکەی لەچەند ڕۆژی رابردوو لەتورکیاوە هاتوونەتە ئەم کەمپە وتی: (لەکاتی بارانباریندا ئاو دێتە ژێر چادرەکان و پێخەف و شوێنی نیشتەجێبوونمان دەکەوێتە ژێر ئاو؛ داواکارین لە UN و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوکاری و یارمەتیمان بۆ بنێرن و لەمەترسیەکانی سەرماو سۆڵەی زستان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ڕزگارمان بکەن).

## ● بەهۆی قەیرانی دارایی ناو ڕێکخراوی unەوە ئاستی هاوکاری و یارمەتیەکانی ئاوارە ڕوو لەکەمی دەکات

ئاوارەو پەنابەرەکان کە لەدەست داعش و لەگەرمای هاوین و بێئاوی و بێخواردن دەربازیان بوو، بەڵام ئێستاکە لەبەر مەترسی سەرماو سۆڵەی زستاندان؛ سەعد عەلی لەناو کەمپی بەحرکە باسی لەکەمکردنەوەی هاوکاری و یارمەتیەکانی UN و حکومەتی عێراق کردوو پێی وابوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاستی هاوکاری و یارمەتیەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕوو لە کەمی دەکات لەکاتێکدا کە حکومەتی عێراق بە هیچ شێوەیەك هاوکاری نەکردوون. بەمشێوەیە حکومەتی عێراق بەهیچ شێوەیەك هاوکاری و یارمەتی ئاوارەکان ناکات لەکاتێکدا زۆر لەو هاووڵاتیانەی لەم کەمپی هەرشەم یەك و بەحرکەن لە کوردی شەبەك و عەرەبی سوننەن کە لە شاری موسڵ و دەشتی نەینەوا هەڵهاتوون کە لەدۆخێکی زۆر خراپدان و چاوەڕێی ئاوڕلێدانەوەی زیاترن هیچ نەبێت خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانیان بۆ دابین بکرێت؛ لەمبارەیەوە هاووڵاتیەکی تری ئاوارە بەناوی عیسا عەبدولڕەحمان وتی: (حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەردەوام لەهەوڵی کەمکردنەوەی کەموکورتیەکانی ناو کەمپەکاندایە بەپێچەوانەی حکومەتی ناوەندی بەغداوە کە بەئاشکرا هاووڵاتیانی ناو کەمپەکانی کوردستان فەرامۆشکردووە، لەو هەواڵانەش نیگەرانین کە نەتەوەیەکگرتووەکان بەهۆی قەیرانی داراییەوە ناتوانێت کۆمەك و هاوکاریمان بکات)، هەروەها هاووڵاتیەکی تر بەناوی عەبدولڕەحمان محەمەد سەبارەت بەپەراوێزخستنیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وتی: (حکومەتی ناوەندی عێراق بەهیچ شێوەیەك هاوکاری و یارمەتی نەکردوین لەمەشدا مێژوو ئەو پەراوێزخستنەی بەغدا تۆمار دەکات کە حکومەتی عێراق نەك تەنیا گەمارۆی ئابووری بەسەر هەرێمی کوردستان سەپاندووە بەڵکو لەڕووی مرۆڤایەتیشەوە هاووڵاتیانی خۆی لەناو کەمپەکانی هەرێمی کوردستان فەرامۆشکردووە). وتەکانی ئەم هاووڵاتیە لەلایەن ژمارەیەکی زۆری دیکەی ئاوارەکانەوە پشتڕاست کرایەوە ئەوانیش حکومەتەکەی عێراق و UN یان لەبەرامبەر پرسی ئاوارەکان بەکەمتەرخەم دانا.

لەمیانەی بەسەرکردنەوەی کەمپەکان ئیسماعیل محەمەد یاریدەدەری بەرپرسی کەمپەکانی سنووری پارێزگای دهۆك لەلێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان وتی: (تا دێت ژمارەی ئاوارەو پەناهەندەکان لەپارێزگای دهۆك ڕوو لەزیادبوون دەکات بەرادەیەك ئێستاکە زیاتر لە ٨٠٠ هەزار کەس لەکەمپەکانی ئەم پارێزگایە نیشتەجێکراون، ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە گەر بەراورد بکرێت بە ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای دهۆك، ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارە بارگرانیەکی زۆری بۆ دامودەزگا خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای دهۆك دروست کردووە، بۆ نموونە دابینکردنی کارەبا بۆ ئەم ژمارە زۆرەی پەناهەندە لەسنووری پارێزگای دهۆك پێویستی بە ١١٣ مێگاوات




کارەبایە کە لەماوەی تەنیا یەك ساڵدا زیاتر لە ٢٠٠ ملیار دینار بۆ بەرهەمهێنانی ئەم بڕە پارەیە خەرج دەکرێت، هەروەها پێداویستی و خەرجیەکانی کەرتی تەندروستی لەسنووری پارێزگای دهۆك بە رێژەی لە ٥٠٪ زیادیکردووە . لەرووی خزمەتگوزارییەکانی تری شارەوانی و ئاوو ئاوەڕۆ پەروەردەشەوە سەرەرای ئەوەی زیانی گەورە بەر ئەم سێکتەرانە کەوتوون و زۆر لەو قوتابخانانەی ئاوارەکانمان تێدا نیشتەجێکردبوو زیانیان بەرکەوتووە، بەرادەیەك سەدان قوتابخانە لەسنووری پارێزگای دهۆك پێویستی بەنۆژەنکردنەوە هەیە، هاوکات دابینکردنی مامۆستاو کتێب و پێداویستیەکانی خوێندنیش بۆ ئەو ژمارە زۆرەی قوتابی خەرجیەکی رادەبەدەری پێویستە.

سەبارەت بەکۆمەك و هاوکارییەکانی حکومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکانیش یاریدەدەری بەرپرسی کەمپەکانی سنووری پارێزگای دهۆك وتی: ( لەسەرەتای هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکان داوا لە UN و دامودەزگا پێوەندارەکانی عێراق کراوە کە تەواویی کەمپەکانی ئاوارە لەسنووری هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە پارێزگای دهۆك پێویستی بە یارمەتی و کۆمەك هەیە بەڵام عێراق کە گەمارۆی ئابووری لەسەر هەرێمی کوردستان داناوە بگرە ئامادەنەبوو یارمەتی و کۆمەکی ئەو خەڵکانەش بکات کە لەژێر دەسەڵاتی ناوچەکانی ئەودا دەربەدەر بوون، هاوکاری و کۆمەکەکانی عێراق تەنیا ١٠٢ ملیار دینار بووە کە بەراورد بە مەلەفی ئاوارە ئەو بڕە کۆمەکە زۆر کەمەو پێویستە زیاتر بێت. ئەوەی گرفتەکەی زیاتر ئاڵۆزکردووە کەوتنەوەی قەیرانی دارایی و نەمانی بودجەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان UN ە کە ئەو وڵاتانەی هاوکاریی و کۆمەکی دارایی ئەم رێکخراوە دەکەن بەپێی پێویست بەئەرکی سەرشانیان هەڵنەساون هەربۆیە دەنگۆی ئەو بڵاوبووەتەوە کە چیتر ئەو رێکخراوە لەتوانایدا نییە بەهانای ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە بچێت کە بەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق و تورکیاو لوبنان دابەش بوون. رێکخراوە ناوخۆییەکانی کوردستانیش گەرچی بەردەوامن لەسەر هاوکاری و یارمەتیەکانیان بەتایبەتی هەردوو رێکخراوی (بارزانی و روانگە) بەڵام وەکو ئاماژەم پێدا زۆری ژمارەی ئاوارەو کەمپەکانیان و فراوانی پێداویستی و بەرزبوونەوەی خەرجیەکانیان بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان و سەرماو باران بارگرانیەکی زۆری لەسەر هەرێمی کوردستان دروست کردووە تەنانەت زۆربەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچاربوون لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی پارێزگاکەوە فەرمانگەی تایبەت بۆ بەڕێوەچوونی کاری کەمپەکان دابنێن و تیم و کادیری خزمەتگوزاری و تەندروستی و پەروەردەییان بۆ کەمپەکان دابین کردووە .